دێموکراسی بۆ ئێران خودموختاری بۆ کوردستان

# کوردستان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

٥ی خەرمانانی ١٣٨١ | ٦ی سیپتامبری ٢٠٠٢ | ژمارە ٣٤٨ | ١٥٠ تمەن

## کۆماری ئیسلامی هیزە نیزامی‌یەکانی خۆی لەسەر سنووری عیراق کۆکردۆتەوە

ریژیمی کۆماری ئیسلامی بەروالەت بە مەبەستی ئامادەیی لە بەرامبەر هیرشی ئیحتیمالیی ئەمریکا بۆ سەر عیراق، هیزە نیزامی‌یەکانی خۆی لە دریژایی سنووری ٢٠٠٠ کیلۆمیتریی ئیران لەگەڵ عیراقدا، کۆکردۆتەوە.

هەوالدەریی فەرانسە لە زمانی دوو حیزبی دەسەڵاتدار لە کوردستانی عیراق رای‌گەیاند کە هیزە نیزامی‌یەکانی کۆماری ئیسلامی گەراونەتەوە شوینەکانی خۆیان لەماوەی شەر لەگەل عیراق لە دەیەی ١٩٨٠دا. هەر ئەو هەوالدەری‌یە لە زمانی بەرپرسیکی پارتی دیمۆکراتی کوردستانەوە گوتی: هیلیکۆپتیرەکانی ئەرتەشی کۆماری ئیسلامیی ئیران بەناوی بەربەرەکانی لەگەڵ مەواددی موخەددیر، بە ریکوپیکی لە حالی گەشت لە ناوچەکەدان.

## بەرەو دە ساڵەی شەهید بوونی دوکتور شەرەفکەندی و هاوڕێیانی

سەعات ١١ی پاشنیوەڕۆی پێنج شەمە ١٧ی سێپتامبری ١٩٩٢ (٢٦ی خەرمانانی ١٣٧١ی هەتاوی) لە دڵی ئورووپای لانکەی ئازادی‌و مافی مرۆڤدا، جارێکی دیکە ڕێبەری بزووتنەوەی هەقخوازانەی خەڵکی کوردستانی ئێران‌و سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات، لەگەڵ چەند کەس لە هاوڕێیانی کەوتنە بەر دەسڕێژی کۆمەڵێك ئینسانکوژی بەکرێگیراو و دەست پەروەردەی ڕێژیمی تیرۆریستی کۆماری ئیسلامیی ئێران‌و گیانیان لێ ستێنرا.

بۆ جارێکی دیکە دنیا شاهیدی دووپاتبوونەوەی کارەساتێکی تاڵ بوو. دیسانەکە تێکۆشەران، ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات، گەلی کورد بە گشتی‌و خەڵکی کوردستانی ئێران بە تایبەتی‌و هەموو دۆستان‌و دڵسۆزانی حیزبی دێموکرات‌و بزووتنەوەی کوردستان لە ئاستی ئێران‌و جیهاندا لەگەڵ ماتەمی لەدەستدانی مرۆڤێکی گەورە کە لە ئاستی بزووتنەوەی کوردستان‌و بزووتنەوەی سەرانسەریی ئێراندا، نفووزو نەخش‌و شوێنی تایبەت بە خۆی هەبوو، بەرەوڕوو بوون.

بە شەهید کرانی دوکتور سادق شەرەفکەندی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات‌و هاوڕێیانی بە دەستی تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی لە ڕێستورانی میکونووسی شاری بێرلین، جارێکی دیکە زەبرێکی بە ژان وەپەیکەری حیزبی دێموکرات‌و بزووتنەوەی میللی ـ دێموکراتیکی کوردستان کەوت. لە حاڵێکدا، تازە سێ ساڵ لە پیلانی تیرۆری ڕێبەری پایەبەرزی حیزب‌و گەلەکەمان لە شاری ڤییەن‌و لەسەر مێزی وتووێژ بەهۆی دیپلۆماتە تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی ڕابردبوو، حیزبی دێموکرات ئەو زەبرو کارەساتەی لێ نوێ کرایەوەو سەرلەنوێ لەگەڵ تاقیکردنەوەیەکی دژوار بەرەوڕوو بۆوە.

لە ٢٦ی خەرمانانی ئەمساڵدا، دە ساڵی تەواو لەو ڕووداوە تاڵە ڕادەبرێ. دە ساڵەی تیرۆری ١٧ی سێپتامبری ڕێستورانی میکونووس، هەڵدەگرێ کە لەلایەن حیزبی دێموکرات‌و هەموو دۆستان‌و دڵسۆزانی بزووتنەوەی ئازادیخوازیی گەلی کورد لە کوردستان، ئێران‌و جیهانەوە، گرنگی‌و بایەخی تایبەتی پێبدرێ. هەروا کە هۆیەکان‌و مەبەست‌و ئامانجەکانی پێویستیی هەرچی بەشکۆتر بەڕێوەبردنی یادی شەهیدانی بێرلین زۆرو جۆراوجۆرن، شکڵ‌و شێوەکانی بەڕێوەبردنی یادی ئەو ڕووداوەش دەتوانن جۆراوجۆر بن. وەك نموونە هێندێك لە مەبەستەکانی هەرچی باشتر بەڕێوە بردنی ١٠ ساڵەی ئەو ڕووداوە، دەتوانین بەم جۆرە دەست نیشان بکەین:

**١ـ ڕێزنان لە خەبات‌و تێکۆشان‌و کەسایەتی‌و بیروبۆچوونەکانی دوکتور شەرەفکەندی‌و هەڵسەنگاندنی جێگاو شوێنی ئەو ڕێبەرە لە حیزبی دێموکرات‌و خەباتی گەلەکەیدا.**

٢

### یەکیك لە بەرپرسانی ریکخراوی هەوالنووسانی بی‌سنوور:

## "لە میژ سالە چاوەروانی ولامی تارانین"

"ویر جینیا لۆکۆسۆل"، بەرپرسی دەفتەری روژهەلاتی نیوەراست و رۆژئاوای ریکخراوی هەوالنووسانی بی‌سنوور لە وتوویژیکدا لە بارەی ئازادیی چاپەمەنی لە ئیران دا گوتی:

"لەو ولاتەدا هیچ مانگیک نیە کە روژنامە نووسیك نەگیری‌و روژنامەیەك دانەخری. بە داخەوە ئەو وەزعە بووە بە شتیکی ئاسایی. ناکری چاومان لەوە بنووقینین کە جاری وایە سەرکوت بە شیوەیەکی رووحی و رەوانی و یا فیزیکیی زور توند بەریوە دەچی و روژنامەنووسان ناتوانن رەخنە لە شیوەی دەسەلاتدارەتی‌و جوری بەریوە چوونی ولات بگرن"

"لۆکۆسۆل" لە ولامی ئەو پرسیارەدا کە بوچی کەسانیك وەك چاوەدیر نانیرن بو ئیران، وتی:

"ئیمە بە شیوەیەکی بەردەوام داوای ویزامان لە سەفارەتی کوماری ئیسلامی لە پاریس کردوە، بەلام هیچ کات نە داواکەیان رەت کردووینەوە و نە ویزایان پی‌داوین. هەموو جاری دەلین چاوەروانی ولامی تارانین. لە راستی دا ئیمە لە میژ سالە چاوەروانی ولامی تارانین، بەلام هەر ئەوە کە ویزامان نادەنی، نیشاندەری ئەوەیە تیکۆشانی ریکخراوی ئیمە جیگای نیگەرانیی کاربەدەستانی ئیرانە، ئەوەش بەو مانایەیە کە ئیمە کاری خومان بە باشی بەریوە بردوە"

"لۆکۆسۆل" ویرای رەخنە گرتن لە بریارنامەی ئەمسالی کومیسیۆنی مافی مروڤ کە رژیمی ئیرانی مەحکووم نەکرد، گوتی: مەحکووم نەکرانی هیندیك ولات، بەرهەمی سات و سەودای نیوان ئەوان بوو. مەحکووم نەکرانی ئیران بە مانای باشتر بوونی وەزعی ئازادیی چاپەمەنی لە ئیران دا نیە. چلون ریژیمیك کە گرتنی رونامەنووسانی کردوە بە وەرزشی میللی، نابی مەحکووم بکری؟

وەرگیراو لە سایتی ئینتیرنیتی"اخبار روز"

## سکرتیری گشتیی حیزب پیشوازیی لە بەریز کاك فوئاد عارف کرد



رۆژی پینج شەمە ١٣٨١/٦/٧ی هەتاوی، کەسایەتیی ناسراو و تیکۆشەری لەمیژینەی کورد بەریز کاك فوئاد عارف بۆ چاوپیکەوتن لەگەڵ سکرتیری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران، بەریز مامۆستا عبدالله حسن زادەو هاورییانی دەفتەری سیاسی، سەردانی بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی کرد. لە دیداریکی چەند سەعاتی دا کۆمەلیك باس‌و بابەتی جۆراوجۆر کەوتنە بەر باس‌و ئالوگۆری بیرورا کرا. پاش تەواو بوونی دیدارەکە بەریز کاك فوئاد عارف لە لایەن سکرتیری گشتیی حیزب‌و ئەندامانی دەفتەری سیاسی‌یەوە بەرێ کرا.

## دەست بەسەر داگیرانی کەشتی‌یەکی ئیسرائیلی کە کەلوپەلی نیزامیی بەرەو ئیران دەبرد!

لەکۆتایی‌یەکانی مانگی ئووتدا کەشتی‌یەکی هەلگری کەلوپەلی نیزامیی ئیسرائیلی کە لە ئیسرائیلەوە وەرێ کەوتبوو، لەلایەن کاربەدەستانی گومرگی ئالمانەوە لە بەندەری هامبۆرگ دەستی بەسەر دا گیرا. مەئموورانی بەشی پشکنینی گومرکی هامبۆرگ پاش پشکنینی باری کشتی‌یەکە بۆیان دەرکەوت کە کەلوپەلی پیویست بۆ زنجیری تانك‌و لاستیکی زرییۆشی تێ دایەو بەرەو ئیران دەچێ.

کاربەدەستانی ریژیمی ئیران بە دوای بلاوبوونەوەی ئەو هەوالەو رسوایی سەرچاوە گرتوو لە موعامەلەی نهینیی کرینی کەلوپەلی نیزامی لە شیرکەتیکی ئیسرائیلی، ئەو مەسەلەیەیان وەدرۆ خستەوەو ناوی "پروپاگەندەی دوژمنانی شۆرش"یان لەسەر دانا. بەلام وەکیلیکی شیرکەتە ئیسرائیلی‌یەکە لە ئالمان (شیرکەتی پاد) گوتوویەتی: خاوەنی شیرکەتەکە لەگەڵ ئیسرائیلی‌یەکی دیکە کە ٣ ساڵ لەوەپیش لە هەولی فرۆشتنی ماتۆری تانك بە ئیران دابوو، لە پیوەندی دایە. بە پیی قسەی ئەو وەکیلە، ناردنی ئەم بارە [بۆ ئیران] هیچ ناتەبایی‌یەکی لەگەڵ قانوون‌و ریوشوینەکانی ئیسرائیلدا نیە. بەگویرەی قسەی وەکیلەکە، "ئەم کەلوپەلانە بە شیرکەتیکی تایلەندی فرۆشراون، بەلام خاوەنی شیرکەتە تایلەندی‌یەکە، چی پێ خۆش بێ دەتوانێ لەگەڵ ئەو کەلوپەلانەی بکا".

وا دەردەکەوێ کە شیرکەتە تایلەندی‌یەکە بووە بە واستە یا پەردەیەك بۆ داپۆشینی موعامەلەی نیوان کۆماری ئیسلامی‌و شیرکەتە ئیسرائیلی‌یەکە!

پیوستە بگوترێ کۆماری ئیسلامی لە رابردووشدا، سەرەرای خۆرانان بە دژایەتی لەگەل ئەمریکاو ئیسرائیل‌و هەلگرتنی ئەو هەموو دروشمە توندوتیژە لە دژی ئەو دوو ولاتە، چەند جار بە نهینی چەکی لە ئەمریکاو ئیسرائیل کریوە کە هەموو جارێ لەگەڵ ئاشکرا بوونی ساتوسەودا نهینی‌یەکەی، لە پیشوو ریسواتر بووە.

## لەم ژمارەیەدا

کارەساتی ١٠ی خەرمانان، تاوانێك بە دژی هەموو مرۆڤایەتی ٢
دوو کۆبوونەوە لە سوئێد لەبارەی مەسەلەی کوردەوە ٤
بەیاننامەی گرووپی کاری ئەنتێرناسیونالی سوسیالیست لە بارەی مەسەلەی کورد ٥
ئایا ڕاگەیاندنی هەلومەرجی نائاسایی پێویستە؟ ٥
خەرمانانی ١٣٦٧ مانگی کوشتاری بە کۆمەڵی زیندانی‌یە سیاسی‌یەکان ٨
"شبکە"ی ئوستانی چ لێ شین بۆوە ٩
ئازادی رادەربڕین یان چەواشە کردنی راستی‌یەکان! ١٠

## قسەکانی فەرماندەری سوپای پاسدارانی ریژیم لە سنە!



یەحیا رەحیم سەفەوی فەرماندەری سوپای پاسدارانی ریژیمی‌کۆماری ئیسلامی لە سەفەری سەرەتای مانگی خەرمانانی خۆی بۆ شاری سنە، هەر لەوکاتەدا کە حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئیران‌و کۆمەلەی لە روانگەی ریژیمەکەیانەوە بە "مردوو" دانا، گوتی: "ئەم دوو ریکخراوە بەلینی رەسمییان داوە کە [دژی کۆماری ئیسلامی] کاری نیزامی نەکەن."

ناوبراو هەروەها زۆر بە توندی رەخنەی لە سکرتیری گشتیی یەکیەتیی نیشتمانیی گرت‌و بەوە تاوانباری کرد بە بیانووی تاقمی "انصارالاسلام" دەیەوێ بەهەر جۆریك بووە ریگا بۆ هاتنی هیزەکانی ئەمریکا بۆ کوردستانی عیراق بکاتەوە.

لەم پیوەندی‌یەدا هاورێ خوسرەو عەبدوللاهی نوینەری حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئیران لە ئورووپا، لە وتوویژیك لەگەڵ بەشی فارسیی رادیۆی نیونەتەوەیی فەرانسەدا گوتی: "ریککەوتنیکی ئاوا لە نیوان حیزبی دیمۆکرات‌و حکوومەتی ئیراندا هیچ کات رووی نەداوە." هاورێ خوسرەو، قسەکانی فەرماندەری سوپای پاسدارانی بە "دنەدەرانە" (تحریك آمیز) ناوبرد و گوتی: "ئەگەر ئەو گرووپانە مردبان، ئیدی پیویست نەبوو جەنابی فەرماندەری ریژیم باسیان بکا. هەر ئەوەکە باسی حیزبی دیمۆکرات دەکا، نیشانەی ئەوەیە کە مەسەلەی کورد لە ناوچەدا مەسەلەیەکی جیددی‌یە. واتە مەسەلەی کورد مەسەلەیەك نیە کە بە چەند قسەی پووچ‌و بێ‌نیوەرۆك وەلابنرێ. ئەو مەسەلەیە، مەسەلەی ١٠ میلیون کورد لە ئیران دایەو ئاغای سەفەوی بۆخۆشی دەزانێ کە مەسەلەکە، مەسەلەیەکی جیددی‌یە".

فەرماندەری سوپای پاسدارانی ریژیم لە حالیکدا نیگەرانیی خۆی لە ئەگەری هاتنی هیزە ئەمریکایی‌یەکان بۆ کوردستانی عیراق دەربری کە ریژیمی کۆماری ئیسلامی بە پشتیوانی لە تاقمی "انصارالاسلام"و حەشاردانی ئەفرادی تاقمی "القاعدە" لە خاکی ئیراندا، تاوانبار کراوە.

درێژەی لاپەڕی١

## بەرەو دە ساڵەی شەهید بوونی دوکتور شەرەفکەندیو هاورییانی

دوکتور شەرەفکەندی لەو ڕۆژەوە کە هەموو کاتو توانای خۆی نایە خزمەتی حیزبی دیمۆکراتو خەباتی رزگاریخوازانەی میللەتەکەی، زۆر ئەرکی گرینگو بەرپرسایەتیی قورسی لە ئاستی حیزبو جووڵانەوەدا، لەسەر شان بوو. ئەو نەمرە بە تایبەتی لە قۆناغیکی سەخت لە ژیانی حیزبەکەیدا، ئەوکاتە کە دۆستو دوژمن چاویان بریبووە حیزبی دیمۆکراتو دەیانەویست بزانن چارەنووسی حیزبی دیمۆکراتو جووڵانەوەی کورد لە کوردستانی ئیران بە دوای شەهید بوونی دوکتور قاسملوودا، چی لی دیتەوە، بەرپرسایەتیی بەریوەبردنی حیزبی دیمۆکراتی کەوتە سەرشان. دوکتور شەرەفکەندی لە ئاکامی زانایی، تایبەتمەندییە بەرزەکانو لیوەشاوەیی خۆیداو پشت ئەستوور بە ورەی شۆرشگیرانە، هەست بە بەرپرسایەتی کردنو هاوکاریو هاودلیی ریبەریو بەدەنەی حیزبو دلگەرم بە پشتیوانیی خەلکی کوردستانو دۆستانی حیزبی دیمۆکرات، لە ماوەیەکی کەمدا توانی نیگەرانیی دۆستانو دلسۆزان برەوینیتەوەو خەیالی خاوی دوژمنان پووچەڵ بکاتەوە. هەربۆیە لەنیو بردنی بوو بە یەکیك لە ئامانجە بە پەلەو گرنگەکانی دەسەڵاتبەدەستانی کۆماری ئیسلامیو لەسەرووترین ئاستدا نەخشەیان بۆ کوشتنی دارشت.

دیارە هەرکامە لەو هاورییانەش کە لەگەل دوکتور شەرەفکەندیدا گیانیان لی ئەستینرا، رابردوویەکی چەندین سالەیان لە خەبات لە پیناوی ئازادیدا هەبوو و ئەرکو بەرپرسایەتیی گرینگیان لە کوردستانو دەرەوەی وڵات لەسەرشان بوو. ریزنان لە باوەری پتەویان بە ئازادیو دیمۆکراسیو رزگاریی گەلی کورد لە بندەستیو، وەبیرهینانەوەی زەحمەتو شەونخوونیو فیداکاریی بیدەریغیان لەو پیوەندییەدا ئەرکی هەموو لایەکمانە.

**٢ـ وەبیرهینانەوەی هاودەردیو هاوپیوەندیی بێ وینەی گەلی کورد لە بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستانو ریکخراو و کەسایەتییە ئازادیخوازو مرۆڤدۆستە ئیرانیو رۆژئاواییەکان بە بۆنەی تیرۆری دوکتور سادق شەرەفکەندیو هاورییانییەوە لەگەل حیزبی دیمۆکرات.**

ئەو هاوخەمییە راشکاوانەیەی خەلکی ماتەمباری کوردستانی ئیران لە ژیر بریقەی سەرنیزەی پاسدارانی کۆنەپەرستیو بێگویدان بە هەرەشەی کاربەدەستان، بەرامبەر بە حیزبی دیمۆکرات نواندیان؛ ئەو هاوپیوەندییە میللیو کوردانەیەی بۆ ماوەی زیاتر لە ٤٠ رۆژ خەلکی یەکە یەکەی شارو شارۆچکەکانی کوردستانی عیراق لە زاخۆو دهۆکەوە بگرە تا کەلارو کفری بە شیوەی جۆراوجۆر لەگەل حیزبی دیمۆکراتو خەلکی کوردستانی ئیران ، دەریان بری؛ هەروەها دەیانو سەدان شیوەی دیکە لەدەربرینی هاودەردیو هاوخەمیی هاونیشتمانانی ئیرانیو دۆستانی ئوورووپاییو رۆژئاوایی، شتیك نین کە هیچ کات لەبیر حیزبی دیمۆکرات بچنەوە. دە سالەی تیرۆری دوکتور شەرەفکەندی بۆنەیەکی زۆر باشە بۆ ئەوەی ئاور لەو هاوپیوەندیو هاودەردییە بەرینە بدریتەوە، ریزی لی بنرێو بۆ پەرەپیدانی گیانی تەباییو برایەتیو هاوکاری لەهەموو کوردستانداو هەروەها راکیشانی هەرچی پتری سەرنجو پشتیوانیی ریکخراو و کەسایەتییە ئازادیخوازو مرۆڤدۆستەکانی ئیرانو جیهان وەبیر خۆمانیان بینینەوە.

**٣ـ بەردەوامیی حیزبی دیمۆکراتو تیکۆشەرانی لەسەر ریبازی ریبەرانی شەهیدیانو مانەوەی قورسو قایمیان لە مەیدانی خەبات بەدژی دیکتاتۆریو کۆنەپەرستیدا، سەرەرای ئەو زەبرە بە ژانانەی بەهۆی رووداوە تیرۆریستییەکانی وییەنو بیرلینو دواتر، لەو حیزبە دران.**

حیزبی دیمۆکرات دە سال دوای تیرۆری دوکتور شەرەفکەندیو ١٣ ساڵ دوای تیرۆری دوکتور قاسملوو، نە هەنگاویك لە ویستو داخوازەکانی خۆی کشاوەتەوەو نە تۆزقالیك لە ورەو عەزمو ئیرادەی خەباتگیرانەی کەم بۆتەوەو لەسەر خەباتو خۆراگریو بەربەرەکانی بەرامبەر بە ریژیمی تیرۆریستو ئازادیکوژی کۆماری ئیسلامی، لە هەمووکات شیلگیرترە. ئەوە کە حیزبی دیمۆکرات چۆن توانیویەتی بە نەبوونی ئەو ریبەرە بە نرخانەشیەوە، ریگای خۆی بە سەربەرزییەوە دریژە بداو لە بەرامبەر سەدانو هەزاران پیلانی دیکەشدا خۆی رابگرێو بەسەر زۆر کەندو کۆسپی ئاستەمدا، سەربکەوێ، ئەگەر بە وردی بکەونە بەر باسو شی بکرینەوە، هەم بۆ نەسلی تازەی حیزبی دیمۆکراتو خەلکی کوردستان، هەم بۆ ریکخراوە سیاسییەکانی دیکەش زۆر خالی سەرنج راکیشیان تیدان کە بۆ ئەزموون لی وەرگرتن دەبن. دیارە ئەو لایەنەی مەسەلەکەش کە تیرۆرو ئینسانکوژیو سەرکوت ناتوانن گەلێکی وشیارو حیزبێکی شۆڕشگێڕ لە خەباتو تێکۆشان سارد بکەنەوە، بۆ ڕێژیمێکی تیرۆریستی وەك کۆماری ئیسلامییش کە ڕێگایەکی دیکە بۆ بەرەو ڕوو بوونەوە لەگەڵ خەباتی ئازادیخوازانەی خەڵك ناناسێ، جێگای دەرس لێ وەرگرتنە، هەڵبەت ئەگەر شتێك بە ناوی مێشك لە کەللەی ڕێبەرانی دابێ.

**٤ـ هێنانەوە بەرباسی پەروەندی تیرۆری میکونووسو بڕیارە ئازایانەو مێژووییەکەی دادگای بێرلینو ئاکامو شوێنەوارەکانی ئەو حوکمە، ئەویش بە سەرنجدان بە فەزای سیاسیی جیهان بە دوای ڕووداوی تیرۆریستیی ١١ی سێپتامبردا.**

دە ساڵەی تیرۆری سکرتێری گشتیی حیزبی دێمۆکراتو هاوڕێیانی لە کاتێکدا بەڕێوە دەچێ کە ساڵێك بەسەر ڕووداوە تیرۆریستییەکەی ١١ی سێپتامبردا ڕادبرێ. کۆماری ئیسلامی سەرەڕای ئەنجامدانی دەیانو سەدان کردەوەی تیرۆریستی لە نێوخۆو دەرەوەی وڵات، کە هێندێکیان لەدژی دانیشتووانو قازانجو بەرژەوەندییەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوایی بوون، لە تیرۆری میکونووسدا بوو کە کلکی بە تەڵەوە بوو. دیارە پێشتریش وا ڕێ کەوتبوو کە تیرۆریستەکانی ئەو ڕێژیمە بکەونە داوی کاربەدەستانی ئەو وڵاتانەو بەڵگەو نیشانەی پێویست بۆ تاوانبار کردنی ئەو ڕێژیمە لە دەست ئەواندا هەبوون. بەڵام کرابوون بە دەسمایەی هێندێك ساتو سەودای شەرماویو لە ئاکامدا ئەو ڕێژیمە بەهاسانی لە چنگ ئاکامە سیاسیو قەزاییەکانی کردەوە تیرۆریستییەکانی خۆی، ڕزگاری ببوو. بەڵام دەزگای قەزایی ئەڵمان لە جەریانی لێکۆڵینەوە لە پەروەندەی میکونووسدا، بە شێلگیرییەوە کاری خۆی هەتا ڕوونبوونەوەی زۆ لە ڕاستییەکانو دانی حوکمی شیاوی ئافەرینی خۆی لەبارەی تاوانبارانو ڕێبەرانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی وەك بەڕێوەبەری ئەسلیی جینایەتەکان، درێژەدا.

حوکمی مێژوویی دادگای بێرلین ئەگەر لە ئاستی نێونەتەوەییدا پەردەی لەسەر ماشێنی تیرۆری کۆماری ئیسلامی لاداو ئەو ڕێژیمەی ریسوا کردو دنیای ناچار بە چاوخشاندنەوە بە پێوەندییەکانیان لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا کرد، لەنێو خۆی ئێرانیشدا خەڵك بە گشتیو بەتایبەتی ڕووناکبیرانو کەسایەتییە سیاسیو فەرهەنگییە خەباتگێڕو ئازادیخوازەکانی بە تێکۆشانی خۆیان دژی ئەو ڕێژیمە جینایەتکارە دڵگەرمو هیوادار کرد.

ئەوان لەمەو دوا بە ڕاشکاویو نەترسییەکی زیاترەوە کەوتنە بەربەرەکانیی خامەنەیی، ڕەفسەنجانی، فەللاحیانو زۆر لە دەسەڵاتبەدەستانی دیکەی ڕێژیم کە دادگای بێرلین وەك جینایەتکار ناساندبوونی.

ئێستا ئەو جینایەتکارو تیرۆریستانە، سەرەڕای ئەوەی خەڵکی ئێران چەندین جار بە پانەوە، فەرمانڕەواییو دەسەڵاتدارەتیی ئەوانیان بەسەر خۆیاندا ڕەت کردۆتەوە، هەروا بڕیار بەدەستانی ئەسڵیی کۆماری ئیسلامینو لەگەڵ ئەوەشدا وەك هەمیشە خۆیانو ڕێژیمەکەیان بە دژی تیرۆریزمو قوربانیی تیرۆریزم دەناسێنن، لە پشتیوانیو هاندانی بە ئاشکراو نهێنیی تاقمە تیرۆریستییەکانو شاردنەوەو پەنادانی سەرکردەکانی ئەو جۆرە تاقمانە غافڵ نینو لەگەڵ هەموو هەوڵێکی نێونەتەوەیی بۆ لەنێو بردنی تیرۆریزم بە بیانووی جۆراوجۆر دژایەتی دەکەن.

هەروەك گوترا شکڵو شێوەکانی یادکردنەوەی ئەو ڕووداوە تیرۆریستییەو ڕێزنان لە شەهیدانی ١٧ی سێپتامبری ١٩٩٢ی ڕێستوورانی میکونووس دەکرێ بە گوێرەی هەلومەرجی ئەو کەسانەی یادی ڕووداوەکە دەکەنەوەو بە سەرنجدان بە جێگاو شوێنی ژیانو تێکۆشانی ئەوان، جۆراوجۆر بن. گرنگ ئەوەیە بە پێکهێنانی کۆڕو کۆبوونەوە بۆ یادی ئەو ڕووداوە، بە نووسینو بڵاوکردنەوە، بە پێوەندی گرتن لەگەل ڕێبوارانی ڕێگای شەهیدانی ١٧ی سێپتامبر، بە کاری تەبلیغیو بەهەر شێوەیەك لە دەستمان دێ، نیشان بدەین خوێنی دوکتور شەرەفکەندی، فەتتاح عەبدولی، هومایونی ئەردەڵانو نوری دێهکوردی بە فیرۆ ناچێو ڕێگایان تا وەدیهاتنی ئامانجەکانیان درێژەی دەبێ.

دەبێ جارێکی دیکە بە کۆماری ئیسلامی ڕابگەیەنین ڕێبەرانی شەهیدی حیزبی دێمۆکراتو گەلی کورد، بە ڕێنوێنیو دەرسە بەنرخەکانیانو بەو خزمەتانەی بە حیزبەکەیانو خەباتی گەلەکەی خۆیانیان کردوە، تۆوی کۆڵنەدانو پێداگری لەسەر ڕێبازی ئازادیخوازییان لە دڵی قوتابیانو ئۆگرانی بیروباوەرو ریگاکەیاندا چاندوە. ئەو ریبەرە پایەبەرزەو بەنرخانە ئەوکاتەش کە شەهید دەبنو لەنیوماندا نامینن سەرچاوەی ئیلهامنو بۆ پیشەوە تا وەدیهینانی ئامانجە پیرۆزەکانی گەلی کوردو خەلکی ئیران هانمان دەدەن.

***

راگەیەندراو:

## کارەساتی ١٠ی خەرمانان، تاوانیك بە دژی هەموو مرۆڤایەتی

هەرچەند کوشتنی بە کۆمەلی زیندانییە سیاسییەکان بە فەرمانی خومەینی لە هاوینی ١٣٦٧دا یەکەمینو دوایەمین کوشتاری بەرهەلستکارانی سیاسی لەم ریژیمە دیکتاتۆرو دژی دیمۆکراتیکەدا نەبوو، بەڵام توندترینو بێبەزەییانەترین روخساری فاشیسمی مەزهەبی بوو کە بە بەند کردنو ئەشکەنجە دانی بەرهەلستکارانی سیاسیو فیکری رازی نەدەبوو، هەموو ئەوانی بەبێ چاوپۆشی لەوەی کە هیندیکیان چاوەریی دادگایی کردن بوون، یان حوکم درابوونو، یان تەنانەت حوکمەکەیان تەواو ببوو و بە بێ هۆ لە بەندیخانەدا هیشتبوونیانەوە ـ بە تاوانی پیداگرتن لەسەر بۆچوونی سیاسیی خۆیان یان موسولمان نەبوونو نویژ نەکردن ـ بە درندانەترین شیوە کوژران.

ریژیمیك کە بە کوشتنو تیرۆری جودابیران، ئازادیخوازان، روناکبیرانی پیشکەوتوو، فتوای ژینۆسایدی خەلکی کوردستانو کوشتاری خەلکی تورکمەن سەحرا بەدەسەڵات گەیشتبوو؛ بە ئیعدامی هەر رۆژەی سەد تا دووسەد کەس لە سالی ٦٠داو بە کوشتنی بە کۆمەلی زیندانییە سیاسییەکان لە سالی ٦٧دا دەیەویست ریژیمەکەی جیگیر بکا؛ دوای ئەم کردەوانەش بە پەنابردن بۆ تیرۆری گەلالە داریژراوی بەرهەلستکارانو رەخنەگران هەولی دا تا بە خەیالی خاوی، خۆی لە قەیرانی نەمان رزگار بکا. بەڵام هەموو ئەم مرۆڤکوژیو خوینریژییانە تەنیا بوونە هۆی زیدەتر بوونی بیزاری لەم نیزامەو قوولتر بوونەوەی قەیرانی رەواییو مانەوەی ئەو ریژیمە. ریژیم کە ریگایەکی دوورو دریژی لە سەرکوت کردن بریوە، کاری گەیشتۆتە جیگایەك کە نزیکترین جگەرگۆشەو خزمەتکارەکانی خۆیشی بە چاوی دوژمن سەیر دەکاو ئەوانیش بە زیندانو ئەشکەنجەو تیرۆر لەنیو دەبا. ئەم ریژیمە هووییەتی سیاسیی خۆی لە شتگەلیکدا دەبینێو وەدوویان دەکەوێ کە دەبنە هۆی لەنیو چوونی بێئەملاو ئەولای خۆی، وەك: پیشیلکردنی مافو ئازادییەکانی خەلك، دژایەتی لەگەڵ حاکمییەتی خەلکدا، چەسپاندنی ئاپارتایدی جینسی، توندتر کردنی هەلاواردنو ستەمی میللی، مەزهەبیو جینسی، پەرەپیدانی هەژاریو دەسکورتیو بیکاری، خەفەقان، و لە ئاکامدا سەرکوتو لەنیو بردنی ئەوانەی سەر بۆ ئەم ستەمو بێعەدالەتییە شۆر ناکەن.

سیزدە ساڵ بەسەر کوشتنی بە کۆمەلی زیندانییە سیاسییەکاندا تێدەپەرێ. بەو ئەندازەیەی کە لەو کارەساتە لەبیر نەکراوەیە دوور دەکەوینەوە، هەرەسهینانو لەنیو چوونی کۆماری ئیسلامیو وەرزی دروینە کردنی ئەو تۆوانەی کە چاندونی نزیکتر دەبیتەوە. ئیمە هاوکات لەگەڵ ریز گرتن لە یادی گیان بەختکردوانی ئەو کارەساتە دلتەزینەو دەربرینی هاودەردی لەگەڵ کەسوکاریاندا، جاریکی دیکە لەسەر دادگایی کردنی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی بە تاوانی تیروریزمی دەولەتیو جینایەت بە دژی مرۆڤایەتی پێدادەگرین، و داوای ئازادی بێمەرجو بێئەملاو ئەولای هەموو زیندانییە سیاسیو فیکرییەکانو راگرتنی خیرای ئەشکەنجەو ئیعدام دەکەین.

**کۆمیتەی یەکیەتیی کردەوە بۆ دیمۆکراسی**

**پیکهاتوو لە:**

**حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئیران**

**ریکخراوی یەکیەتیی فیدائیانی خەلکی ئیران**

**ریکخراوی کریکارانی شۆرشگیری ئیران (راه کارگر)**

**خەرمانانی ١٣٨١**

## بڕووخێ ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران

# هەواڵەکانی کوردستان

## سەردەشت

ماوەی زیاتر لە مانگێکە هێزە بەناو ئینتــیزامیو پاسدارەکانی کۆمـاری ئیسلامی بە شـێوەیەکی زۆر دڕندانـە لەگـەڵ خـەڵکی کاسبکاری سنوورنشـین رەفتار دەکەنو بە هەموو جۆرێـك ئەزییـەتو ئازاریـان دەدەن. تـا ئێسـتا لـە ئاواییەکانی مەرزێ، بێتووش، قەلەرەش، بێوران، هەرزنێ، قندوڵو خوارەمـیر بە دەیان جار پێشیان بە کاروانچی‌یەکان گرتووەو بارەکانیان بە تـاڵان بـردوونو ولاغەکانیان لێی کوشتون. بە گوێرەی ئەو هەواڵانەی بە "کوردستان" گەیشتوە، هەر لە ناوچە سنووری‌یەکانی سەردەشتدا تا ئیستا زیاتر لە ١١٠ سەر ولاغی کاروانچی وەبەر گوللە دراونو بارەکانیان بـە تـاڵان بـراونو کاروانچی‌یـەکانیش دەستبەسەر یان بە دانی جەریمەی قورس ئازاد کراون.

*ماوەیەك لەوەپیش فەرمانداری شاری سەردەشت بە خــەلکی گوندەکـانی "مــەزناو"و "دۆلی"، "گرتکـی"و "کـاوژان"ی راگــەیاندوە کــە دەبــێ ئاوایی‌یەکانی خۆیان چۆل بکەنو لە گوندەکانی بیتووش یان بیژوێدا نیشــتەجێ بن. فەرمانداری سەردەشت هیچ هۆیەکی بۆ ئەم کارەی باس نەکردو پیویستیی ئەو کارەی روون نەکردەوە، خەلکی ئەم ئاوایی‌یانە ئازایانـە لـە بەرامبـەر ئـەو داوایەی ریژیم راوەستاونو چەند کەسیکیان بۆ نارەزایـەتی دەربریـن رەوانـەی تاران کرد.

*رۆژی ٢٥ی گـەلاویژ دەسـتەیەك کـاروانچی لـە زینـوی "گۆریکلــە" سەرسنوور کەوتنە کەمینی هیزە بەناو ئینتیزامی‌یەکانی ریژیـمو دەسـریژیان لی کرا. کاروانچی‌یەکانیش بەرەنگاریان بوونەوەو لە ئەنجامی ئەو پیکدادانەدا فەرماندەی پاسگای کانی خاتوون بریندار بوو.

*سەعاتی ١٢ی رۆژی ١ی خەرمانان هیزە سەرکوتکەرەکانی ریژیـم بـە دەستووری "سەرهەنگ عەبباسی" فەرماندەی ناوچە، دەستەیەك کاروانچییان لە ناوچەی "گەرماوی" ئالان دایـە بـەر دەسریژو لـە ئاکـامدا سێ ولاغـی کاروانچی‌یـەکان کـوژراو بۆخۆشـیان رزگـار بـوون. بـە کریگـیراوانی ریژیـم کاروانچی‌یـەکیان بـە نـاوی عـەلی حـاجی موحەممەد گـرتو زۆر درندانـەو بێزەیی‌یانە تا سەرە مەرگ لییان دا.

## بانە

رۆژی ٣٠ی گەلاویژی ٨١، تەرمی کەسیك بە ناوی یاسین ئەنوەری کوری جەمالی مەلا کەریم لە نیوان گوندی ترخان ئاوای شـاری بانـەدا دۆزرایـەوە. ناوبراو خەلکی شاری بانەو بە کوریکی هوشیار ناسرا بــوو. تـا ئیسـتا روون نەبۆتەوە یاسین بە دەستی چ کەسیك یان کەسانیكو بـە چ هۆیـەك کـوژراوە. ئەوە سیهەمین جینایەت لەم چەشنەیە کە لە یەك مانگی رابردوودا لە شـاری بانـە روو دەدا. پیشـتر تـەرمی بێگیـانی موحسین مستەفازادەو عـەتا چاوشـین لـە ریکەوتی ١٢ی گـەلاویژو ٢ی خـەرمانان دۆزرابوونەوە.

## کرماشان

**نارەزایەتیی دەربرینی کریکارانی شاری کرماشان**

رۆژی یەکشـەممە ریکـەوتی ٨١/٦/٣ کریکارانی کارخانەی کشـمیری کرماشـان بۆ نارەزایەتی دەربریــن لـە وەدواکـەوتنی مووچــەی چــەند مانگــەو وەدەرنــانی نوینەرانی کریکاران لە کارخانەی ناوبراو، لەبــەر دەرگــای ئیــدارەی کاروبــاری کۆمەلایەتی (کارو امور اجتمـاعی) ئـەو شـارە کۆبوونـەوە. خۆپیشــاندەران لــەو کۆبوونەوەیـەدا بـە تونـدی نارەزایــەتیی خۆیـان لـە بــەریوەبردنو پیشــیلکردنی یاسـاکان لـە لایــەن مودیــر عــامیلی کارخانـەو کەمتەرخـەمیو بـە هینـد نـەگرتنی ئــەو ترازانانــە لــە لایــەن کومیتــەی وەرێ خســتنی کارخانــەو هەروەها وەدەرنانی نوینەرانی کریکـاران بە بیانووی بەزاندنی هیلـی سـوور واتـا داوا کردنی مافی کریکــاران، دەربـریو خوازیــاری وەلام دانــەوەی بەرپرســی گشـتیی ئیـدارەی کـار بــوون. بــەلام هەروەك جـارانی پیشـوو ئیـدارەی کـار کیشەکەی لە کۆڵ خۆی کردەوەو خستیە ئەستۆی ئورگانەکانی دیکەی دەولـەتیو بـەوادەو بەلینی‌یـەکی زۆر بـلاوەی بــە کریکاران کرد.

ئەوە یەکەم جار نیــە کــە مووچـەی کریکـارانی ئـەو کارخانەیـە بـۆ چـەند مـانگ وەدوا دەکــەوێو زۆر جـاریش دەربرینــی نارەزایــەتی کریکـاران بۆتــە هۆی لەدەستدانی کارەکانیان.

# تیکۆشان لە دەرەوەی وڵات

## بلژیك

**بەریوەچوونی ریورەسمی ٢٥ی گەلاویژ لە برۆکسیل دا**

رۆژی شـەممە ١٧ی ئووتــی ٢٠٠٢ی زایینــی کۆمیتــەی حـیزبی دیموکـرات لــە بلژیك، ریورەسمیکی بــە بۆنــەی پــەنجاو حەوتــەمین سـالرۆژی دامــەزرانی حـیزب بـە بەشداریی ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامان و لایەنگرانو کوردەکانی دانیشتووی شـاری برۆکسیل لە ئەنستیتۆی کــورد لـەم شـارەدا پیـك هینـا. ریورەسمەکـە بـە سـروودی نەتەوایەتیی "ئەی رەقیــب"و دەقیقەیـەك بیدەنگــی بـۆ ریزگرتـن لـە گیـانی پـاکی شەهیدانی حیزبو گەل دەستی پێ کرد. پاشان هاورێ سەعیدی، بەرپرسی کۆمیتــەی حیزب لە بیلژیك لە وتاریك دا بە تیروتەسـەلی لەسـەر چۆنیـەتی دامــەزرانی حـیزبی دیموکرات، بنەمای فیکـری و ریبـازی حـیزب، چۆنیـەتی ریبەرایـەتیی بزووتنـەوەی میللـی دیموکراتیکـی گـەلی کـورد لـە کوردسـتانی ئـیران، دامـەزرانی کۆمـــاری کوردســتانو ٢٣ سـاڵ خـەباتی ئاشـکراو پـر لـە شـانازیی حـیزبی دیموکـرات لــە، بەربەرەکانی لەگەڵ پاوانخوازانی کۆماری ئیسـلامیو وەزعییـەتی ئـالۆزی ئـیران لـەم هەلومەرجەی ئیستادا بۆ بەشداران دوا.

## نۆرویژ

**ریورەسمی ناشتنی تەرمی هاورێ تاهیر حامیدی**

ریکەوتی ٢٠٠٢/٨/٢٠ ریورەسمی ناشتنی تەرمی هاورێ تاهیر حامیدی بــە بەشـداریی ژمارەیـەکی بـەرچاو لـە ئـەندامانو لایـەنگرانو دۆسـتانی حـیزبو هاوکارەکانی لە گۆرستانی شاری ستاوانگر (STAVANGER)بەریوە چوو. لەو ریورەسمەدا هاورێ حەمەدەمین خزری بەرپرســی کۆمیتــەی حـیزب لـە ستاوانگر ویرای ئاماژەیەکی کورت بە خــەباتو ژیـان سیاسـیی هـاورێ تاهـیر حـامیدیو دەربرینـی داخو کەسـەر بەبۆنـەی تـیرۆری ناجوامیرانـەی کـاك تاهـیر، پـەیامی کومیتـەی حـیزبی خوینـدەوە. پاشـان لەلایـەن کومیتـەی حیزبــەوە سوپاســی بەشداربووانی ریورەسمەکە کرا.

### بەریوەچوونی ریورەسمی پەنجاوحەوتەمین سالرۆژی دامەزرانی حیزب

رۆژی ٢٠٠٢/٨/٢٣ کۆمیتـەی حـیزب لـە ولاتــی نۆرویــژ، بــە بۆنــەی پەنجاوحەوتەمین سالرۆژی دامەزرانی حیزب ریورەسمیکی بەشکۆی لــە یــەکیك لــە هۆلەکانی شاری ئۆسلۆ پیتەختی ئەو ولاتەدا پیك هینا کە زیاتر لــە ٥٠٠ کـەس تیی دا بەشدار بوون. سەرەتا سروودی نەتەوایەتیی "ئەی رەقیـب" خویندرایـەوەو دەقیقەیەك بیدەنگی بۆ ریزلینان لە گیــانی پــاکی شــەهیدان راگەیــەندرا. پاشـان پەیامی کۆمیتەی حیزب لە نۆرویژ لەلایــەن هــاورێ سـالح وەلی زادە، بەرپرســی کۆمیتەوە خویندرایەوە. بە دوای خویندنەوەی چــەند کۆپلـە شیعر، پەیامــەکانی پارتی دیموکراتی کوردســتان ـ عـیراق"، "یەکیـەتیی نیشـتمانیی کوردسـتان ـ عـیراق"، "پـارتی دیموکراتــی کوردســتانی تورکیــە"، "یەکیــەتیی کــورد لــــە سووریە"، "یەکیەتیی ژنانی کوردستان لە نۆرویژ"، "یەکیەتیی لاوانی دیموکرات ناوەندی نۆرویــژ"، "یەکیــەتیی ژنــانی دیموکـرات نـاوەندی نۆرویـژ"، "حـیزبی سۆسیالیستی چەپ "S.V" و پەیامی کەسایەتی‌یەکی لور خویندرانەوە.

ریورەسمەکە بە خویندنەوەی شیعرو سروودی یەکیــەتیی لاوانــی دیموکـرات و دەنگی بەسۆزی هونەرمەندی خۆشەویست کاك شــڤان پــەروەر و کــاك خوسـرەوی ماملێ رازابۆوە. ریورەسمەکە بە شایی و هەلپەرکیی بەشداران تــا ســەعاتی ١ی نیوەشەو دریژەی کیشا.

**جێژنی پەنجاو حەوتەمین ساڵرۆژی دامەزرانی حیزب لە "روگەلاند"**

رێکەوتی هەینی ٢٠٠٢/٨/٢٣ی زایینی کۆمەڵەی دێموکراتیکی کورد لە وڵاتی نۆروێژ بە بۆنەی پەنجاوحەوتەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکراتــی کوردستانی ئێران، بە هاوکاریی کومیتەی حیزبی دێموکرات، یەکیەتیی لاوانو یەکیــەتیی ژنـــانی دیموکـــرات ریورەسمیکی لە شاری روگەلاند بــەریوە بــرد. ئــەو ریورەسمــە کــە زۆربــەی بنەمالەکانی کوردی دانیشــتووی ئــەو ناوچەیەی تێ دا بەشدار بوون، کاتژمیر ٦ی ئیوارە دەستی پــێ کــرد. ســەرەتا سروودی نەتەوایەتیی "ئــەی رەقیـب" خویندرایەوەو بـۆ ریزگرتــن لــە گیــانی پاکی شــەهیدان دەقیقەیــەك بیدەنگی راگەیەندرا. پاشان پــەیامی کومیتــەی حیزب لە لایــەن هــاورێ کــاك کــەریم عەلی نەژادەوە خویندرایەوە. بــە دوای ئــــەودا پەیامـــەکانی کۆمەلـــــەی دیموکراتیکی کورد، یەکیەتیی ژنــانی دیموکـــرات، یەکیــــەتیی لاوانــــی دیموکرات خویندرانەوە.

ریورەسمەکە بە خویندنەوەی شیعرو پەخشان و پیشکەشکردنی شـانۆیەك و هــەروەها دەنگــی خۆشــی هونەرمــەند رەشــیدی فــەیزنژاد و هەلپــــەرکیی بەشــــداربووان تــــا کـــــاتژمیر ١ی بەرەبەیانی دریژەی کیشا.

## کانادا

**بەریوەچوونی جیژنی ٢٥ی گەلاویژ لە شاری هامیلتۆن**

کۆمیتـــەی حـــیزبی دیموکراتـــی کوردستانی ئـــیران لـــە ولاتـــی کانـــادا، رۆژی ١٧ی ئووتی ٢٠٠٢، بـــە بۆنـــەی ســـالیادی دامــــەزرانی حیزبـــــەوە ریورەسمیکی بـــە بەشـــداریی زیـــاتر لـــە ٣٥٠ کەس لە ئـــەندامان، لایـــەنگرانو دۆستانی حیزب لـــە شـــاری هـــامیلتۆن پیك هینا.

ریورەسمەکـــــە بـــــە ســـــروودی نەتەوایـــەتیی "ئـــەی رەقیـــب"و یـــــەك دەقیقە بیدەنگی بۆ ریزگرتن لە گیـــانی پاکی شەهیدانی حیزبو گـــەل دەســـتی پـــێ کــــرد. پاشــــــان پــــــەیامی کۆمیتەی‌حیزب لە کانادا لەلایەن کـــاك جەعفــــــەری مــــــــەعروف زادەوە خویندرایـــــەوە. بــــە دوای ئــــــەودا پەیامــەکانی یەکیــەتیی نیشـــتمانیی کوردســـــتانو ریکخـــــــراوی حــــــیزبی کۆمونیســـــتی ئـــــیران (کۆمەلـــــــە) خویندرانەوە. نیوئاخنی بەرنامەکە بـــە خویندنەوەی شیعرو گۆرانیو هەلپەرکێ رازابۆوە کە تا کـــاتژمیر ١ی نیوەشـــەو دریژەی کیشا.

## ئوستراليا

**بەریوەچوونی جیژنی پەنجاوحەوتەمین سالرۆژی دامەزرانی حیزب**

رۆژی ١٨ی ئووتــــــــی ٢٠٠٢، کۆمیتــــەی حــــیزب لــــە ئەیالــــــەتی کۆئینزلـــەندی ئوســـترالیا، بـــە بۆنـــەی پەنجاوحەوتـــەمین ســـالرۆژی دامـــەزرانی حـــیزبی دیموکـــرات، ریورەسمیکـــی پـــر شکۆی بە بەشداریی ژمارەیەکی زۆر لە ئـــەندامانو لایـــــەنگرانی حـــــیزبو کوردەکــــانی دانیشــــتووی ئەیالــــەتی کۆئینزلـــەند، لـــە شـــاری "بریزبـــن" ناوەندی ئەو ئەیالەتەدا پیك هینا. ئەو ریورەسمـــە بـــە ســـروودی نەتەوایـــــەتیی "ئەی رەقیب"و راگەیاندنی دەقیقەیەك بیدەنگی بۆ ریزگرتن لە گیـــانی پـــاکی شەهیدانی حـــیزبو گـــەل دەســـتی پـــێ کـــرد. ئینجـــا هـــــاورێ ســـــەلاحی پوورئەسەد لە لایەن کومیتـــەی حـــیزب لە ئوســـترالیاوە، وتـــاریکی پیشـــکەش کرد. بە دوای ئەودا پەیامی کۆمیتـــەی حیزب لە کۆئینزلەند لە لایـــەن هـــاورێ عوسمان سونبولی خویندرایەوە. پاشـــان پـــەیامی بـــەریز "گــــەری هــــاردیڤ" وەزیــــری کاروبــــاری شــــاروەندیو فرەفەرهەنگی لە لایەن خوشکە خەبات خویندرایەوە. نیوئاخنی بەرنامەکان بە گۆرانـــیو هەلپـــەرکیی بەشــــداربووانی ریورەسمەکە رازابۆوە کە تـــا ماوەیـــەکی زۆر دریژەی کیشا.

## سویس

**چاوپیکەوتنی هەیئەتیکی حیزب لەگەڵ بەرپرسی پیوەندی‌یە نیونەتەوەیی‌یەکانی پارتی سۆسیال دیموکراتی سویس دا**

ریکــــــــــەوتی ٢٠٠٢/٨/٢١ هەیئەتیکی حیزب پیکهاتوو لە هاورێ عــادل ئەلیاســی بەرپرســی کومیتــەی حـــیزب لـــە ولاتـــی ســـویس و هــــاورێ مستەفا پیرۆتی، ئــــەندامی کۆمیتــــەی حیزب لەو ولاتــــە، چاویـــان بـــە ئاغـــای کاسپیر سووتیر، بەرپرســـی پیوەندی‌یـــە نیونەتەوەیی‌یـــەکانی پـــارتی سۆســـیال دیموکراتی ولاتی سویس لـــە دەفتـــەری تایبەتی ناوبراودا کەوت.

لەو چاوپیکەوتنەدا هـــاورێ عـــادل ئەلیاسی لەســـەر وەزعییـــەتی ئیســـتای ئـــیرانو کوردســـتان، خـــەباتی حـــیزبی دیموکرات، پرۆسەی تیکشکاوی بـــەناو ریفۆرمخوازی لە ئیران داو زەبرو زەنگو ســــــــەرکەوتگەریو سیاســــــــەتی کۆنەپەرستـانەی کۆمــاری ئیســـلامی ئیران دژی خەلکی کوردســـتانی ئـــیران دواو. لـــە بەشـــیکی تـــری ئـــەم چاوپیکەوتنـــەدا، هـــەردوو لایـــــەنی دانیشـــتنەکە باسیان لـــــە چۆنیـــــەتی هاوکاریی نیوانیان لە داهاتوودا کـــرد. بەریز کاسپیر سووتیر ویرای دەربرینـــی خۆشحالیی خـــۆی لـــەو چاوپیکەوتنـــە، بەلینی دا کە ئەو بابەتـــە باسکراوانە، لە کۆبوونەوەی پارلـــەمانتیرانی پـــارتی سۆســـیال دیموکـــرات بینیتـــە گـــۆرێو ئەنجامەکەی بە شیوەی رەسمی بداتـــەوە بـــە کومیتـــــەی حـــــیزبی دیموکراتـــــی کوردستانی ئیران لە ولاتی سویس.

## کانادا

**بەریوەچوونی ریورەسمیك بەبۆنەی ٢٥ی گەلاویژەوە**

رۆژی ١٨ی ئووتــــــــی ٢٠٠٢، کومیتەی حیزب لە ولاتی کانـــادا، بـــە بۆنەی ٢٥ی گەلاویژ، پەنجاو حەوتەمین سالرۆژی دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردســـتانی ئـــیران، ریورەسمیکـــی بـــە بەشـــداریی ژمارەیـــەکی بـــــەرچاو لــــە ئەندامانو لایەنگرانو دۆستانی حـــیزب لە شاری ئۆتاوا، پیتەختی ئەو ولاتـــەدا پیك هینا.

ریورەسمەکـــــە بـــــە ســـــروودی نەتەوایـــەتی "ئـــەی رەقیـــب" و یـــــەك دەقیقە بیدەنگی بۆ ریزگرتن لـــــە یـــادو بـــیرەوەریی شـــەهیدانی حـــیزبو گــــەل دەستی پێ کرد. پاش پیشکەش کردنی کورتـــە شـــیعریك، پـــەیامی کومیتـــەی حیزب لە کانادا لە لایەن هـــاورێ بـــایز قەیتاسی‌یەوە خویندرایـــەوە. بەشـــیکی زۆری ریورەسمەکـــــە بـــــۆ گۆرانـــــیو هەلپەرکێ تـــەرخان کرابـــوو کـــە لـــەودا هونەرمەندان کاك قادر ئەلیاسیو کـــاك تاجەدین بە دەنگی خۆشی خۆیان گورو تینیکــــی زۆریــــان بــــە ریورەسمەکــــە بەخشی. ریورەسمەکە تا کاتژمیر یەکی دوای نیوەشەو دریژەی کیشا.

## ئوستراليا

**پیکهاتنی شەوە جیژنیك بە بۆنەی ٢٥ی گەلاویژ لە شاری "پرت"دا**

رۆژی ١٨ی ئووتــــــــی ٢٠٠٢، کۆمیتـــەی حیزب لـــە شـــــاری پـــرت (رۆژئـــاوای ئوســـــترالیا) بـــــە بۆنـــــەی پەنجاوحەوتـــەمین ســـالرۆژی دامـــەزرانی حــــیزبی دیموکراتــــــی کوردســــــتانی ئیرانەوە، شەوە جیژنیکی بە بەشداریی ژمارەیـــەکی بـــەرچاو لـــە کوردەکـــانی دانیشـــتووی ئـــەم شـــارە پیـــك هینـــــا. ریورەسمەکە بـــە ســـروودی نەتەوایـــەتیی "ئەی رەقیب"و راگەیاندنی دەقیقەیەك بیدەنگی بۆ ریزگرتن لە گیـــانی پـــاکی شـــەهیدان دەســـتی پـــێ کـــرد. پاشـــــان ســـروودی ٢٥ی گـــەلاویژ پیشـــکەش کـــرا. بـــە دوای ئـــەودا پـــــەیامی کومیتەی حیزب لە شـــاری پـــرت لـــە لایەن هاورێ مەسعوود سەمەدی‌یەوە خویندرایـــــەوە. لـــــە دریـــــژەی ریورەسمەکـــەدا، کومیتـــەی کـــورد لـــە شـــاری پـــرت، نوینـــەرانی پـــارتی دیموکراتـــی کوردســـتانی عـــیراق، یەکیـــەتیی نیشـــتمانیی کوردســـتانو ژمارەیـــەك هـــیزو ریکخـــراوی دیکـــە پەیامـــەکانی خۆیـــان بـــەو بۆنـــەوە خویندەوە. نیو ئاخنی ریورەسمەکە بـــە خویندنەوەی شیعرو گۆرانی رازابۆوە. شـــادی و هەلپـــەرکیی بەشـــداربووانی ئەم جیژنـــە تـــا کـــاتژمیر ١٢ی شـــەو دریژەی کیشا.

پیویستە بگوترێ هۆلی جیژنەکە سەرتاســـەر بـــە دروشمـــــی حـــــیزبی و وینەیەکی گـــەورەی شـــەهید دوکتـــور قاسملوو و ئارمی حــــیزبی دیموکـــرات رازابۆوە.

## سویس

**بەریوەچوونی سیمیناریکی ئینتیرنیتی**

ریکـــەوتی ١٧ی ئووتـــی ٢٠٠٢، کومیتەی حیزب لە ولاتی سویس بـــە هاوکـــاریی کومیتـــەکانی حـــیزب لـــە ولاتانی کانادا، دانمارکو هولەند، بـــە بەریوەبـــەریی هـــاورێ کـــاك ســـادقی زەرزا، سیمیناریکی ئینتـــیرنیتی بـــە بۆنەی ٢٥ی گەلاویژ لەسەر بەرنامەی Paltalk بەریوە برد.

سمینارەکــــــە بــــــە ســــــروودی نەتەوایەتیی "ئەی رەقیـــب" دەســـتی پـــێکرد. بـــە دوای ئـــەودا لـــە لایـــەن نوینەری حیزب باسیك لەســـەر رۆلـــی حــــیزبی دیموکـــرات لـــە جوولانـــەوەی میللی ـ دیموکراتیکی گەلی کـــوردو گرنگی ٢٥ی گەلاویژ پیشکەش کـــرا. پاشـــان نوینـــەری پـــارتی دیموکراتــــی کوردســــتانی عــــیراقو یەکیــــــەتیی نیشـــتمانیی کوردســـتان پـــــەیامی حیزبـــەکانیان خوینـــدەوە. بەشـــیکی زۆری سمینارەکـــە بـــۆ پرســـیارو وەلام تەرخان کرابوو کە لە لایەن نوینـــەری حیزب لەو سمینارە، لە چـــەند نۆبـــەدا وەلامـــی پرسیارەکان درایـــەوە. لـــەو سمینارە کە نیزیك بـــە ٧٠ ســـایت لـــە ولاتانی دیکە تیی دا بەشدار بوون تا سەعاتی ٢ی دوای نیوەشەو دریـــژەی کیشا.

# دوو کۆبوونەوە لە سوئید لەبارەی مەسەلەی کوردەوە

بە پیی هەوالیك کە لە نوینەرایەتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران لە دەرەوەی وڵاتەوە بە دەستمان گەیشتوە، رۆژی دووشەممە ٢٠٠٢/٨/٢٦ ریکەوتی ١٣٨١/٦/٤ لە شاری ستۆکهۆلم پیتەختی وڵاتی سوئید دوو کۆبوونەوەی گرنگ کە هەردووکیان پیوەندییان بە مەسەلەی کوردەوە هەبوو پیك هاتن.

کۆبوونەوەی یەکەم، کۆبوونەوەی گرووپی کاری کوردان لە ئەنتەرناسیۆنالی سۆسیالیست بوو کە سەعاتی ٩ی بەیانی بە سەرۆکایەتیی بەریز کۆنی فریدریکسۆن سەرۆکی گرووپی کاری کوردان دەستی بەکار کردو هەتا سەعاتی ١٢ی خایاند. لەو کۆبوونەوەیەدا نوینەرانی پینج حیزبی ئەندامی گرووپ بریتی لە حیزبی سۆسیال دیموکراتی سوئید، حیزبی سۆسیال دیموکراتی ئەلمان، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران، حیزبی سۆسیال دیموکراتی ئوتریش و حیزبی سۆسیالیستی فەرانسە بەشدار بوون.

سێ حیزبی کوردییش بۆ ئەو کۆبوونەوەیە بانگهیشتن کرابوون کە بریتی بوون لە پارتی دیموکراتی کوردستان ـ عیراق، یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان ـ عیراق و حیزبی دیموکراسیی گەل (HADEP) لە تورکیە.

لە سەرەتای کۆبوونەوەدا بەریز فریدریکسۆن بە گەرمی بەخیرهاتنی بەشدارانی کۆبوونەوەکەی کردو دوایە نۆرە درا بە نوینەرانی ٤ حیزبی کوردستانی کە هەرکامیان لە راپۆرتیك دا بە دریژی باسی وەزعی کوردستانیان کردو تازەترین ئاڵوگۆری هەرکام لە بەشەکانی کوردستانیان خستە بەرچاو.

جیگای باسە کە پیکهاتنی ئەو کۆبوونەوەیە بۆ ئامادەکردنی راپۆرتیك بە مەبەستی پیشکیش کردن بە کۆنگرەی بیستودووەمی ئەنتەرناسیۆنالی سۆسیالیستە کە قەرارە لە چەند مانگی داهاتوودا بگیرێ.

کۆبوونەوەی دووەم: "سیمیناری کەمایەتییە نەتەوەیییەکان، حکوومەتە خودگەردانە ناوچەیییەکانو دیموکراسی لە ئیران، عیراق و تورکیە" بوو کە لە لایەن بنیاتی نیونەتەوەیی ئولاف پالمە بە هاوکاریی گرووپی کاری کوردان لە ئەنتەرناسیۆنالی سۆسیالیست ریك خرابوو. سەرۆکایەتیی ئەم سیمینارە کە دوو رۆژی خایاند لە ئەستۆی بەریزان تۆماس هامر بیرگ سەرۆکی بنیاتی ئولاف پالمەو کۆنی فریدریکسۆن سەرۆکی گرووپی کاری کوردان لە ئەنترناسیۆنالی سۆسیالیست بوو. ئەم سیمینارە سەعات یەکی پاش نیوەرۆ بە کاتی ئورووپا دەستی بە کارەکانی کرد.

لە رۆژی یەکەمی کاری سیمینار دا ئەم بەریزانە قسەیان کرد:

١ـ خانمی سیاستیلیو ئۆکارمارك، مامۆستای یاریدەدەری مافی نیونەتەوەیی لە زانستگەی ئۆپسالای سوئید کە قسەکانی تەرخان کردبوون بۆ باسی شیوەکانی ئیستای حکوومەتە خودگەردانەکان کە لە لایەن ریکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بە رەسمی ناسراون.

٢ـ بەریز کۆدۆ شتاین باخ بەریوەبەری ئەنستیتۆی رۆژهەڵاتی هامبورگ لە ئەلمان کە لەبارەی ئەو ریگا چارەسەرانەوە قسەی کرد کە ئەمرۆ بۆ چارەسەری گیروگرفتی کەمایەتییەکان لە رۆژهەڵاتی نیوەراست دا لەبەر دەست دان.

٣ـ بەریز خالد صالح کوردیکی عیراقی و مامۆستای زانستگەی دانمارکی جنووبی لە دانمارك کە لە بارەی جۆراوجۆری لە رۆژهەڵاتی نیوەراستی مۆدیرن دا قسەی کرد.

٤ـ بەریز ئالەن شنال لە بەرپرسانی حیزبی سۆسیالیستی فەرانسەو ئەندامی بنیاتی "ژان ژۆریس" لە پاریس کە لە ریگا چارەو ئەزموونەکانی فەرانسەوە دوا.

٥ـ دوو خانم بە ناوەکانی "باربرۆ سۆندباك"و "سوزانا ئیریکسۆن" لە ئەنستیتۆی ئاشتیی ناوچەی ئولاندی فەنلاند کە باسی خودموختاری لەو ناوچەیەی فەنلاندیان کرد.

کۆبوونەوە سەعات ٧/٣٠ی ئیواریێ کۆتایی هات و بریار درا رۆژی ٣شەممە سەعات ٩ی بەیانی دەست پێبکاتەوە.

شایانی باسە نوینەرانی پینج حیزبی کوردستانی بریتی لە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران، پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، کۆمەڵەی شۆرشگیری زەحمەتکیشانی کوردستانی ئیران و حیزبی دیموکراسی گەل (HADEP) لە تورکیە بۆ ئەم سیمینارە بانگهیشتن کرابوون و بیجگە لەوان نوینەرانی حیزبی سۆسیالیستی فەرانسە، حیزبی سۆسیال دیموکراتی ئەلمان، حیزبی سۆسیال دیموکراتی ئوتریش و حیزبی سۆسیال دیموکراتی سوئیدیش لەو سیمینارەدا بەشدار بوونو لەلایەن نوینەرانی چاپەمەنیی سوئیدیشەوە بایەخیکی زۆری پێ دراوە.

بەرنامەی رۆژی دووهەم سەعات ٩ی بەیانی بە وتاری ئاغای حەمید ئەحمەدی مامۆستای زانستی سیاسی لەزانستگەی تاران دەستی پێ کرد. ناوبراو قسەکانی خۆی بۆ باس لە بارەی "سیاسەتە نیونەتەوەیییەکان لەبارەی مافی دیاریکردنی چارەنووس لە رۆژهەڵاتی نیوەراست" تەرخان کردبوو.

بەشی دووهەمی بەرنامەی سیمینار بۆ قسەی نوینەرانی حیزبە کوردەکانی بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستان تەرخان کرابوو. لەو بەشەدا نوینەرانی ئەم حیزبانەی خوارەوە بە دوای یەك دا قسەیان کرد:

١ـ کاك خالید عەزیزی بە نوینەرایەتی لە لایەن حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران

٢ـ کاك عەبدوڵڵا موهتەدی بە نوینەرایەتی لە لایەن کۆمەڵەی شۆرشگیری زەحمەتکیشانی کوردستانی ئیران

٣ـ دوکتور رۆژ نوری شاویس بە نوینەرایەتی لە لایەن پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق

٤ـ دوکتور لەتیف رەشید بە نوینەرایەتی لە لایەن یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانی عیراق

٥ـ کاك فاروق لە پارتی دیموکراسیی گەلی تورکیە

بەشی کۆتایی سمینار بۆ ئاکام وەرگرتن لە باسەکان و هەڵسەنگاندنی کاری ئەو سمینارە دوو رۆژییە تەرخان کرابوو. بەو هۆیەوە کە کاری سیمینار و باسە پیشکیش کراوەکان بە باش هەڵسەنگیندرا، گرووپی کاری ئەنتەرناسیۆنالی سۆسیالیست بریاری دا بە دوای کۆبوونەوەیەکی بیرورا گۆرینەوەدا، بریارنامەیەك لەبارەی مەسەلەی کورد پەسند بکا.

ଓଓଓ

# دەقی قسەکانی بەریز خالید عەزیزی لە سمیناری کەمایەتییەکانو حکوومەتە خودگەردانە ناوچەیییەکانو دیموکراسی لە ئیرانو عیراقو تورکیەدا

کوردستانی ئیران، کە ناوچەیەکە رووبەرەکەی نزیکەی ١٣٠٠٠٠ کیلۆمەتری چوارگۆشەیە، بەسەر چوار ئوستان دا دابەش کراوە: ئازەربایجانی رۆژئاوا، کوردستان، کرماشانو ئیلام. بەڵام ریژیمی ئیران تەنیا یەکیك لەو ئوستانانە بە ناوی کوردستان دەناسێ. کوردەکان کە نزیکەی ١٦٪ی حەشیمەتی ئیران پیك دینن، بە واتایەکی دیکە، حەشیمەتیکی دە میلیۆنین کە لە مافە نەتەوایەتییەکانیان بێبەش کراون.

بە سەرنجدان بە میژووی دوورودریژی هەڵاواردنی میللی لە کوردستانی ئیران دا، بیگومان کوردەکان چاوەروان بوون کە هاوکات لەگەڵ شۆرشی گەلانی ئیران دا ئەم کیشەیە چارەسەر بکرێ. بەڵام ریژیمی ئیسلامی هەر لە سەرەتای یەکەمین رۆژەکانی شۆرشەوە سیاسەتی سەرکوتکەرانەی دژی گەلی کورد هەڵبژاردو کوردستانی کردە ناوچەیەکی نیزامی، بە چەشنیك کە هەزاران پادگانو پایەگای نیزامیی لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان دا سەریان دەرهینا. پیشیلکرانی مافە نەتەوایەتییەکان لە هەموو بوارەکانی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتیو فەرهەنگیدا لەسەر ژیانی گەلی کورد شوینی داناوە.

میژووی هاوچەرخی ئیران هاوکات لەگەڵ گەڵاڵەی شۆوینیستیی رەزاشادا لە ساڵی ١٩٢١ەوە دەستی پێکرد، گەڵاڵەیەك کە لەسەر پایەی کۆکردنەوەی دەسەڵات لە تارانو لەسەر بناغەی هەڵاواردنو دان نەنان بە مافی گەلانی دیکەی ئیران، بە تایبەت کوردەکان، داریژرابوو. هەموو دەوڵەتە ناوەندییەکان بە گرتنەپیشی وەها سیاسەتیك، بزووتنەوەی کوردیان وەك جوداخوازیو لایەنگری بیگانە ناساندوە. کوردەکانی ئیران لە ماوەی چەند دەیەی رابردوودا بۆ دیموکراسیو بەرەسمی ناسرانی مافە نەتەوایەتییەکانی خۆیان بە شیوەی خودموختاری بە بێ ئەوەی باسیك لە سنووره نیونەتەوەیییەکانی ئیران بیننە گۆرێ، خەباتیان کردوە. کوردستان لە نیوان چوار وڵات دا دابەش کراوەو لە راستی دا هەریەك لەو چوار پارچەیە گیروگرفتی تایبەتو ریگاچارەی تایبەتیی خۆیان هەیە. کەواتە، بە سەرنجدان بە وەها بارودۆخیكو بە لەبەرچاوگرتنی هەلکەوتنی جوغرافیایی کوردستان، گونجاوترین ریگا ئەوەیە کە گیروگرفتی هەریەك لەم پارچانە لە چوارچیوەی ئەو وڵاتانەدا چارەسەر بکرێ کە کوردەکانی تێدا دەژین. ئەم ریگا چارەیە دەتوانێ بە شیوەی خودموختاری، فیدرالیزم یان هەر شیوەیەکی دیکە لە مافی دیاریکردنی چارەنووس بێ کە مافی نەتەوایەتیو دیموگرافیکی کوردەکانی تێدا رەچاو و مسۆگەر کرابێ. ئیمە لەسەر ئەو باوەرەین کە ئەم ریگا چارانە بۆ وڵاتیکی فرەنەتەوەیی وەك ئیران گونجاوترین ریگاچارەیە، ئیرانیك کە تییدا خەلکانیکی جۆراوجۆر بە تایبەتمەندیو شوناسی جیاوازەوە لە دراوسییەتی یەکتردا دەژینو هەریەك لەوان زمانو فەرهەنگیکی تایبەت بە خۆی هەبێ.

دۆزینەوەی چوارچیوەیەکی شیاو بۆ داهاتووی ئیرانو پیکهاتنی ئالوگۆر لە سیستمی چەق بەستووی ناوەندو پیکهینانی هەلی بەشداریی یەکسان بۆ هەموو نەتەوەکانی ئیران لەم وڵاتەدا کە دەسەڵاتی سیاسی تەنیا خراوەتە دەستی نەتەوەیەکی تایبەتەوە، دەبێ بخریتە سەرووی هەموو کاریکەوە.

وەها سیستمیك ریگا بە تەواوی نەتەوەکانی ئیران دەدا کە لە پیوەندی لەگەڵ بارودۆخی سیاسی خۆیانو پیشکەوتنو پەرەسەندنی وڵات لە بوارەکانی ئابووری، کۆمەڵایەتیو فەرهەنگی دا بۆچوونی خۆیان بخەنە روو. هەروەها مەسەلەی بوونی ژمارەیەکی زۆر فەرهەنگ لە گۆرێ دایە کە دەبێ تایبەتمەندییە هاوبەشە فەرهەنگییەکان بکرینە بنەمایەك بۆ گەشەسەندنی دیموکراسی لە ئیران دا.

تا ئەو جیگایەی کە پەیوەندی بە مافی دیاریکردنی چارەنووسەوە هەیە، ئیمە لە ماوەی سەدەی بیست دا لەگەڵ واقیعییەتیکی تاڵو نەگۆراودا بەرەوروو بووین. لە پیوەندی لەگەڵ ئەو شەرە گەورانەی کە روویان داوە، بەشیك لە نەتەوە زاڵەکان دەستیان تییان دا بووەو ریشەی ناکۆکییەکان دەگەریتەوە بۆ ناکۆکیی نیوان نەتەوەو دەوڵەتەکان.

یەکیك لە بەندەکانی پیوەندی نیوان مەسەلەی میللیو گیروگرفتی سەرچاوەگرتوو لە شەر، تیئۆری مافی بریاردانی چارەنووس بووە، باوەریك کە جەخت لەوە دەکا لە هەر جییەك نەتەوەیەك بژی هەقی خۆیەتی کە بە چەشنیك بە مافە نەتەوەیییەکانی شاد ببێ. ئەم واقعییەتانە بوونە هۆی ئەوە کە ئەم مەسەلەیە لە لایەن پریزدنت ویلسۆنو ئەوانی دیکەوە وەك یەکیك لە بنەماکانی ئاشتی سەرنجی بدریتێ. بەڵام هەروەك هەموان بە باشی دەزانین هەر ئەم واقعییەتە یەکیك لە هۆکارەکانی زۆربەی پیکدادانو شەروشۆرەکان بووە. مەرج نیە کە پیناسەی مافی دیاریکردنی چارەنووس لە هەموو کاتیك دا ببیتە هۆی دامەزرانی دەوڵەتیکی سەربەخۆ، بەڵام پیناسەکردنی مافی بریاردانی چارەنووس لە نیو وڵاتیکی یەك پارچە داو لە شیوەی خودموختاری بۆتە پرۆسەیەکی دیارو ئیستاشی لەگەڵ دا بێ وەك شیوەیەکی گونجاو هەر بایەخی دەدریتێ. تیئۆرییەك کە وەك چوارچیوەیەکی نیوە سەربەخۆ سەرنجی دراوەتێ، دەتوانێ ریگا چارەی دیکەی وەك لە سیستمی فدراتیف بە نموونە جیاجیاکانییەوە وەك سیستمی دوو نەتەوەییو هتدەوە، لێبکەویتەوە. ئەمە یەکیك لە بنەما فیکرییەکانی بزووتنەوەی کودو ریبەرەکانی لە وڵاتی ئیران دا بووە. ئەنانەت لە خودموختارییش دا کە یەکیك لە ریگاچارەکانی گەیشتن بە مافی بریاردانی چارەنووسە، کۆمەلیك یاساو ریسا بە سەری دا زاڵن کە بتوانرێ لە سەر ئەو بنەمایە چوارچیوەیەك بۆ ناوچەی خودموختار دەستنیشان بکرێ.

ناوچەی خودموختاری "کیبیك"ی کانادا لە بەراورد لەگەڵ هەریمی "باسك"ی ئیسپانیادا ریوشوینو چوارچیوەی جیاوازی هەیە.

یەکیك لە کۆڵەکەکانی خودموختاری، دیموکراسییە. ئەم دەرەنجامە تا ئەندازەیەك قسە هەڵدەگرێ. چونکە بە بێ بوونی ئاستیك لە شوناسی نەتەوەیی، بە چاوپۆشین لەوەی ئایا وەها دیاردەیەك پەیوەندی بە مافی هاووڵاتی بوونەوە هەیە یان ناسیۆنالیزمی نەتەوەیی، جویکردنەوەی ئەم دوو لایەنە لە یەك کاریکی دژوارە. ئەم مەسەلەیە دەبێ لە لایەن ئەو دەوڵەتانەوە کە ئامادەیە دان بە مافەکان دا بنێ و هەروەها لە لایەن نەتەوەیەکەوە کە خوازیاری خودموختارییە، دەبێ ریزی لێبگیرێ.

نەتەوە یان ناوچەیەکی خودموختار ناتوانێ لە ژیر دەسەڵاتی دیکتاتۆریو حکوومەتیکی پاوانخواز دا دریژە بە ژیانی خۆی بدا. کەواتە ئەگەر هەموو لایەنەکانی کیشەکە بگەنە ئەو ئاکامەی کە کیشەی نیوانیان چارەسەر بکەنو، دەوڵەت سەر بۆ جۆریك لە مافی سیاسیو میللیی خەلك دانەوینێ، دیاریکردنی چۆنییەتی بەندەکانی ریکەوتن دەبیتە بەشیك لە بەرپرسایەتییەکەیان. بە باوەری من، ئیستا ئیمە لە ئاستی جیهانی دا لەگەڵ وەها گیروگرفتیك دا رووبەرووین. جیهانیك کە هەموو ئیمە بەشیکین لەو بازارە یەکپارچەیەی کە سەرانسەری جیهانی گرتۆتەوە. ئەم مەسەلەیە کاتێ بەرەوپیش دەچێ کە بە کردەوە هەموو بەشدارانی ئەم بازارە لە هەندێ لە ئیستانداردو بایەخە بنەرەتییەکانی دا هاوبەشن، ئەگەر وا نەبێ ئیمە هەست بە سووکایەتی دەکەین.

هەرچەند کە کۆمەڵگای نیونەتەوەیی هیچ چەشنە ئالوگۆریك لە سنوورەکان دا پیك ناهینێ. بەڵام هەموان لە سەر ئەم خالە کۆکن کە بە چەشنیك مافو ئازادییەکانی ئەو گەلانە دابین بکرین کە خوازیاری خودموختارینو لە هەمان کاتیش دا ریز بۆ یەکپارچەیی وڵاتەکان دابنرێ. لە سەرەتای دەیەی ١٩٩٠وە تیئۆرییەك هەبوو کە باسی لەوە دەکرد کە کۆری گشتیی ریکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان مافی بریاردانی چارەنووس لە چوارچیوەی خودموختاری دا دەستنیشان بکا، بەڵام بە هۆی نەبوونی شیوەیەکی سیستماتیكو ئامادەنەبوونی زۆربەی وڵاتانی ئەندام کە لەوە نیگەران بوون ئاکامی وەها بریاریك لەوانەیە ببیتە هۆی تیکدانی یەکپارچەیی زۆربەی وڵاتەکانی جیهان، شکستی هینا. لەو کاتەوە تا ئیستا هیچ چەشنە باسو گفتوگۆیەك لە ئاستی کۆری گشتی دا نەهاتۆتە گۆرێ. ئیمە لەو باوەرەدا نین کە ئەو جیهانەی کە ١٨٨ وڵاتی سەربەخۆی تێدایە بە تەواوی جیهانیکی بێقەرەیەو کیشەی کەمایەتییە نەتەوەیییەکان چارەسەر کراوە.

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران کە زیاتر لە نیو سەدەیە بۆ ئازادی و دیموکراسی خەبات دەکا، هەمیشە سیاسەتی ئەوە بووە کە هەوڵ بۆ ئاشتی بداو هەرچەشنە توندو تیژییەك رەت بکاتەوە. بە سەرنجدان بە هەلویستە روونو ئاشکراکانی ئیمە سەبارەت بە ئاشتیو پیداگرتن لەسەر ئەوە کە گفتوگۆ تەنیا ریگاچارەی کیشەی کوردستانی ئیرانە، بەڵام بەداخەوە هەولەکانمان سوودیکی ئەوتۆیان نەبووەو دەوڵەتە ناوەندییەکان بە هیزی نیزامیو سەرکوتو تیرۆر وەڵامیان داوینەتەوە. گەلی کورد لە کوردستانی ئیران دا تەنیا بۆ بەرپەرچدانەوەی هیرشو سەرکوتی ریژیم بەرگری لە خۆی کردووەو بە دژی دەوڵەت راپەریوە.

بۆ چارەسەرکردنی کیشەکە لە ریگای گفتوگۆی ئاشتیخوازانەوە هەمیشە بەشیکی بنەرەتی لە سیاسەتی ئیمە بووە. شایانی باسە کە ریبەری مەزنمان دوکتور عەبدولرەحمانی قاسملوو لە رۆژی سیزدەی ژووئیەی ١٩٨٩دا لە لایەن دەستەیەکەوە تیرۆر کرا کە لە روالەت دا لە لایەن ریژیمەوە بۆ گفتوگۆو دۆزینەوەی ریگا چارەیەکی ئاشتیخوازانە بۆ کیشەی کوردستان رەوانە کرابوون. سێ ساڵ دواتر سکرتیری گشتیی حیزبەکەمان "دوکتور صادقی شەرەفکەندی" لە رۆژی حەڤدەی سیپتامبری ١٩٩٢دا لە لایەن تیرۆریستانی هەمان ریژیمەوە تیرۆر کرا. لە ریکەوتی ١٠ی ئاوریلی ١٩٩٧دا حوکمی دادگای بیرلین کە بە "میکونووس" ناسراوە، دەرکراو بەرپرسانی پایەبەرزی کۆماری ئیسلامی وەك گەڵاڵە داریژەرانی ئەم کردەوە تیرۆریستییە بەرای گشتیی جیهان ناسینران، ئەو بەرپرسانەی کە ئیستاشی لەگەڵ دابێ بە هەموو شیوەیەك پشتیوانیی لە گرووپە تیرۆریستییەکانی ناوەوەو دەرەوەی ئیران دەکەن. ئاغای خاتەمی، لە دەورانی سەرەك کۆمارییەکەیدا، زۆر جار و لە بۆنە جیاجیاکان دا لەبارەی "حکوومەتی یاسا"و "کۆمەڵگای مەدەنی"و "ئیران بۆ هەموو ئیرانییەکان"، "وتوویژی شارستانییەکان"ەوە بە شیوەیەکی تەمومژاوی دواوە. ئاغای خاتەمیو لایەنگرانی کە بە "ریفۆرمخواز" ناسراون، دژی موحافیزەکاران سەنگەریان گرتووەو دەلاقەیەکی بچووکیان [لەبواری سیاسیدا] کردۆتەوە.

خەلکی ئیران، رۆژنامەنووسان، مامۆستایان، خویندکاران، تەنانەت نوینەرانی پارلمان بۆ بەدیهینانی کەشوهەوایەکی ئازاد لە ئیران دا کە وەڵامدەری خەلك بێ تێکۆشاونو خەباتی ئەوان لەم پیناوەدا ئیستاش دریژەی هەیە. بەڵام، هەرچەند هەلی گەورەو پشتیوانیی بەرینی خەلك بۆ بەدیهینانی ئالوگۆری دیموکراتیك لە ئیران دا رەخساون، کەچی ئاغای خاتەمی نەیتوانیوە لەم رووبەروو بوونەوەیەدا کاریگەرییەکی ئەوتۆی هەبێ. لەوانەیە هۆیەکەی بۆ ئەوە بگەریتەوە کە خۆی بەشیکی دانەبراو بەو ریژیمەیە. بیگومان ئەو قانوونی ئەساسیو بنەما فەلسەفییەکانی قبووڵ کردوە، قانوونیك کە لە سیستمی سیاسیی زاڵ بەسەر ئیران دا هیچ ئۆرگانیکی ئازادو هەڵبژیردراوی خەلکی تێدا ناگونجێ. وەلیی فەقیه و تاقمیك توندرەوی هەڵنەبژیردراو کە بە پیی ماددەی ١١٥ی قانوونی ئەساسی هیزیکی زۆریان پێ بەخشراوە، توانیویانە ریفۆرمخوازەکان لە مەنگەنە بنینو دەسەڵاتی توندرەوانەی خۆیان بچەسپینن. لە کۆتایی دا دەبێ بگوترێ کە ئەگەر مافو ئازادییەکانی گەلی کورد لە چوارچیوەی ئەو وڵاتانەدا کە کوردیان تیدا دەژی بە رەسمی بناسرین ئەم هەنگاوە دەتوانێ ببیتە هۆکاریکی گرنگی هیوری و ئاشتی لە رۆژهەڵاتی نیوەراست دا. بە واتایەکی دیکە ئەگەر لەو ولاتانەدا دیموکراسی بچەسپێو کوردەکان لە بەریوەبردنی کاروباری خۆیان دا ئازاد بن و لە کاروباری وڵات دا بەشیکی رەوایان بدریتێ دەتوانن لە کەم کردنەوەی گرژیی لە نیوان ئەو وڵاتانە رۆلیکی بەرچاو بگیرنو لە سەردەمی جیهانگیریدا ئەوان بەرەو ئاشتی یەکجارەکی رینوینی بکەن. حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران وەك هەمیشە پێ لەسەر سیاسەتی ئوسوولیی خۆی دادەگرێ و ئەو سیاسەتە ئوسوولییەی حیزب هیچ پەیوەندییەکی بە سیاسەتی خاتەمی و خامەنەییەوە نیە. ئامانجی ئەم سیاسەتە پیکهینانی کۆمەڵگایەکی مەدەنیو سیکۆلارەو پشتیوانی لە کەسانیك دەکا کە خوازیاری ئازادی، دیموکراسی، مافی مرۆڤ، هەلی یەکسانی ئابووری، پەروەردەو فیرکردن بۆ هەموو ئیرانییەکانن. ئیمە هیشتا لەسەر ئەو باوەرەین کە دەبێ کیشەی کورد لە ریگای گفتوگۆی ئاشتیخوازانەوە چارەسەر بکرێ. ئیمە بە سنگ فراوانییەوە پیشوازی لە هەر دەسپیشخەریو پیشنیاریك دەکەین کە ببیتە هۆی بەدیهینانی کۆمەڵگایەکی پیشکەوتوو و رەوتی ئازادیو دیموکراسی لە ئیران دا خیراتر بکا.

ଓଓଓ

# ئایا ڕاگەیاندنی هەلومەرجی نائاسایی پیویستە؟

م: مەعرووفی

لە کۆتاییەکانی مانگی ڕابردوودا ژمارەیەك لە پاوانخوازانی توندرەو لە نامەیەکدا داوایان لە خامەنەیی ڕیبەری ڕیژیم و هیندیك لە کاربەدەستانی دیکە کردوە کە هەلومەرجی نائاسایی لە وڵاتدا ڕابگەیەنن. لەو نامەیەدا داوا کراوە کە ڕیوشوینیکی سەختتر بۆ چاپەمەنی دابنرێ، مۆرە هەلسوورو لەبەرچاوەکانی سەر بە قۆڵی ریفورمخواز بەریان پێبگیرێ و هەلویست و ستراتیژییەکی ڕوون لە بەرامبەر هیرشی ئیحتیمالی ئەمریکا بۆ سەر عیراق بگرنەبەر.

بە دوای بڵاوبوونەوەی هەوالی نووسرانی ئەم نامەیەدا ژمارەیەك لە مۆرەکانی موحافیزەکار حاشایان لە نووسینی نامەیەکی ئەوتۆ کردو ژمارەیەکیشیان وەڵامی ڕەتیان بەو نامەیە دایەوە. دیارە ئەوە یەکەم جار نیە کە لە نیو قۆڵی موحافیزەکاراندا داوای لەم چەشنە لە کاربەدەستانی ئەسلیی ڕیژیم دەکرێ. چونکە موحافیزەکاران بە تایبەتی لەم دواییانەدا مەجلیسی شوورای ئیسلامییان بە "مەجلیسی ئەمریکایی"و ریفورمخوازانیش بە "سەربازانی پیادە نیزامی جۆرج بووش" ناوبردوە، هەر بۆیە پیش پێگرتن یان لابردنیان بە پیویست زانیوە. ئەم جۆرە نامەو داواکاریانە بەر لەهەموو شتیك نیشانەی ئەوەیە کە موحافیزەکاران لە دژایەتی لەگەڵ ریفورمخوازەکاندا هەلویستیکی یەکدەست و هاوبەشیان نیە. موحافیزەکاران هەموویان لە دژایەتی و کارشکینی لەگەڵ ریفورمخوازاندا هاوبەشن، بەڵام لەسەر چۆنیەتیی دژایەتی کردن و بەربەرەکانێ لەگەڵ کردنیان ناکۆکن و خاوەنی هەلویستی جیاوازن. بۆچوونیك لە نیوموحافیزەکاراندا ئەوەیە کە دەبێ ڕیژیم ئەو پۆست و دامودەزگا حکوومەتییانەی کە لەبەر دەستی ریفورمخوازان دان لە دەستیان دەربینن و لە حکوومەت وەدەریان نین و ڕیژیمەکە یەکدەست بکەن و وەزعیکی وەك کوودیتا لە دژی ریفورمخوازان پیك بینن. ئەو شیوە بۆچوونە لەم نامەیەداو لە ڕاگەیاندراوی سوپای پاسداران لەم دواییانەدا بە ڕوونی دیارە. بەڵام بۆچوونی دیکە لە نیو موحافیزەکاراندا کە بۆچوونی حاکمە ئەوەیە کە هەم بە لەبەرچاوگرتنی ڕادەی پیگەو نفووزی خۆیان لە ناوچەو لە دنیای دەرەوەداو هەم پەرەگرتنی نارەزایەتی و بیزاریی کۆمەڵانی خەلك لە ڕیژیم، بێ ئەوەی هەلومەرجیکی ئەوتۆ ڕابگەیەنن و دژکردەوەی نیوخۆو هیرشی تەبلیغاتی دنیای دەرەوەی بەدوادا بێ، وردە وردەو لە دریژماوەدا هەولیان داوەو هەوڵ دەدەن بەو مەبەستە بگەن. کاتیك ئەو داواو مەبەستانەی لەو نامەیەدا هاتوون بەشی هەرە زۆریان تا ئیستا وەدی هاتوون و وێ دەچێ لە داهاتووشدا بە تەواوی بەجییان بگەیەنن بۆچی هەلومەرجی نائاسایی ڕابگەیەنن و مەترسی دژکردەوەیەکی بەربڵاو بۆخۆیان پیك بینن؟

ئەم جۆرە نامەو داواکاریانە دەرفەتیك بۆ خامەنەیی، ڕیبەری ڕیژیم و کاربەدەستانی دیکەی موحافیزەکار پیك دینێ کە بەرەتکردنەوەیان لە لایەك ژیستی ئازادیخوازی و بێلایەنی لە کیشەکانی نیوخۆی دەسەڵاتدا بگرن و لە لایەکیش لە پەنای ئەوەدا زەبریکی دیکە لە ریفورمخوازی و بێلایەنی لە کیشەکانی نیوخۆی دەسەڵاتدا بگرن و لە لایەکیش لە پەنای ئەوەدا زەبریکی دیکە لە ریفورمخوازان بوەشینن، هەم بێ دلیی ئەو کەسانەیان نەکردبێ کە ئەو جۆرە داواکارییانەیان هەیەو هەم ستراتیژی خۆیان لە بەرامبەر ریفورمخوازاندا بردبیتە پیش.

کاتیك موحافیزەکارەکان دەتوانن هەر ڕۆژەی ڕۆژنامەیەك دابخەن، هەر ڕۆژەی کەسایەتییەکی جیابیر دەکونجی زیندان بپەسیون و تەنانەت نوینەرانی مەجلیس بانگ بکەنە دادگاو مەحکووم بە زیندان و شەللاق لیدانیان بکەن و هەر جینایەتیکی ئەنجامی دەدەن دەتوانن بەردی لەسەر دانین و وەڵامی بیروڕای گشتی نەدەنەوەو سەرکۆمار واتە ڕیبەری قۆڵی ریفورمخوازیش هەموو جارێ بە هیندیك وردە گلەیی و پەندو مەوعیزە کە ڕوون نیە ڕووی قسانی لەکێیە واز دینێ، ڕاگەیاندنی هەلومەرجی نائاسایی بۆ چیە؟

نزیکەی ٢٤ ساڵ دەسەڵاتی ئەو ڕیژیمە بەسەر وڵاتەکەماندا هەلومەرجی نائاسایی زاڵ نەکردوە؟ لە هەر وڵاتیکدا ڕیژیمیکی وەك کۆماری ئیسلامی بیتە سەر کار هەلومەرجی نائاسایی بەسەر ئەو وڵاتەدا زاڵ دەبێ. لەوەتەی ئەو ڕیژیمە لەسەر کارە کەنگێ خەلکی وڵاتەکەمان لە هەلومەرجی ئاسایی دا ژیاون؟ بیکاری لەو ڕادە بەربڵاوەدا، هەژاری، ئیعتیاد، کۆچی بەرچاوی خەلك بۆ دنیای دەرەوەو ڕاکردنی میشکەکان بە ڕادەیەکی زۆر، هەلومەرجی ئاساییە؟ لە کام وڵاتدا بە ڕادەی وڵاتی ئیمە ڕۆژنامەنووس، خویندکارو ئازادیخواز لە زیندان دان؟ ئایا لە هەلومەرجی ئاساییدا کۆڕو کۆبوونەوەی جۆراوجۆر لە لایەن گۆپاڵ بەدەستان و چەقۆکیشانەوە هیرشیان دەکریتە سەر؟

لە ڕاستیدا ڕیژیمی کۆماری ئیسلامی بریتییە لە دوو دەوڵەت: یەکەمیان دەوڵەتیکی نارەسمی بەڵام دەسەڵاتدارو خۆسەپین. دووهەمیان دەوڵەتیکی ڕەسمی و بێ دەسەڵات کە بەرپرسایەتیی بەریوەبردنی کاروباری وڵاتی لە ئەستۆیە، بەڵام توانای بەریوەبردنی نیە. مەجلیسی شوورای ئیسلامی کە لایەنگری دەوڵەتی ریفورمخوازە هەموو قانوون و پەسندکراوەکانی لە لایەن ئۆرگانە دەسەڵاتدارەکانی سەر بە قۆڵی موحافیزەکارەوە ڕەت دەکریتەوە، هیزی نیزامی کە دەبێ لە بەر دەستی دەوڵەتی ڕەسمیدابێ بە کردەوە لەبەر دەستی موحافیزەکاران دایە، داهات و دەرامەتی وڵات کە دەبێ لەبەر دەستی دەوڵەتدا بێ بەکردەوە بەشی بەرچاوی لەبەر دەستی ئەو نیهادو ئۆرگانانەدایە کە سەربە قۆڵی موحافیزەکارن وەك بنیاتی بەناو "مستضعفان"و "آستان قدس رضوی". پیویستە بگوترێ دەوڵەتی خاتەمی چەندین میلیۆن دولار بە نیهادیکی نامەسئوولی وەك ئاستانی قدسی ڕەزەوی قەرزدارە! سیاسەتی دەرەوە بەکردەوە لە لایەن موحافیزەکارانەوە دادەریژرێ و زۆر جار دەوڵەت ئاگای لە پیوەندییەکانی دەرەوەی ڕیژیمەکەی نیە کە بە نهینی بەریوە دەچن، هەربۆ نموونە وتوویژی نهینی لەگەڵ ئەمریکا بە هۆی چەند مۆرەی سەر بە موحافیزەکار بە تایبەتی مەهدی هاشمی کوری هاشمیی ڕەفسەنجانی ئەو ڕاستییە دەسەلمینێ، موحافیزەکاران تەنانەت زیندان و دەزگای جاسووسی و ئیتلاعاتیی سەربەخۆیان هەیەو بێ منەت لە دەوڵەتی خاتەمی دریژە بە حکوومەتی خۆیان دەدەن. لە وەزعیکی ئاوادا ڕاگەیاندنی هەلومەرجی نائاسایی جگە لەوەی کە بیروڕای دەرەوەو نیوخۆ لە دژی خۆیان بورووژینن چ مانایەکی دەبێ؟ هەر بۆیە موحافیزەکاران کە لە لووتکەی دەسەڵات دان ئەو داواکارییەیان ڕەت کردەوەو موخالیفی چوونە دەری ریفورمخوازان لە دەسەڵاتن کە جاروبار ریفورمخوازان وەك هەڕەشە باسی لیوە دەکەن. چونکە چوونەدەری ریفورمخوازان بە نیشانەی ڕاگەیاندنی ئیعترازو شکستی ریفورم و ئالوگۆر لە چوارچیوەی ئەم ڕیژیمە دایەو جۆریك هاندانی بیروڕای گشتییە لە دژی موحافیزەکارانی پاوانخواز.

داوای ڕاگەیاندنی هەلومەرجی نائاسایی لە ڕاستییەکەوە سەرچاوەی گرتوە کە هەروەك لە نامەکەدا هاتوە، بریتییە لە ترس و نیگەرانیی ڕیژیم لە ئیحتمالی هیرشی ئەمریکا بۆ سەر عیراق و ئیحتیمالی حوزووری نیزامیی ئەمریکا لە سنوورەکانی ڕۆژئاوای ئیران. ئەو بۆچوونە لە نیو موحافیزەکاراندا دەیەوێ بە پەلە ریفورمخوازان بێ وەبەرچاوگرتنی ئاکامەکانی لە حکوومەت وەدەرنێ، تا چ لە کاتی بەرەوروو بوونەوە لەگەڵ مەترسییەکانی ئەو ئیحتیمالەو چ لە کاتی وتوویژ لەگەڵ ئەمریکادا کە دەنگۆی بە نهینی لەگۆڕێدا بوونی بەهیزە بۆخۆیان بن. چونکە موحافیزەکارانی پاوانخواز جگە لەوەی کە بیروبۆچوونی جیاواز ـ تەنانەت ئەگەر لە خزمەتی ڕیژیمیشدا بێ ـ ڕقەبەر لە بەرامبەر خۆیاندا تەحەمول ناکەن، لە هەر دوو حالەتدا بوونی ریفورمخوازان بە باش نازانن.

ریفورمخوازان لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا کە بە هۆی دروشم و وەعدەو بەلیناتەکانیان توانیویانە لە هەلبژاردنەکاندا دەنگی زۆربەی خەلك بۆخۆیان مسۆگەر بکەن و چەندین پۆست و ناوەندی گرنگی حکوومەتی بەدەستەوە بگرن، لە بەرامبەر دوو تاقیکردنەوەی دژبەیەکدا شکستیان خواردوە. یەکەم، لەو ماوەیەدا توانا و ئیرادەی وەدیهینانی هیچ کام لەو وەعدەو بەلینانە کە بە خەلکیان دابوو نەبوو خەلك هیواو هومیدی بەوان و بە تەواوەتیی ڕیژیم نەماوە. دووهەم، ئەو بێتوانایی و بێ ئیرادەییە خودی موحافیزەکارانیشی هیناوەتە سەر ئەو باوەڕە کە کاتیك ئەو قۆڵە سەرەڕای لە پشت بوونی دەنگی خەلك توانا و ئیرادەی ستراتیژییەکانی خۆیانی لە نیوخۆی وڵاتدا نەبووە لە بەرامبەر هەڕەشەکانی دەرەوەش هەروا بێئیرادەو بێتوانا دەبن. هەربۆیە بە پیویستی دەزانن لە کاتیکدا ڕیژیم هەڕەشەی جیددی لەسەرە پیویستە ریفورمخوازان کە خالی لاوازی ئەو ڕیژیمە پیك دینن لە سەر ڕیگەی خۆیان وەلابەرن. کاتیکیش لەگەڵ ئەمریکا بکەونە وتوویژەوە موحافیزەکاران ئیجاز نادەن ریفورمخوازان خۆ دەو مەسەلە گرنگە هەڵ قوتینن یان ڕەوتی وتوویژەکە بەدەستەوە بگرن و وەك کارتی سەرکەوتن لە نیو خەلکدا کە خوازیاری دامەزراندنی پیوەندی لەگەڵ ئەمریکان بە کاری بینن.

جگە لە هەمووی ئەوانەش ئەگەر ریفورمخوازان لە مەیداندا نەبن موحافیزەکاران کە دەسەڵاتی ئەسلیی ئەو ڕیژیمەیان بە دەستە لە پیوەندی لەگەڵ دنیای دەرەوەدا لە هەموان زیاتر زەرەریان وێ دەکەوێ. چونکە ئەو کات وڵاتانی دەرەوە بە تایبەتی یەکیەتیی ئورووپا کە پیوەندییەکی بازرگانیی بەرینیان لەگەڵ ئیراندا هەیە، بیانوویەکیان بۆ ئەو پیوەندییەو دەسمایە دانان لە ئیراندا نامینێ و ئەو ڕیژیمە زیاتر لە هەرکات تەریك دەکەویتەوە. ریفورمخوازان ئەو قازانجەیان بۆ ڕیژیم هەبووە کە هەوڵ بدەن ڕوویەکی دیکە لەو ڕیژیمە بە دنیای دەرەوە نیشان بدەن و هەوڵ بدەن ئەو هەموو جینایەتانەی قۆڵی دەسەڵاتداری ئەسلی پاساو بدەن.

بەهەرحاڵ ریفورمخوازان و لە سەرووی هەموویانەوە خاتەمی لە سیاسەتەکانیاندا بە جۆریك شکستیان خواردوەو بە ڕادەیەك لە بەرامبەر قۆڵی موحافیزەکاردا دەستەوەستانن کە نەیان توانیوە وەك کۆسپ و لەمپەریك لەبەرامبەر سیاسەتە پاوانخوازییەکانی ئەو قۆڵەدا ڕاوەستن تا هەلومەرجی نائاساییان لە دژی بەریوە بچێ. مەسەلەیەکی جیددی کە هەڕەشە لەو ڕیژیمە دەکا پەرەگرتنی ئیعتیرازو نارەزایەتییەکانی کۆمەڵانی خەلکە کە لە چوارچیوەی ویست و داخوازی ریفورمیستانە هاتۆتە دەر لە بەرامبەر تەواوەتیی ئەو ڕیژیمەدا لەگۆڕێ دایە.

## بەیاننامەی گرووپی کاری ئەنتیرناسیونالی سوسیالیست لە بارەی مەسەلەی کورد

ڕۆژەکانی ٢٧ ـ ٢٦ی ئووتی ٢٠٠٢ گرووپی کاری ئەنتیرناسیونالی سوسیالیست لە بارەی مەسەلەی کورد بە هاوکاری لەگەڵ بنیاتی ئولاف پالمە سمیناریکی لەسەر کەمایەتییە نەتەوەییەکان، دەوڵەتە خودگەردانەکان و دیمۆکراسی لە عیراق، ئیران و تورکیەدا بەریوە برد. لەو کۆبوونەوەیەدا نوینەرانی SAP، SPD، PS ی فەرانسەو هەروەها حیزبی دیمۆکراتی کوردستان (ئیران)، HADEP (تورکیە)، یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان (عیراق)و کۆمەلە (ئیران) بەشدار بوون. هەروەها CHP(تورکیە)یش بانگهیشتن کرابوو.

گرووپی کاری ئەنتیرناسیونالی سوسیالیست باشتر بوونی وەزعی هاوکاریی نیوان پارتی دیمۆکراتی کوردستان و یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانی عیراقی دایەبەر سەرنج و پشتیوانیی لە داخوازی گەلی کورد لە عیراق بۆ گەیشتن بە عیراقیکی یەکگرتووو فیدراڵ کرد. گرووپی کاری ئەنتیرناسیونالی سوسیالیست، ویڕای مەحکووم کردنی سەرکوت، پاکسازیی قەومی و هەموو شیوەکانی دیکەی تیرۆریزم و یەك لەوان "انصارالاسلام" لە عیراق و هەروەها لە سەرانسەری ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نیوەڕاست، پشتیوانیی هەرچی زیاتری خۆی لە ویستەکانی خەلکی عیراق بە مەبەستی پیکهینانی ئالوگۆری دلخواز ڕاگەیاند.

بە گویرەی پەسند کراوەکانی ڕیکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، کۆمەلەی دەوڵەتان دەبێ بە مەبەستی پشتیوانی لە ئامانجەکانی خەلکی عیراق لە بارەی پیکهینانی وڵاتیکی دیمۆکراتیك و فیدراڵ کە لەودا ڕیز بۆ مافی مرۆڤ دابنرێ و قانوون زاڵ بێ، هاوکاریی یەکتر بکەن. هەر لەو کاتەدا گرووپی کاری ئەنتیرناسیونالی سوسیالیست لە سەر ئەو مەسەلەیە پیی داگرت کە بنیاتنانی عیراقی داهاتوو دەبێ ئەرك و بەرپرسایەتیی پیکهینەرانی پیکهاتەی جۆراوجۆری خەلکی ئەو وڵاتە بێ و دەبێ بەر بە هەرچەشنە خۆتیهەلقوتاندنیکی ناوچەیی بگیرێ.

گرووپی کاری ئەنتیرناسیونالی سوسیالیست، بە پیداگرتنەوە بە تایبەتی لە دەوڵەتە ئورووپاییەکان و حیزبە سیاسییەکان داوای کرد بە هەست بە بەرپرسایەتی کردنەوە تێبکۆشن بۆ مەسەلەی عیراق و توندوتیژییە خویناوییەکانی ڕۆژهەڵاتی نیوەڕاست، ڕیگاچارەی گونجاو بدۆزنەوە.

گرووپی کاری ئەنتیرناسیونالی سوسیالیست بە ڕەزامەندییەوە ریفورمە قانوونییە پەسندکراوەکانی ئەم دواییانەی تورکیەی دایە بەر سەرنج و وەك هەنگاویك بۆ لیك نزیك کردنەوەی هەرچی زیاتری یەکیەتیی ئورووپا و تورکیە هەڵیسەنگاندو تورکیەی هاندا بۆ جێبەجیکردنی ئەم پەسندکراوە قانوونییەو دەستەبەر کردنی بەریوەچوونی هەلبژاردنیکی ئازاد لە مانگی نوامبرداو داوای کرد تورکیە لە سەر تەکمیل کردنی ریفورمە قانوونییەکانی لە ڕیگای ڕاگەیاندنی لیبوردنی گشتی بۆ تیکۆشەرانی سیاسیی کورد و لایەنگرانی مافی مرۆڤ و ڕیگا دان بەوان بۆ بەشداریی کاریگەر لە بەریوەبردنی کاروباری سیاسیدا، بەردەوام بێ. گرووپی کاری ئەنتیرناسیونالی سوسیالیست بە گەرمی پیشوازیی لە وەرگیرانی ئەم دواییانەی HADEP بە ئەندامی بنەماڵەی ئەنتیرناسیونالی سوسیالیست کرد.

گرووپی کاری ئەنتیرناسیونالی سوسیالیست سەرنجی دایە ئالوگۆرەکانی نیوخۆی ئیران و هەموو هیزەکانی لایەنگری دیمۆکراسی و مافی مرۆڤ بۆ دریژەدان بە ڕیگایەك کە بە مەبەستی گۆرانکاری و ریفورم گرتوویانەتەبەر، هان دا. لەم پیوەندییەدا گرووپی کار لە سەر پیویستیی دیتنەوەی ڕیگاچارەیەك بۆ مەسەلەی کورد لە ئیران کە ڕیزدانان بۆ بایەخە پیوەندیدارەکان دەستەبەر بکا، پیی داگرت. گرووپی کاری ئەنتیرناسیونالی سوسیالیست ستایشی ئەو هەلویستە واقعبینانانە دەکا کە حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئیران گرتوونی.

## خەرمانانی ١٣٦٧

# مانگی کوشتاری بە کۆمەلی زیندانی‌یانی سیاسی، مانگی فرمیسکو جینایەت، مانگی پەلامار دانی زیندانی‌یان

## ساتیك لەگەڵ ئەو پۆلە تیکۆشەرەی کە پەردە لە سەر رازەکانی خەرمانانی ٦٧ هەڵدەدەنەوە

**خالید محەممەدزادە**

دەقی نامەی خومەینی سەبارەت بە ئیعدامکردنی زیندانی‌یانی سیاسی

**بسم‌الله‌الرحمن الرحيم**


**بەو پێیە کە دژی شۆرش بە هیچ شیوەیەك باوەریان بە ئیسلام نیەو هەرچی‌یەك دەیلین فرتوفیڵو حیلەو ئـاژاوە نانەوەیـەو تەنانـەت بـە پیـی ئیعتـیرافی ریبـەرانیان، لـە ئیسـلام وەرگەراونەتەوەو بە سەرنجدان بە کافربوونیانو شەرە چریکی‌یەکانیان لە باکوورو رۆژئاواو باشووری ولاتـداو هاوکاریيان لەگەڵ حیزبی بەعسی عیراقو هەروەها سیخوریيان بۆ ســەدام دژی میللەتی موسلمانی ئیمەو بە سەرنجدان بە هاوکاریيان لەگەڵ ئیستکباری جیهانیو زەربە لیدانی ناجوامیرانەیان لە نیزامی کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتاوە تا ئیستا. ئـەو کەسـانەی کە لە زیندانەکانی ولاتـدا لە سەر دژایەتیی خۆیان پێدادەگرن، کافرنو دەبێ ئیعدام بکرین. ئەم کارەش لە تاران دا دەکەویتە ئەستۆی ئاغایـان حوجەتولئیسـلام نـەیری قـازیی شـەرعو جەنابی ئاغای ئەشراقی دادستانی تارانو نوینەریك لە وەزارەتی ئیتلاعتت. هەروەها لە ناوەندی ئوستانەکانی ولاتیش دەنگی زۆربەی ئاغایان قازیی شەرع، دادستانی شۆرشو نوێ نـەریکی وەزارەتی ئیتلاعات پیویستە. بەزەیی هاتن بە کافراندا گەمژەیی‌یە. رەفتاری توندی ئیسلام لە بەرامبەر دوژمنانی خوداداد لە بناغە گومان هەلنەگرەکانی نیزامی ئیسلامی‌یە . هیوادارم بـە رقو توورەیی شۆرشگیرانەتان لە بەرامبەر دوژمنان ببنە جیگای رەزامەندیی خودا. ئەو ئاغایانەی بەرپرسایەتی ئەم کارەیان دەکەویتە ئەستۆ شـكو گومـانو دوو دلـی لـە خۆیـان پیشـان نەدەنو هەوڵ بدەن "اشدا علی الکفار" بن. گومان لە قەزاوەتی ئیسلام، لەبەرچاو نەگرتنی خوینی پاکی شەهیدانە**

**والسلام**

**روح‌الله‌الموسوی الخمینی**

پاش هەشت ساڵ شەری مالویرانکەری ئیرانو عـیراق، خومـەینی تاوانبـاری سـەرەکی ناچـار بـە خواردنـەوەی جـامی ژەهری ئاگر بەس کراو بریارنامـەی ٥٩٨ی شـوورای ئەمنییـەتی ریکخـراوی نەتـەوە یەکگرتووەکانی بە نابـەدلی قبـووڵ کـردو شەر لـە دژی ولاتیکـی خـاریجی راوەسـتا. بەلام ماشینی کوشتار " بۆ ئاودیر کردنـی داری ئیسـلام" دەبوایـە ریگـای خـۆی بپیوایـەو نرخـی ئـەم کـارەش دەکەوتـە ئەسـتۆی زیندانییـانی سیاسـیو رۆڵـە بـەندکراوەکانی خـەلکی ئـیران لـە زیندانـەکانی ولاتدا. هەربۆیـە پـاش راگەیاندنی کۆتایی هـاتنی شـەری هەشت ساله، کوشتاری بـە کۆمـەلی زیندانییـانی سیاسی لـە تـەواوی زیندانـەکانی ئـیراندا دەستی پێکرد. مانگی گـەلاویژی هـەمان ساڵ دەرگای زیندانەکان بە رووی بنەمالەی زیندانییان داخران. هەیئەتیکی سێ کەسـی مەرگ بریتی لە: رازینی، ئەشراقیو نەیری لە لایەن خومەینی‌یەوە بـەرەو زیندانـەکان بـەرێ کـەوت. لـە هـەر زیندانیـكدا، دادگایەکی روالەتیی چەند دەقیقەیی پـیك هات. دەستەی مـەرگ سـێ پرسـیاری لـە پیشدا داریژراویان وەك: موسلمانیت؟ نویـژ دەکەی؟و حاشا لە ریکخراوەکەت دەکـەی؟ لە گەڵ خۆی هەڵگرتبوون. وەلامدانەوەی بە پیچەوانە بە هەرکام لەو پرسیارانە حوکمـی ئیعدامـی بـەدواوە بـوو. زۆرجـاریش وەلامدانـەوەی دروسـتیش دیسـان مـەرگی بەدوای خۆیدا دەهینا.

زیندانـی ئـەوینی تـاران یەکـەم مەنزلگەی پیادەکردنی حوکمـی خومـەینی بوو. کە بە هەزاران زیندانیـی سیاسـی لـە ماوەیـەکی کـورتدا کۆتـایی بـە ژیانیـان هـاتو لـە گـۆری بـە کۆمـەڵ هـاویژران. جوخەکانی ئیعـدامو تیربـاران زیندانـەکانی دیکـەی ولاتو بەتایبـەتی کوردسـتانیان گرتـەوە. نـیردراوانی خومـەینی لـە زیندانـەکانی کرماشـان، سـنە، سـەقز، مەهابادو ورمێو . . . دامەزران. لە نیوان مانگەکانی گـەلاویژ تـا کۆتـایی رەزبـەری هەمان ساڵو کەمتر لـە دوو مـانگ دا بـە هەزاران زیندانیی سیاسـیی کـورد ئیعـدام کران. لە نیو ئیعدام کراوەکـاندا بەشیکی بەرچاو لە تیکۆشەرانی دیمۆکرات دەبیـنران کە پـاش چـەندین سـاڵ زیندانـی کردنیـان کەوتنـە بەرماشـینی ئیعدامـی کۆمـاری ئیسـلامیو لـەژیر نـاوی "پاکسـازی"دا دەسـتە دەسـتە ئیعـدام کـرانو لـە گـۆری بەکۆمـەڵدا نیـژران. لـە نیـو ئـەم تیکۆشەرانەدا بە دەیان کادرو پیشـمەرگەو لایەنگری حیزبو چەندین شیرە ژنی کـورد دەبینران کە بـە شیوەیەکی درندانـەو بـە دوور لە هـەر نسـیبیکی ئینسـانیو پـاش




**محەممەد ناسری**

چەندین ساڵ تەحەمول کردنـی ئەشکەنجەی بـەردەوام ـ لـە کـاتیكدا کـە بەشـیکیان ماوەی زیندانی بوونیان تەواو کردبوو دەبـوا ئـازاد بکرایـەن ـ کەوتنـە بـەر پـەلاماری مەغول ئاسای ریژیمو تیکـەڵ بـە کـاروانی شەهیدانی ریگای نیشتمان بوون. جینایەتی کۆماری ئیسلامی دەرحەق بە زیندانییـانی سیاسی هیندە بەربلاوو بێبەزەیی‌یانـە بـوو کە هەر ئەوکات بە کارەسـاتی میللـی لـە ئیراندا ناوی نراو بـە سـەدان بنەمالـە بـێ ئاگا لە چارەنووسی جگەرگۆشەکانیان رەش پۆش کرانو ئیستاشـی لەگـەڵ بـێو پـاش تێپەرینی ١٤ ساڵ لەو جینایەتە سامناکە چارەنووسـی بەشـیکی زۆری زیندانییـان نادیارەو هیچ هەوالیك لە بارەیانەوە نیە.

لـەم ریپورتـاژەدا دەبینـە خوینـەری بەشیك لە رازە نـەگوتراوەکانی خـەرمانانی ١٣٦٧ی زیندانـەکانی کرماشـان، سـنە، سەقزو ورمێو . . . لە لایـەن پۆلیـك لـە تیکۆشـەرانی حـیزبی دیمۆکراتـەوە کـە بۆخۆیان هەر ئەو کات لە ریزی زیندانییانی سیاسی‌دا بوونو بە چاوی خۆیـان شـاهیدی پەلاماری پاسدارانی ریژیم بـوون. کەواتـە ئـەوە ئیـوەو هەلبژاردەیـەك لـە بیرەوەری‌یەکانی ئەو هاوریيانە.

### هاورێ شامراد سەفەری:

کاتێ کە گیرام بۆ مـاوەی ٤٣ رۆژ لـە زیندانـی شـائابادی کرماشـان لـە ژیـر زەوی‌یـەكدا رایـانگرتمو زۆر وەحشـیانە ئەشکەنجە کرام. بە چاوی خۆم دیم کـە زۆر ئینسانی بێتاوان لە ژیر ناوی جۆراوجـۆردا ئیعـدام کـران. پاشـان بیسـتم کـە چـەند هاورێیـەکی حـیزبیش هـەر ئـەو مانگـە ئیعـدام کـراون. زیندانی‌یـەکانیان جیـا کردبۆوە کە کەس ئاگای لـە کـەس نـەبێ. رۆژیکیان بردمیانـە دادگـاو شـاکییان بـۆ دروست کردبووم. یەکیکیان گوتـی برامـی کوشتوەو ئـەوی دیکـەیان گوتـی بـاوکمی کوشـتوە! بەهـەر حـاڵ لـەو دادگایـەدا مەحکووم کرام. پـاش چـەند رۆژ حوکمـی ئیعدامم هاتو گوتیان وەرە ئیمـزای بکـە! لـە حوکمەکـەمدا بـەردباران نووسـرابوو. ئیعترازم کرد بەلام پاشان لـە ژیـر فشـاردا



**شامراد سەفەری**

پییـان ئیمـزا کـردم. چـەند رۆژ دواتـر بـۆ ئیعـدام بردمیانـە حەوشـەی زینـدان لـە کاتیكدا کـە مـەرگم لـە چـەند قـەدەمیی خۆمدا دەدی توانیم هەڵ بیمو پاشـان خـۆم بگەیەنمـە ریـزی تیکۆشـەرانی حیزبـەوە. ئەوەتەی لیرەشم چەند جار هاتوون بۆ تیرۆر کردنم.

### هاورێ محەممەد ناسری

هاورێ محەممەد ناسـری کـە لـە نیـوان سالەکانی ١٣٦٤ تا ریبـەندانی ١٣٦٧ لـە زیندانـەکانی ئیویـن، کرماشـانو سـەقزدا زیندانی بووە بەمشیوەیە باس لە کوشتاری زیندانییانی سیاسی دەکا:

٢٥ی گـەلاویژی ١٣٦٧ لـە گـەڵ هاوریيانی حـیزبی لـە زیندانـی سـەقز بـە نـهینی رۆژی ٢٥ی گـەلاویژمان کردبـۆوە جیژن. شـەوی دواتـر ئیعدامـەکان دەسـتی پـێکرد. رۆژی ٢٦ی گـەلاویژ کـە بـۆ هـەواخۆری چووبووینـە حەوشـەی زینـدان پییان راگەیاندم کە شەوی رابردوو ٨ کـەس لە هاوریيانمان ئیعدام کراون. هەر ئەو شەوە هاوریيان مستەفا خزریو عەلیی مەلـەکی لە ریزی ئیعدام کراوەکاندا بوون. ماشـینی کوشتار دیسـان کەوتـە رێو شـەوی ٢٧ی گـەلاویژیش هاوریيـان عـەلیی کیتـابیو مەحموود کیتابیو سەعید سالحی ئیعـدام کران. شەوی ٢٨ی گەلاویژ ئیعدام راگـیراو بـەلام شـەوی ٢٩ی گـەلاویژ لیسـتەی سـیهەمی ئیعدامی‌یـەکان هـات کـە لـە نیویـاندا هاوریيـان مەنسـوورو زاهیـد حوسین نژاد دەبینران. ئەم رەوتـە دریـژەی کیشاو هەر شـەویك چـەند کـەس ئیعـدام دەکـرانو دیمـەنی زینـدان وەك قوربانیگـا وابوو.

### هاورێ تاهیر قادری

هـاورێ تاهـیر قـادری لـە نیـوان سالەکانی ١٣٦٢ تا ١٣٧٢ لە زیندانەکانی ئیوین، کرماشانو کەرەجدا بووە. سەبارەت بەو کارەساتە دژی ئینسانی‌یە گوتی:

ئـەو کاتـە ئیمـەیان لـە زیندانـی کرماشانەوە بەرەو زیندانی کەرەج برد. کـە گەیشتینە ئەوێ ملاقاتیو هـەوا خۆرییـان لێقەدەغـە کردیـن. پاشـان زانیمـان کـە دەسـتە دەسـتە زیندانییـان کۆدەکەنـەوەو کوشتاری بە کۆمـەلی زیندانییـان دەسـتی پێکردبوو. ئیمە کەوتینە لی پرسینەوە. لە مـاوەی کـەمتر لـە مـانگیكدا زۆربـەی زیندانی‌یەکان ئیعـدام کـران کـە زیـاتر لـە ١٥٠ کەس دەبوون. بنەمالـەی زیندانییـان هاتبوونە بەر دەرگای زیندان بەلام وەلامیان نەدەدانەوە.



**محەممەد خوسرەوی**

### هاورێ جەماڵ کەنکاش

هاورێ جەماڵ کەنکاش سـالی ١٣٦٤ دەگیرێو تا بەهاری ١٣٧٨ بۆ مـاوەی پـتر لە ١٣ ساڵ لە زیندانی ورمـێ رادەگـیرێو ئاوا راستی‌یەکانمان بۆ باس دەکا:

سالی ٦٧ زیندانی ورمـێ ١٦ بـەندی جۆراوجۆری لی‌بوو کە ٧ بەندی تایبەت بـە زیندانییانی سیاسی بوو. تا ئەو کـات دوو ساڵو نیو بوو لە زینداندا بوومو لە بـەندی ١٥دا بووم کە تایبەت بـوو بـە ئـەندامانی حیزبی دیمۆکراتو زیاتر لە ٤٥٠ کەسی لی بوو. لـە نیوەراسـتەکانی دووهـەم مـانگی ٦٧دا فشاری زۆر خرایە سـەر زیندانییـان. لـە مـاوەی یـەك رۆژدا تەلـەفزیۆنی بەندەکانیان وەرگرتەوە. رۆژنامـە قەدەغـە کـراو مەرەخسـیو چاوپیکەوتنـەکان هەڵوەشـاوە راگـەیاندران. بـە تـەواوی هەستمان بە بوونـی مەترسـی‌یەك دەکـرد. زۆر لە زیندانی‌یەکان بێسەروشوین دەکرانو کـەس ئاگـای لییـان نـەبوو. تـا کۆتـایی مـانگی خـەرمانان بەسـەدان کـەس بێسەروشـوین بـوون کـە پاشـان زانیمـان هـەموویان ئیعـدام کـراون کـە بـە دەیـان تیکۆشەری حیزب لە نیو ئیعدام کراوەکاندا بوون.

### هاورێ محەممەد خوسرەوی

هاورێ محەممەد خوسرەوی سالی ١٣٦٥ دەگیرێو بۆ مـاوەی ٧ سـاڵ لـە زینـداندا رادەگیرێ. ئەم هاورێیە بەمشیوەیە باس لە رووداوەکانی ئەو کاتی زیندان دەکا:

لـە خـەرمانانی ٦٧ لـە زیندانـی ئیتلاعاتی سنەدا بووم. سـەبارەت بـە کوشتاری خەرمانانی ٦٧ دەبـێ بلیم کە بەیانی‌یەك دەنگی رادیۆ قەتع کرا. پاشان هـەواخۆری، حـەمام رۆیشـتنو بردنی نەخۆش بۆ لای دوکتـۆرو . . . راگیرا. کەشوهەوایەکی تـا بلیـی بـە سام سـەرتاپای زیندانـی داگـرتو لیـدانو ئەشـکەنجە دەسـتی پـێکرد. دادگایی کردنەکان بێرەحمانە کەوتنـە گـەر. لـە دادگایی‌یـەکاندا زیندانـی حـەقی قسـە کردنـی نـەبوو. نـەت دەتوانـی دیفـاع لـە خـۆت بکـەیو وەکیلیشت نەبوو. حاکم شـەرع تـەنیا دەیپرسـی نـاوو شـۆرەتت چی‌یـەو خەلکی کویـیو سـەربە کـام حـیزبی سیاسـیتو تـەواوی وەلامـەکانیش دەبوایە کورت بوایەن. لـە ماوەیـەکی کـورتدا کۆمـەلیك لـە هاوریيانمـان ئیعدام کران.

١٤ سالی رەبەق بەسەر کوشتاری بـە کۆمـەلی زیندانیـانی سیاسـی رادەبـرێ. لـە مـاوەی ١٤ سـالی رابردوودا پەردە لەسەر زۆر لایەنی ئەم جینایەتانـە هەڵدراوەتـەوەو زۆر لایەنیشـی هـەر وا بـە شـاراوەیی ماوەتەوە. لە پشتی ئەم جینایەتەدا چ کەسانیك وەستا بـوون؟ بەریوەبـەرانی ئەم جینایەتە کێ بـوون؟ پـاش چـەند سـاڵ بەریوەبـەرانی ئـەم جینایەتـە سامناکە بەو شیوەیە راگەیاندران:

"خومـەینی، هـاشمیی رەفسـەنجانی (سـەرۆکی ئـەوکاتی مـەجلیس)، عـەلیی خامەنـەیی ( سەرکۆماری ئەو کات) موسـەویی ئـەردەبیلی (بەرپرسـی شـوورای بەرزیی قەزایی)، ئەحمەد خومەینی (کـوری خومـەینی)، محەممـەد رەی شـەهری (وەزیـری ئیتلاعـاتی ئـەوکات)، عـەلیی مشـکینی (بەرپرسی مەجلیسی خوبرەگـان)، نـەیری (بەرپرسـی دادگاکـانی زیندانی ئیوین)، ئەشراقی (جیگری دادسـتانی لـە زیندانـی ئیویـن)، مستەفا پـور محەمـەدی (نوینـەری وەزارەتی ئیتلاعـات) مورتـەزەوی (بەرپرسی زیندانی ئیوین)".

---


**چەند خۆشە مردنیك**

**بۆخۆت داخوازی بی**

**یادیك لە چۆنیەتی شەهید کرانی**

**هاورێ سەعید سالحی**

**محەممەد ناسری**



شەوی ٢٧ی گەلاویژی ١٣٦٧

زیندانی دوخانیاتی سەقز

دیوەزمـەی مـەرگ بـالی بەسـەر زیندانـەکاندا کیشـابوو. پـۆل پـۆل لـە نیشـتمانپەروەران ئیعـدام دەکـرانو جوخەکانی ئیعدام لـە زیندانـی دوخانیـات دامـەزرابوون. شـەوی ٢٧ی گـەلاویژی ١٣٦٧ی هـەتاوی کـاتژمیر ١١ی شـەو دەرگـای بـەند کرایـەوە. پاسداریکی دژی گەلی هاتـە ژوورەوەو نـاوی چـەند کەسـی مەحکووم بـە ئیعدامـی خوینـدەوە. کـاك سەعید ناسراو بە سەعید شۆیی هەسـتایە سـەرپێو جیگـاو بانەکـەی کۆکـردەوە. پاسدارە گوتی:

ـ بۆ خۆت ساز دەکەی؟

٠ منیش دیم

ـ دانیشە ئیستا ئەوانیش دینەوە

٠ دەزانم دینەوە! بەلام منیش دیم

پاسـدار بـە توورەیی‌یـەوە چـەند کەسیکی لەگەل خـۆیدا بـۆ ئیعـدام بـردو پـاش ماوەیـەك گەرایـەوەو نـاوی هـاورێ سەعید سالحی خوێندەوە. کـاك سـەعیدی نازە لاو چووە پیشێو پاسدار گوتی: ئەتۆی سەعید سالحی؟ سەعید گوتی: بەلی منـم مەگەر چیمە؟

ئەمن لیی چوومە پیشەوەو دەستم لـە ملی کردو گـوتم: سـەعید. . . حـەلالمان بکە. . . لە کاتیكدا بوغزو گریان ئـەوکی گرتبـوومو قسـەم بـۆ نـەدەهات، هـاورێ سەعید لە ئامیزی گـرتمو گوتـی: بـۆ مـن مـەگری بـا نـەیاران فرمیسـکی تـۆو و ترسانی ئیمە نەبینن. تـۆو سـەدان کەسـی وەك تۆ دریژەدەری ریگامان بن.

هاورێ سەعید رووی لـە هاورێکـانی کـردو گوتـی: براکـانم مـن دەرۆم بـۆ زەمـاوەندی خـۆم. گـەردنم ئـازاد بکـەن. ئینجا رۆیشتو ئیمە ماینـەوەو بەسـترانی دەرگا.

چـەند رۆژیـك لـە ئیعدامـی هـاورێ سـەعید رابـرد. یـەکیك لـە سـەربازەکانی نیگابانی زیندان کە بە چـاوی خـۆی ورەی بـەرزی هـاورێ سـەعیدی دیبـوو، هـاتو گوتی: بەراستی مەترسیو ئازایەتی تـەنیا بـە سـەعید دەکـەوێ. لیـم پرسـی چـۆن؟ گوتی:

کاتێ سەعید دەبەنە شوینی ئیعـدامو چاوی بە پەتی سیدارەو پیاوکوژان دەکەوێ بـە دەنگـی بـەرز دروشـمی شۆرشـگیرانە دەلیتەوە. پاسـدارەکان زۆر پیـی نیگـەران دەبـن، دەیانـەوێ پیشـی پـێبگرن. بـەلام لەلایەن حاکم شەرعی ئیسلامەوە کـە بـەو نیوەشـەوە بـۆ کوشـتنی کـورد هـاتبوو دەگوترێ: لیی گەرین ئازادە، هەرچی پیـی خۆشە بابیلی!

سەربازەکە دریـژە دەداو دەلـی: پـاش ئـەوەی سـەعید دروشـمەکانی گوتـەوە. بێئەوەی بهیلی دەستو چاوی ببەستن، بـە پیی خۆی دەچیتە پـای داری ئیعـدامو بـە دەسـتی خـۆی حەلقـەی تـەنافی ئیعـدام دەگرێو هاوار دەکا ئەی داگیرکەران! ئـەوە من تاجە گولینەی زەماوەندی خۆم لە مـل خـۆم کـرد. سـلاو لـە ئـازادی! سـلاو لـە پیشمەرگە! سلاو لە کوردستان!

# "شبکە"ی ئوستانی چی لـێ شین بووە؟

هەژیر

لە جیهانی ئـەمرۆدا ڕاگەیەنـە گشـتی‌یەکان بـە ڕادەیـەك پەلیان هاویشتوە،کە بە ڕاشکاوی دەتوانین بلیین هەموو کـەلین‌و قوژبنەکانی ئەم گۆی زەوی‌یەی گرتۆتەوە، بـە جۆریـك کـە ئـەو ڕاگەیەنەرانە بەتایبەتی ئامرازەکانی دەنگ‌و ڕەنگ لە بە گونـد کردنی جیهاندا ڕۆلیکی بەرچاویان لـە ئەسـتۆیە. هـەموو ئـەو گەلانـەی کـە دەسـەلاتی ولاتەکـەیان بـە دەسـت خۆیانەوەیـە‌و هەروەها لە ولاتانی دیمۆکراتیك بـە پیـی بەرنامـە‌و تواناکـانی خۆیان لەو ڕاگەیەنەرانە بۆ ئالوگوری هەوالوگەیاندنی زانیـاری، فەرهەنگ سازی، بەرز کردنەوەی پلـەی وشـیاریی خـەلك، فـیر کـردن‌و هـەروەها پرکردنـەوە کـاتی بیکـاری‌و . . . کـەلك وەردەگـرن‌و تی‌دەکۆشـن تـا لـە ڕیگـای ئینتـیرنیت‌و کانالـە فەزایی‌یەکان هونەر، کارامەیی، توانایی‌و بەرهەمەکانی خۆیـان لە بوارەکانی دەنگ‌و ڕەنگەوە بخەنە بەر دیـدەی بینـەرانیان لـە هەموو دنیاداو بەستینی پیویسـت بـۆ تـەبلیغ‌و بلاوکردنـەوەی فەرهـەنگ، نواندنـی دەسـتکەوتەکانی فەرهـەنگی‌و ئـابووری، ڕاکیشانی تووریسم‌و ڕوون کردنەوەی ڕای گشتی ئامادە بکەن.

لەو نیوەدا گەلی کورد لەگـەل ئـەوەی‌دا کـە ڕیگـەی پـێ نەدراوە ناوچەکەی خـۆی بەریوەبـەری‌و دەسـەلاتدارانی تینـووی دەسەلات بە دایم داخـوازە دیموکراتیـك‌و ئینسـانی‌یەکانی ئـەم گەلەیان داوەتە بەر پەلامارو هەولیان داوە ئـەو خۆزگەیـەی لـە گەروودا بخنکینن، لەگەل ئـەوەش‌دا ئـەو گەلـە توانیویـەتی لـە چەند سالی ڕابردوودا، بـەو ئیمکاناتـە کەمـەی خـۆی چـەندین شەبەکەی تەلەویزیۆنی فەزایی بکاتەوەو تەنانەت لە کوردستانی عیراقدا دەیان شەبەکەی تەلـەویزیۆنی نیوخـۆی دامـەزراندون. کورد لەو کانالانەرا بە دنیای نیشان داوە کـە لـە هەلومـەرج و بەستینی لەباردا فەرهەنگی دەولەمـەندی کوردسـتان دەتوانـی ولامدەری پیداویستی کانالی زور لەوە زیاتریش بی. بەلگەش بۆ ڕاستیی ئەم ئیددیعایە سەرکەوتنی ئەو کانالـە تەلەویزیۆنانەیـە کە توانیویانە سەرنجی بینـەریکی زۆر لـە کوردسـتان‌و ولاتـانی دیکەی جیهان بۆ لای خۆیان ڕاکیشن.

ڕوو وەرگـیرانی خـەلکی کوردسـتانی ئـیران لـە کانالـە تەلەویزیۆنـەکانی حکوومـەتی ئیسـلامی‌و ڕووکردنـە تەلەویزیۆنـەکانی فـەزایی کـوردی‌و خـاریجی- لـە ڕیگـای سـەتەلایت‌و یـان نـەوارە ویدیۆیی‌یەکانـەوە- دەسـەلاتدارانی ملهۆریان وا لی کرد تا بە وەرێ خستنی کانالی مـاهوارەیی بـە نیوی "سەحەر" بۆشایی‌یەکە پر کەنەوە. با ئەوەش بلیین لە ژیـر سیبەری حکوومەتی ئیسلامی لـە کۆتایی‌یـەکانی دەیـەی ٦٠، چەند بەرنامەی حەوتوانە بە زمانی کوردی‌و ڕۆژانی هەینی بلاو دەبۆوە، پاشان بـە بلاوبوونـەوەی بەرنامـەکانی نـاوەندی سـنە، بلاوبوونەوەی بەرنامەکانی کانالە سەرانسەری‌یەکان تـام‌و بۆنـی خۆیان لە دەستدا.

بەرنامەکانی کانالی مـاهوارەیی "سـەحەر"یش کە بـۆ بەربەرەکانێ لەگەل کانالە ماهوارەیی کوردی‌یەکان وەرێخـراوە. هەموو ڕۆژێ بۆ ماوەی چـەند سـەعات بەرنامـەی کـوردی بـۆ کوردەکانی دەرەوەی ولات بلاو دەکاتەوەو لە بلاو بوونەوەی ئەو بەرنامانە بۆ نیـو خـۆی ولات بـەرگری دەکـری. بـە پیـی ئـەو زانیارییانەی بە دەستەوەن ئەو شەبەکەیە تا ئیسـتا نـەی‌توانیوە جیگای خـۆی لـە نیـو کوردەکـانی دەرەوەی ولاتدا بکاتـەوە. چۆنکە زۆربەی کوردی پارچـەکانی دیکـەی کوردسـتان بـەهۆی ناسیاوی‌یەکی تەواو کە لە سەر حکوومـەتی ئیسـلامی هەیانـە گوێ نادەنە بەرنامە تەلەویزیۆنی‌یەکانی ڕیژیمی ئـیران‌و ئـەوانی دیکـەش چـاو لـە کانالـە هەمـە جۆرەکـانی دیکـە دەکـەن‌و بەرنامەکانی تەلەویزیۆنی فەزایی ئیران بە هیند ناگرن.

حکوومەتی ئیسـلامی بـۆ قـەرەبوو کردنـەوەی ڕابـردووو ڕاکیشانی سەرنجی خەلکی ئوسـتانی کوردسـتان کانـالیکی بـە نـاوی "شـبکە"ی ئوسـتانی لــە ٢٧ی سـەرماوەزی ١٣٨٠ی هەتاوی‌دا پاش ٧ مانگ دواکەوتن وەك سیزدەهەمین شـەبەکەی ئوستانیی ولات کردەوە. بەرنامەکانی ڕۆژانەی ئەو شەبەکەیە بۆ ماوەی ٥ سەعات، بۆ ئوستانی کوردستان‌و ناوچە کوردی‌یـەکان ئازەربایجانی ڕۆژئاواش بلاو دەبیتەوە. ئەگـەر لـە ڕووداوەکـانی کردنەوەی ئەو شەبەکەیە کـە لـە کیشـەی نیوخۆیـی بالـەکانی حکوومەت لە کوردستاندا، سەرچاوە دەگـرێ، چـاو بنووقینـین، ناوەرۆکی شاراوەی بـلاو کردنـەوەی بەرنامـەکانی تەلـەویزیۆنی کوردی ئەویش لە لایەن حکوومەتی ئیسلامیی ئیرانەوە جیگای لـێ ورد بوونەوەیە. هەر بەو هۆیە پاش تیپەر بوونی ٨ مـانگ لە دەست بە کار بوونی ئەو شـەبەکەیە هینانـە گـۆری هینـدی مەسەلە و تیبینی پیویستە.

١ـ هەر چەند بە پیی یاسـا پـر لـە بـێ عەدالەتی‌یـەکانی ڕیژیم، کەس‌و تاقمە غـەیرە دەولەتی‌یـەکان نـاتوانن شـەبەکەی تایبەتی ڕادیۆ تەلەویزیۆن دابمەزرینن، بـەلام بـە سـەرنجدان بـەو مەسـەلەیە کـە کوردەکـان بـە حەشـیمەتیکی ١٠ میلیـۆن کەسی‌یەوە، یەکیك لە گەلانی ئیرانن و تەنیا لە تاراندا نزیك بە یەك میلیۆن کورد دەژین، کە وایە بلاو بوونەوەی بەرنامەی سەراسەری بـە زمانی کوردی ئەویش بە پیی ویست‌و داخوازی خەلك مـافیکی ڕەواو بـی ئەم لاو ئەو لایە.

٢ـ هەروەك ئاماژەی پـێ‌کرا بەرنامـەکانی شـەبەکەی نـاوبراو تـەنیا بەشیك لە ئوستانی کوردستان‌و ناوچە کوردی‌یەکانی ئازەربایجـانی ڕۆژئـاوا دەگرنەوەو ئیستاش شارەکانی بانـەو مـەریوان لـە ئوسـتانی کوردسـتان‌و شاری سەردەشت‌و دەورو بەر، هەلکەوتوو لە ئوستانی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا لە خیرو بەرەکەتی ئەو شەبەکەیە بێ‌بەش ماونەوە!

هـەروەك دەزانـین کوردەکـانی ئـیران لـە ئوسـتانەکانی کرماشـان، کوردستان، ئیـلام‌و ئازەربایجـانی ڕۆژئـاوادا نیشـتەجین. بـەو پـێ‌یـە بـلاو بوونـەوەی بەرنامـەکانی شـەبەکەی ئوسـتانی کـە نیـوی "شـەبەکەی کوردی"یان لە سەر داناوەو تەنیا ئوستانی کوردستان‌و بەشـیك لـە شـارو ناوچـە کوردەکـانی ئازەربایجـانی ڕۆژئـاوا دەگریتـەوە، جیگـەی سـەرنج‌و لی‌وردبوونەوەیە. چونکە ڕیژیم بەو فیل‌و تەلەکەکان دەیهـەوێ بـە جیـهان ڕابگەیەنێ کە تەنیا بەشـی سـوننی نشـین ڕ ۆژئـاوای ولات کـوردن‌و یـان دەیهەوێ وا بنوینێ کە کوردەکانی ئوستانی کرماشان‌و ئیـلام حـەزیان لـە بەرنامە کوردی‌یەکانی "شەبەکەی کورد" نیە، لە حـالیك‌دا گۆڕانکاری‌یـە فەرهەنگی‌یەکانی ئەم دەیەیەو حەزو خولیای خەلك بەرامبەر بە فیر بوونی زمانی زکماکی خۆیان پیچەوانەی ئەو بۆچوونانەی سەلماندوە.

٣ـ بـە سـەرنجدان بـە دارشـت‌و نیوەرۆکـی ئیدئولۆژیکیـی ڕیژیمـی ئیسـلامی نـاکرێ چـاوەڕوانی لــەوە زیاتریـان لی‌بکـری، بـەلام بـە چاوخشاندنیکی خیرا بۆ سەر بەرنامەکانی ئەو شەبەکەیە دەردەکـەوێ کـە مەبەست لە دانانی ئەو کانالەش تەنیا پرکردنەوەی وەخت‌و کاتی بەرنامـە کوردی‌یەکان‌و تەبلیغاتی سیاسی لە نیو کوردەکانی دەرەوەی ولاتدایە. بـە سەرنجدان بەو مەسەلەیە کە بەرنامەکانی تەلەویزیۆنی سەرانسەری- جگـە لە شەبەکەی ٤ کە ڕۆژانـە چـەند سـەعاتیك بـە زمـانی غـەیرە فارسـی بەرنامەکانی بلاو دەکاتەوە - بە زمانی فارسی بلاو دەبنەوە، بـەو پـێ‌یـە شەبەکەی ئوستانی دەبێ زۆرترین کاتی خۆی بۆ بـلاو کردنـەوەی بەرنامـە کوردی‌یـەکان تـەرخان بکـا، لـە حـالیك‌دا ٥٠٪ی بەرنامـەکانی پینـج سەعاتەی ئەو شەبەکەیە بە زمانی فارسی بلاو دەبنـەوەو لـە بەرامبـەردا ڕیژەی بەرنامەکانی فارسیی شەبەکەکانی دیکەی ئوستانی زۆر کەمترە. لە بلاو کردنەوەی بەرنامە کوردی‌یەکانیش‌دا ئەوەی قەت وەبـەر چـاو ناگـیرێ نیوەرۆك‌و چونیەتی بەرنامەکان‌و نامۆ بوونیـان لەگـەل فەرهـەنگی خـەلك دایە، بە شیوەیەك کە هەر ئـەو ٢/٥ سـەعاتەش کـە بـە زمـانی کـوردی بەرنامەکان بلاو دەبنـەوە بەرنامـەی بێ‌کـەلك‌و بـێ نیـوەرۆك نـەبێ چـی دیکەیان لی بەدی ناکرێ. ڕۆژانە لانی کەم سـەعاتیك لـە بەرنامـەکان بـە بلاو کردنەوەی وینەو دیمەنی جۆراوجۆر لـە ئـەوەل‌و ئـاخری بەرنامـەکان‌و هەروەها هەوال‌و بەرنامە گەلیکی دیکەی لە پیش‌دا داریـژراوو سـواو پـر دەبیتەوە کـە ئـەو جـۆرە بەرنامانـە بینـەریان زۆر کەمـە. بەرنامـەکانی دیکـەش چـەند پاتـە کردنـەوەی بەرنامـەکانی پیشـوون‌و گۆڕانکـاری‌و تازەگەری‌و بەرەوپیش چوونیان وەبەرچاو نایە.

ئیستا کە ٨ مانگ لـە وەری کـەوتنی ئـەو شـەبەکەیە تی‌دەپەرێ، هەلسـورینەرانی ئـەو شـەبەکەیە بـە پیـی سیاسـەتە شاراوەکانیان هیـچ هەنگاویکیان بۆ هەلبژاردن‌و بلاوکردنـەوەی لەهجـەو زاراوەکـانی دیکـەی کوردی هەلنەهیناوەتەوەو لەو ڕیگایەوە دەیان هەوێ زەبر لـەو هەنگاوانـە بوەشینن کە لەم چەند دەیەی دوایی‌دا بـۆ ئیسـتاندارد کـردن‌و یەکدەسـت کردنی زمانی کوردی هەل گیروان. چونکە جاری وایە وشە گەلیکی نـامۆی وا دەکار دەکەن‌و یان بە تیکەل کردنی شیوەزاری موکریـانی، ئـەردەلانی، بابانی‌و . . . لەگەل فارسی شەلەم شۆرباویکی هیندە سەیر سـاز دەکـەن کە سەرلە زمان ناسان‌و لیکۆلەرەوانیش دەشـیونن. تەنانـەت بەشـیك لـە بەریوەبەرەکانی بەشی کوردی ئەو بەرنامانەش بە تەواوی شارەزای زمـانی کوردی نین‌و جارو بارەش هەر ئەو بەریوەبەرو ویژەرانـە وەك هونەرپیشـەی کومیدی خۆ نیشان دەدەن‌و لە بەرنامـەکانی دیکـەش دا دەردەکـەون. بـە ڕوالەت شیوەو ئامادەکردنی ئەو بەرنامانە بەو مەبەستەیە کە دەیانهـەوێ بە خەلکی بلین کە زمانی کوردی تاقەتی بەسـەر بابەتـە زانستی‌یەکان‌دا ناشکێ‌و توانایەکی ئـەوتۆی نیـە. لـە لایـەکی دیکەشـەوە بوونـی دەیـان نەفەری غەیری کـورد کـە هیـچ ئاشـناتی‌یەکیان لەگـەل فەرهـەنگی ئـەو ناوچەیەدا نیە، وەك هەلسووڕینەرانی ئەسلی شەبەکەی ئوستانی گرفتیکـی دیکەو جیدی ئەو ناوەندەیـە. بەڕوالـەت ڕیبـەرانی ڕیژیـم پـاش ٢٣ سـال دەسەلاتی ڕەشی خۆیان هیشتا بە چاوی ئەمنیـەتی دەڕواننـە کوردسـتان‌و ناوەندو ئورگانەکانی دەسکردی خۆیان‌و هەروەك پیشوو لە سەر ئەو بـاوەڕە سوورن کـە هـیزی کارامـە‌و لـیزانی خۆجیـی بـۆ بەریوەبـەری ئورگـان‌و ناوەندەکانی ڕیژیم بە کار نەهینن، بەداخەوە دەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕیژیم مۆرکـی سیاسـی‌و ئەمنیـەتی لـە هـەر چەشـنە ڕەخنـەو نارەزایـەتی دەربرینیکی خەلکی کوردستان دەدەن‌و هەر چەند یەکیك لە ئـارەزووە لـە میژینەکانی خەلکی کوردستان بلاو بوونـەوەی بەرنامـەی تەلـەویزیۆن بـە زمانی کوردی‌یە، بەلام لە ڕاستی‌دا بـلاو بوونـەوەی بەرنامـە گـەلیك کـە ئاماژەیان پێ کـرا بێ‌حورمەتی‌یـەکی ئاشـکرایە بـە زمـان‌و فەرهـەنگ‌و کەسایەتی بینەران کـە لـە سـەرەتای سـەدەی بیسـت‌و یەکەمـەوە ویـرای هەزاران کانالی ماهوارەی جۆراوجۆرو چەند کانالی ڕیك‌و پیکـی کـوردی، کاتی خۆیان بە چاولیکردنی بەرنامە گەلیکی لەو چەشنە بە فیرۆ بدەن.

# ڕێژیمی تیرۆریستی کۆماری ئیسلامیو هەڵگرانی هزری توورابوورایی لە یەك قوماشن

فەرهاد

کارەساتی ١١ی سیپتامبر لە ئامریکاو قوربانیبوونی هەزاران کەسـی بیتـاوان بـوو بـە سـەرەتای سـەرهەلدانی گۆڕانکاری‌یـەکی نـوێ لـە سەرتاسـەری جیـهان‌و بەتایبەت لە ڕۆژهەلاتی نیوەڕاستداو تارادەیـەك ڕیزی ولاتـانی تیرۆریسـت‌و دژی تیرۆری لیك جیاکردەوە.

کاربەدەسـتانی دەولـەتی ئامریکـا هـەر پـاش ڕوودانـی کارەسـاتی ١١ی سیپتامبر، خیرا ئوسـامە بـن لادن، ڕیبـەری ڕیکخـراوی ئـەلقاعیدەی جیگـیر لـە ئەفغانستان وەك داریژەری ئەو پلانە تیرۆریسـتی‌یە نـاوبردو داوایـان لـە ڕیبـەرانی گرووپی تالیبانی حاکم بەسەر ئەفغانستاندا کرد کە ڕیبەری ئەلقاعیدە تەسـلیم بـە ئامریکا بکەن. بەلام کاربەدەستانی تالیبان کە لە ماوەی دەسەلاتی ڕەشی خۆیـاندا بە کردەوە دژایەتیی خۆیان لە هەموو نیشانەکانی شارستانی بە فتوای حەرامکردنی خویندنی کچان‌و کارکردنی ژنان لە دەرەوەی مال، گویگرتن بۆ مووسیقی‌و هەروەها بە شکاندنی تەلەڤیزیۆن، سووتاندنی کتیبخانـەی ناسرخوسـرەو لـە شـاری کـابول‌و تەقاندنەوەی پەیکەرەکانی بوودا لە شاری بامیان نیشان دابوو و بـەم چەشـنە هیـچ ڕیزیکیان بۆ بیروڕای خەلکی جیهان‌و کـۆڕو کۆمەلـە نیونەتەوەیی‌یـەکان دانـەدەنا، هیچ شوینەواریکیان لـە شارسـتانی‌و ئـاوەدانی نەهیشـتبوو. بۆیـە ئاشـکرایە لـە گرووپیکی وەك تالیبان چاوەڕوانیی ئەوە نەدەکرا کە بن‌لادن تەحویلی کاربەدەسـتانی ئامریکا بدا.

هەلویستی ڕیبەرانی تالیبان لە بەرامبەر داخوازیـی دەسـەلاتدارانی دەولـەتی ئامریکادا، بووە هۆی ئەوە کە سەرکۆماری ئامریکا لە یەکیك لە وتارەکانی خۆی‌دا بە کارهینانی ئەم ڕستەیە "یا لەگەل ئیمە دژی تیرۆر یا لە دژی ئیمە لەگەل تیرۆر" بە کردەوە ڕیگـای بـۆ پیکـهاتنی هاوپەیمانی‌یـەکی جیـهان بـۆ بەرەنگاربوونـەوەی تیرۆریزم خۆش کردو شەڕی دژ بە تیرۆرو تیرۆریزمی ڕاگەیاند. لە ماوەیەکی کـورت‌دا تـاقمی تالیبانیـان تیکـەوە پیچـاو ئـەندامانی ڕیکخـراوی ئـەلقاعیدەیان بـە ئەشکەوتەکانی توورابوورادا کرد.

ئەوەی لیرەدا جیگای باسە هەلویستی دووویانەی ڕیبەرانی ڕیژیمی تیرۆریستی ئاخوندی‌یە، خامینەیی ڕیبەری ڕیژیم سەرەتا دژایەتیی خۆی لەگەل هیرشی ئامریکا بۆ سەر تالیبان‌و ڕیکخراوی ئەلقاعیدە دەربری‌و هـەروەها گولبودیـن حیکمـەتیاری ڕیبەری حیزبی ئیسلامیی ئەفغانستانیش کە لە ژیر سیبەری کۆماری ئیسلامی لـە ئیراندا دەژیا بە ئاشکرا لایەنگری لە ئۆسامە بن لادن دەکرد.

دووڕوویی ڕیژیم کاتیك پتر ئاشکرا بوو کە سەرەرای ئەو دژایەتی‌یە توندەی کە لەگەل دابەزینی هیزەکـانی ئامریکـا لـە ئەفغانسـتاندا دەی‌کـرد. بـەلام لـە ڕووی ناچاری‌یەوەو بۆ ئەوەی کە سیمایەکی جوان لە خۆی بە دنیـای دەرەوە نیشـان بـداو نیوەرۆکـی تیرۆریسـتیی خـۆی بشـاریتەوە، ڕای‌گـەیاند کـە ئامادەیە یارمـەتیی پەنابەرانی ئەفغانی بداو ماوەیەکی پاش ئەوەش، کاتیك نـاوی خرایـە نیـو لیسـتی ولاتانی تەوەری شەڕو ئاژاوە "محور شرارت" ەوە دیسـان ناچـار بـوو بـە ڕوالـەت دەفتەرەکانی حیکمەتیار دابخاو چالاکی‌یەکانی لە ئیراندا ڕاگـرێ تـا بـەلکوو بـەم شیوەیە تۆزیـك لـە تـەوژمی جیـهانی بـۆ سـەر خـۆی کـەم بکاتـەوەو نیوەرۆکـی تیرۆریستیی خۆی بشـاریتەوە. لـە حـالیك‌دا لـە کـەس شـاراوە نیـە کـە تـیرۆریزم سیاسەتی ڕەسمیی ڕیژیمەو تیرۆر بە هۆکاری مانەوەی دەسەلاتی خۆی دەزانـێ. بۆیـە نیوەرۆکی تیرۆریستیی ڕیژیم هیچ کات ڕیگای ئەوە نادا کە پیوەندیی خـۆی لەگـەل ڕیکخراوە تیرۆریستی‌یەکاندا بپسینێ‌و دەست لە یارمەتی‌و پشتیوانیی ئـەوان هـەل بگرێ. جا کە وابوو لە کاتی لیك هەلبرانی ئەندامانی ئـەلقاعیدەدا ژمارەیـەك لـە ئەندامانی گرنگ‌و تەنانەت ڕیبەرانی ئەو ڕیکخراوەشی لە نیوخۆی ئیراندا پەنادا.

هەرچەند سەرانی ڕیژیم پییان وا بوو کە کـەس بـە هاوکـاریی نیـوان ئـەوان‌و ئوسامە بن لادنی نەزانیوەو ئاگاداری بوونی ئەندامانی ئەلقاعیدە لە ئـیراندا نیـە، بەلام ئەم هاوکاری‌یە لە قاو درا، گەرچی بـە ڕوالـەت حاشـای لـە بوونـی ئـەفرادی سەربەو ڕیکخراوە لە ئیراندا دەکرد، بەلام ئیددیعای ڕیژیـم درۆیـەکی ڕووت بـوو و کەس باوەری پیی نـەدەکردو لـە نـهینی‌دا هـەولی دەدا تـا جیگایـەکی دیکـە بـۆ ئەندامانی ئەلقاعیدە بدۆزیتەوە.

ئاشکرایە کە کۆماری ئیسـلامی هـەر لـە سـەرەتاوە فشـاری خسـتۆتە سـەر ئەزموونە تازەکەی کوردستانی عیراق‌و بە شیوەی جۆراوجۆر فشاری خسـتۆتە سـەر هیزەکانی کوردستان‌و بەتایبـەت دوو هـیزی سـەرەکیی کوردسـتانی عـیراق، واتـە یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان‌و پارتی دیموکراتـی کوردسـتانی عـیراق‌و هـەولی داوە کـە شکسـت بـەم ئەزموونـەی کوردسـتانی عـیراق بینـێ. بـۆ گەیشـتن بـەم مەبەستەی خۆشی زۆر ڕیگاو شیوەی جۆراوجۆری گرتۆتـە بـەر، ڕیژیـم سـەرەتا لـە تەبلیغاتی خۆی‌دا دەزگای حکوومەتی کوردستانی بە ئیسرائیلی ناو دەبرد کە دیارە هەلویستی ڕیژیم لە بەرامبەر ئیسرائیل‌دا چۆنە.

یەکیك لەو تاکتیکانەی ڕیژیم بۆ لاوازکردنی حکوومەتی هەریمی کوردسـتان، پشتیوانی‌کردن لە چەند حیزب‌و ڕیکخراویکی ناسراو لە هەموو سـنوورەکانی خـۆی لەگەل هەریمی کوردستاندا بووە کە بەشیك لە سیاسەتەکانی خۆی لە ڕیگـای ئـەم تاقم‌و ڕیکخراوانەوە جیبـەجێ کـردون. جـا بۆیـە ناوچـە سـنووری‌یەکانی هـەریمی کوردستان شوینیکی گونجاو بوون بۆ حەشاردانی ئـەندامانی ئـەلقاعیدەو هـەروەها گواستنەوەی هزری توورابوورایی ئەوان بۆ تیکدانی ئەمنییەت‌و ئاسایشـی خـەلك‌و شەرفرۆشتن بە حیزبـە سـەرەکی‌یەکانی کوردسـتان، ئـەم ئـەفرادە سـەرەتا بـەناوی "جندالاسلام"ەوە هەر وەك گرووپی تالیبان دەستیان بە هیرشی تیرۆریستی بۆ سـەر ڕیبەرانی حیزبە سەرەکی‌یەکانی کوردستان کرد، خانەقاکانی ناوچـەی هـەورامانیان داخست‌و کەوتنە ئازارو ئەزییەتی خەلکی ئەو ناوچەیـە، کارەسـاتی گونـدی خیلـی حەمەیان خولقاند. بەلام پاشـتر بـە نـاوی "انصارالاسـلام"ەوە دەرکـەوتن کـە لـە ڕاستی‌دا لە باری نیوەرۆك‌و بۆچوونەوە هیچ جیاوازی‌یەکیان لەگەل "جندالاسـلام"دا نەبوو. ئەم گرووپەش دوژمنایەتیی خۆی لەگەل هـەموو شـتیکی گـەلی کـورد لـە کوردسـتانی عـیراقدا نەشـاردەوە، سـەلماندی نـەك جیگایـەکی لـە نیـو خـەلکی کوردستاندا نیە بەلکوو دوژمنایەتی لەگەل گۆڕو مـەزاری کەسـایەتی‌یە پایەبەرزە ئایینی‌یەکانیش دەکا.

دوایین کردەوەی "انصارالاسلام" کە لە ڕیکـەوتی ٢٠٠٢/٧/١٥ی زایینـی‌دا ئـەنجامیان دا، هەلدانـەوەی گـۆڕی شـیخانی تەریقـەتی نەقشبەندی لە ناوچەی هەورامان‌و ڕاگواستنی پاشماوەی تەرمەکانیان بوو کە ئەم کردەوە دزیوە لەگەل سـەرجەم یاسـا ئاسمـانی‌و ئینسـانی‌یەکاندا ناتەبا بوو. مرۆڤ نازانێ چ ناویك لەسەر ئەو مەنتیق‌و عەقلییەتە دابنێ کە تەنانەت لەگـەل ئیسـك‌و پرووسـکی پیـاوانی ئـایینیش‌دا دوژمنـە. بیگومان عەقلییەتیکی ئاوا لە دنیای ئەمرۆدا جیگای نابیتەوەو لەگـەل بایەخە ئینسـانی‌یەکانی ئـەم سـەردەمەدا ناگونجـێ. دیـارە ڕەفتـاریکی ئاواش عەرزو ئاسمانی لەگەل ڕەفتـاری حـیزب‌و ڕیکخراویکـی سیاسـی‌و نیشتمانی‌دا جیاوازەو دیسان ئەوە دەسەلمینێ کە تەنیا فیتنـەو ئاژاوەیـە کە بەدەستی دوژمنان نراوەتەوە بۆ ئەوەی بە هیرش بۆ سەر مال، گیان‌و بیرو باوەری مەزهەبی‌و ئـایینیی خـەلك‌و نەهادینـەکردنی توندو تیـژی گەورەترین مەترسی بۆ سەر خەلکی کوردستانی عیراق دروسـت بکـەن‌و نەهیلن کە گەلی کورد لە کوردستانی عیراقدا بە ئاواتەکانی خۆی بگا.

لە کەس شاراوە نیە کە هیندیك لە شیخانی تەریقەتی نەقشـبەندی چ خزمەتیکی گەورەیان بە جوولانەوەی نەتەوایەتیی کورد کـردووەو چـۆن لـە نفـووزی مەعنـەوی‌و ئـایینیی خۆیـان بـۆ بـەهیزکردنی هەسـتی نیشتمانپەروەریی خەلکی کوردستان کەلکیان وەرگرتووەو لە پـاش لـەنیو چوونـی میرنشـینە کوردی‌یـەکان ڕیبەرایـەتیی بزووتنـەوە نەتەوایەتی‌یەکانیان بە دەستەوە گرتووەو چەندین کەسایەتیی مەزنی سـەر بەو تەریقەتە گیانی خۆیان لـە پینـاوی مافـە ڕەواکـانی گـەلی کـورددا بەخشیوە.

شـیخانی هـەورامانیش وەك بەشـیك لـە ڕیبـەرانی تەریقـەتی نەقشـبەندی، لـە بوارەکـانی ئـایینی، نەتـەوەیی، ئـەدەبی‌و تەنانـەت پزیشکی‌و باخەوانی‌دا خزمەتی میللەتی کوردیان کردووەو بە دامەزراندنی خویندنگـەی ئـایینی‌و دابینکردنـی خـۆراك‌و شـوینی حەوانـەوە بـۆ فەقیکانیان، بە سەدان زانـاو پیـاوی ئایینییـان پـێ گـەیاندون کـە لـە سەرتاسـەری کوردسـتاندا بلاوبوونەتـەوە، سـەرەرای خزمـەتی ئـایینی خزمەتیکی زۆریشیان بە شیعرو ئەدەبی کوردی کردووە. هەر لە بەر ئـەو نەخشە گرنگەی کە ئەم شیخانە لە ژیانی خەلکی کوردستاندا بوویانـە، مەرقەدو مەزارەکانیان بوونەتە ڕەمزیکی پیرۆزو هیمایەکی دیار.

بە بلاوبوونەوەی هەوالی دەرهینانی تەرمی شیخانی نەقشبەندی لە لایەن تـاقمی "انصارالاسـلام"ەوە سـەرجەم کۆمـەلانی خـەلك‌و لایەنـە سیاسـی‌یەکانی کوردسـتانی عـیراق‌و تەنانـەت خـەلکی کوردسـتانی ئیرانیش بە شیوەی جۆراوجۆر ئەم کردەوە نامرۆڤانەیان مەحکووم کـردو بە یەکدەنگ داوای گرتن‌و سزادانی ئەنجامدەرانی ئەو تاوانەیان کرد. لەم نیوەدا کۆماری ئیسلامی دیسان دووڕوویی خۆی نیشـان داو بـە نـاردنی هیندیك لە ئەندامانی بنەمالەی شیخانی نەقشـبەندی بـۆ کوردسـتانی عیراق بە ڕوالەت ئـەم کردەوەیـەی مـەحکووم کـردو هـاودەردیی خـۆی دەربـری. بـەلام کۆمـەلانی وشـیاری خـەلکی کوردسـتان بـاش ڕیژیمـی تیرۆریسـت‌و تیرۆریستپەروەری کۆمـاری ئیسـلامی دەناسـن‌و گـەلیك بەلگەی حاشا هەلنەگر لە بەردەسـت دان کـە کاربەدەسـتانی ڕیژیـم لـە بلیندترین ئاستدا دەستووری تیرۆرو لەنیوبردنی موخالیفانی ڕیژیمەکەیان دەدەن. چ بەلگەیەك لەوە ڕوونتر کە دادگای سەربەخۆی ئالمـان (ناسـراو بە میکونوس) پاش سێ سال‌و نیو کاری بەردەوام بـە ڕەسمـی ڕیبـەرانی کۆماری ئیسلامی وەك بریاردەری تیرۆری دوکتور سـادقی شـەرەفکەندی سکرتیری گشـتیی حـیزبی دیموکراتـی کوردسـتانی ئـیران‌و هاوڕییـانی ناساندو حوکمی دەسگیرکردنی نیونەتەوەیی بۆ دەرکردن.

چ بەلگەیەك لەوە ڕوونترو بەهیزتر کە خودی دەسـەلاتدارانی ڕیژیـم دانانیان بە تیرۆری ژمارەیەك لە جودابیران، ئـازادیخوازان‌و کەسایەتی‌یە سیاسی‌یەکان لە لایەن دەزگای ئیتلاعاتەوە لە نیوخۆی ولاتدا نـا. ئـەم نموونانەو بە دەیان نموونەی دیکـەش ئـەوە دەسـەلمینن کـە ڕیژیمیـك کـە بەردەوام لە هەولی ناردنە دەرەوەی تیرۆریزم‌دا بـووە، لـە تـاقمیکی وەك "انصارالاسلام" پشتیوانی نەکاو بۆ جیبەجێ‌کردنی مەبەستەکانی خـۆی کەلکیان لی وەرنەگرێ. چونکە هیچ گومانی تی‌دا نیە کـە ئەگـەر ئـەو تاقمە لە لایـەن ئیرانـەوە پشـتیوانییان لیـوە نـەکرێ، هـەرگیز توانـای ئەوەیان نیە کـە لـەو ناوچـە بەرتەسـکەدا خۆیـان ڕاگـرن، لـە هـەموو لایەکەوە ببنە هەڕەشەیەکی جیددی لە سەر خەلکی کوردسـتانی عـیراق بەگشتی‌و ناوچەی هەورامان بەتایبەتی.

ئیستا کە ئەو گومانە بەهیزە کە ئەو تاقمە تیرۆریستە لـە هـەموو لایەکەوە بە کۆماری ئیسلامی‌یەوە بەسـتراونەتەوەو بەشـیکن لـە تـۆڕی تیرۆریزمی جیهانی، کەوابوو شەر لەگەل ئەو گرووپە دەچیتە چوارچیوەی شەری جیهانیی دژی تیرۆریزم‌و بۆیـە ڕیکخـراوی نەتـەوە یـەکگرتوەکان بەپیی بریارەکانی خۆی لەم پیوەندی‌یەو هەروەها هاوپەیمانیی دژی تـیرۆر لەسەریانە، بیریك بۆ ئەو وەزعـە بکەنـەوەو هـەنگاویك بـۆ نەهیشـتنی مەترسـی‌یەکانیان لەسـەر خـەلکی کوردسـتان هـەل بیننـەوە. چونکـە بیگومان هەر چەشنە خەمساردی‌یەك بە مانـای دانـی نرخیکـی زیـاترو دروستبونی هەڕەشەیەکی گەورەترە بۆ سەر گیـان‌و مـال‌و بـیرو بـاوەری کۆمەلانی خەلکی کوردستانی عیراقەو بەمانای هیشتنەوەی مەترسی‌یە لەسەر سەرجەم مرۆڤایەتی. ئەمەش زەربەیەك لە ڕیزو حورمەتی ولاتانی لایەنگری مافی مرۆڤ‌و دیموکراسـی دەداو دەبیتـە هـۆی پەرەسـەندنی فەرهەنگی توندو تیژی‌و پیشیلکرانی بایەخە ئینسانی‌یەکان.

# هاتنی دەستەیەکی دیکە لە لاوانی بەهەستو نیشتمانپەروەر بۆ نیو ریزی پیشمەرگایەتی

رۆژی پینج شەممە ریکەوتی ٨١/٦/٧ دەستەیەکی دیکە لە لاوانی بەهەستو نیشتمانپەروەر پاش کۆتایی هاتنی دەورەکەیان (دەورەی ١٤٢ی سەرەتایی پیشمەرگە) بەریزی تیکۆشەرانی دیمۆکرات پەیوەست بوون.

بەم بۆنەیەوە ریورەسمیکی بەشکۆ بە بەشداریی هاوریی بەریز حەمەنەزیف قادری ئەندامی کومیتەی ناوەندیو بەرپرسی ناوەندی ١ی کوردستان، هەیئەتی نوینەرایەتیی کومیسیۆنی سیاسی ـ نیزامی، بەرپرسو کادرو پیشمەرگەکانی فیرگەو هەروەها کۆمەلیك لە تیکۆشەرانی حیزبیو بنەمالەکانی دەوروبەری دەفتەری سیاسی لە فیرگەی سیاسی ـ نیزامی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئیراندا بەریوە چوو.

ریورەسمەکە سەرەتا بە سروودی نەتەوایەتیی ئەی رەقیب دەستی پێکرد. پاشان هاوریی بەریز کاك حەمەنەزیف قادری بەم بۆنەیەوە چەند وتەیەکی پیشکەش کردو گوتی: ئەم ریورەسمەی فیرگە بە نیشانەی ریزگرتن لەو رۆلە شۆرشگیرانەیە کە بۆ پیشمەرگایەتی پیوەندییان بە حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئیرانەوە گرتوەو لە فیرگەی حیزبدا لە تەواوی بوارەکاندا بە شیوەی عیلمیو عەمەلی ئامووزشی سیاسیو نیزامی دراون بۆ ئەوەی بە لیهاتوویییەوە بتوانن لەگەڵ ریژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی بەربەرەکانێ بکەنو بۆ حیزبو گەلەکەیان شانازی تۆمار بکەنو ببنە نموونەش بۆ رۆلەکانی دیکەی کوردستان.

دواتر رووی قسەی لە بەشدارانی دەورە کردو گوتی: "دلنیام ئیوە لەم جیژنەدا هەست بە سەربەرزیو سەرکەوتن دەکەن، دەبینن ریبەرایەتیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئیران ئاوا لە هەوڵو تیکۆشانتان ریز دەگرێو بایەخ بە دەورەکەتان دەدا، ئەوە نیشانەی ریزگرتنو پیشوازی کردنی حیزبەکەمانە لە هاتنی رۆلەکانی کوردستان کە لە دەوری بەرنامەو سیاسەتە ئوسوولییەکانی حیزب کۆدەبنەوەو خزمەت بە ئامانجە پیرۆزەکانی گەلی کورد دەکەن، ئیوەی بەریزیش پیویستە ریز لەو باوەرو متمانەیە بگرن کە حیزبو گەلەکەتان پیی بەخشیون".

بەریزیان لە بەشیکی دیکەی قسەکانیدا ئاماژەیان بە وەزعییەتی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ٢٤ ساڵ دەسەڵاتدارەتیی خۆیداو سیاسەتی ئەو ریژیمە بەرامبەر بە گەلانی ئیران کردو گوتی: "ریژیمی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ٢٣ ساڵ دەسەڵاتی رەشیدا بۆ گەلانی ئیران بیجگە لە مالویرانیو رۆژرەشیو مەینەت هیچ شتیکی دیکەی نەبووە. گرانیو بیکاریو فەسادو گیرۆدە کردنی لاوان بە مەوادی موخەدیر دیاریی کۆماری ئیسلامی بۆ خەلك بووەگرتنو زیندانی کردنو ئازارو ئەشکەنجەی ئازادیخوازانو پیشیلکردنی ئەرزشە سیاسیو ئینسانییەکان لەگەڵ یارمەتی کردن بە دەستەو تاقمە تیرۆریستەکان بە مەبەستی دژایەتی کردن لەگەڵ رەوتی ئاشتی لە ناوچەکەداو دەستتیوەردانیان لە کاروباری ولاتاندا لە سیاسەتە هەمیشەییەکانی ئەو ریژیمەن".

پاشان راپۆرتی ئامووزشیی فیرگە لە لایەن یەکیك لە مامۆستایانی فیرگەوە خویندرایەوە. پاشان یەکیك لە هاورییانی بەشداری دەورە بە نوینەرایەتی لە لایەن سەرجەم بەشداربووانی دەورەوە پەیامی کۆتایی دەورەی پیشکەش کردو لە پەیامەکەیدا ویرای ئاوردانەوەیەك لە وەزعییەتی ئیرانو کوردستان، ئاماژەی بە پەرەگرتنی هەستی شۆرشگیری لە نیو لاوانی کوردستاندا کردو پاشان، سوپاسی بەرپرسو کادرو پیشمەرگەکانی فیرگەی کرد بۆ ئەوەی کە لە ئەرکی پیرۆزی پیگەیاندنی لاوانی کوردستاندا ماندوویی نەناسانە تێدەکۆشن.

لە بەشیکی دیکەی بەرنامەکەدا هاوریییان کاك محەممەد رەسووڵ حەسەن پوورو کاك قادر سولتانپەنا دوو کادری لەمیژینەی حیزبەکەمان خەلاتیان بە سەر ژمارەیەك لە بەشداربوواندا دابەش کرد.

نیوئاخنی بەرنامەکە ئاهەنگو شیعرو گۆرانی جۆراوجۆر بوون کە لە لایەن بەشدارانی دەورەو بە هاوکاریی کۆری هونەریی حیزب پیشکەش کران.

کۆتایی هینەری ریورەسمەکە کورتە شانۆیەکی کومیدی بوو لە ژیر ناوی "ئیرسو میراس" کە لەلایەن بەشدارانی دەورەی ١٤٢ەوە ئامادە کرابوو.

## روونکردنەوەیەك

دەبیرخانەی کومەلەی شورشگیری زەحمەتکیشانی کوردستانی ئیران (کۆمەلە)، روژی ٢ی ئووتی ٢٠٠٢ لە راگەیاندراویك دا بە ناوی "تکذیب اظهارات آقای خالد عزیزی"، یەکیك لە نوینەرانی حیزبی دیموکرات لە دەرەوی ولات، هیندی قسەی نادوستانەی کردووە. لەو پیوەندیی یەدا روونکردنەوەی ئەم خالانە بە پیویست دەزانین:

١ـ کاك خالیدی عەزیزی لە وتوویژ لە گەل دەنگی ئەمریکا کە لە روژی ٢٨ی ئووت دا بلاو بوتەوە بە چاك و بە خراپ باسی کومەلەی نەکردووە و شتیکی لە بارەی ئەو ریکخراوەوە نەگوتوە کە پیویست بی وەلام بدریتەوە.

٢ـ گلەیی دوستانی کومەلە لەوەیە کە نوینەری حیزب لە وتوویژ لە گەل دەنگی ئەمریکا دا لە وەلامی ئەو پرسیارەدا کە لە کوردستانی ئیرانەوە کام ریکخراو بەشداری سمیناری ستوکهولم بووە، ناوی کومەلەی نەهیناوە. لەو بارەیەوە بە جییە بگوتری کە لە لایەك ئەو هاوری یە نەی گوتوە تەنیا حیزبی دیموکرات بەشدار بووە و ناونەهینانی کومەلەش لە عورفی سیاسیدا بە تاوان ناژمیردری. زور جار ری کەوتوە کە وەختیك نوینەرانی چەند ریکخراوی سیاسی لە کونفرانسیکی نیونەتەوەییدا بەشدار بوون، هەر کام لەوان لە بلاوکراوەو وتوویژەکانیان دا باسی خوی کردووە و قەتیش نەبووە ئەوانی دیکە "تکذیب نامە"دەربکەن کە نەخیر ئیمەش بەشدار بووین.لە لایەکی دیکەش ناکری دوستانی کومەلە لە سەر سایتی "کوردستان میدیا" لە ئینتیرنیت نەیان دیتبی کە حیزبی ئیمە رووداوی دووکوبوونەوەکەی ستوکهولمی راست بەو جورە کە بوون بلاو کردوتەوە ولەو جییەی پیویست بووەباسی کومەلەش کراوە، کەوایە ناونەهینانی کومەلە لەو وتوویژە رادیویی یەدا ناتوانی نیازیکی خراپی لە پشتەوە بووبی

٣ـ هەرچەند لەروژانی کوبونەوەکانی ستوکهولم دا داخوازیکی تایبەتی بو چاو پیکەوتن لە نوینەرانی کومەلە نەکراوە، بەلام ئەو چەشنە دیدارانە لە پەراویزی کوبوونەوەکان دا شتیکی ئاسایین و نە بە شاکار دەژمیردرین و نە بە تاوان.

٤ـ لە کوتایی دا ئاواتمان ئەوەیە دوستانی کومەلە رووداویکی ئاوا بچووك و بیبایەخ نەکەنە بیانوو بو دەوریکی دیکە لە شەری تەبلیغاتی کە لە رابردوودا گەلی کورد زیانی زوری لی دیوە.

**دەفتەری نوینەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران**

**لە دەرەوی ولات**

**٢٠٠٢/٩/٢**

# ئازادی رادەربرین یان چەواشە کردنی راستییەکان!

برایم جیهانگیری

ماوەی چەند سالیکە هیندێ گۆڤارو بلاوکراوەی کوردی لە کوردستانی ئیران دەردەچن کە بۆ هەموو لایەك جیگای خۆشحالییە بەلام لە بەشیك لەو گۆڤارانەدا لە ژیر پەردەی ئازادی رادەربرین، هیندیك کەس بێ ئەوەی ئاور یك لە دواوەی خۆیان بدەنەوە یان راستییەکان لەبەرچاو بگرن بە جۆریك قەلەم دەگیرن کە وێ دەچێ بە مەبەستیکی تایبەتی چاو لە راستییەکان بپۆشن. رەنگبێ ئەو دۆستە بەریزانە ناحەقیشیان نەبێ، چونکە لە کۆمەلگای کوردستان دا کە دەرگای دیماگۆژیو فریو بەرووی زۆر کەسەوە ئاوالەیە، ئەو شەرناخیوییە بێ لەزەتیش نەبێ. بەلام کاتێ باس لە ئازادی رادەربرین دەکرێ دەبێ هەموو لایەك ئەوەیان لەبەرچاو بێ کە ئازادی زەمانیك مانا پەیدا دەکا کە هیزو بیری موخالیف هەقی دەربرینی بیروباوەری خۆی هەبێو هەرگیز سل لەوە نەکاتەوە کە دوای دەربرینی بیروباوەری خۆی چ مەترسییەکی دیتە رێ. ئازادی زەمانیك چەمکیکی پیرۆزەو باوەریکی گەورەیە کە لە باسو نووسینەکان دا حورمەتی لایەنی بەرامبەر رابگیرێ، هەرچەند ئەو لایەنە لە هەلومەرجیك دا بێ کە نەتوانێ لە جێ دا وەلامی پیویست بداتەوە!

هەرگیز ئازادی بەو مانایە نیە کە لایەنیك هەولی تواندنەوەی لایەنەکەی دیکە بدات. ئەگەر کەسانیکیش بەم جۆرە سەیری ئازادی دەکەن دەبێ بلیین کە بەداخەوە باشی لێحالی نەبوون، قەت ئازادی بەو مانایەش نیە کە هەرچی لایەنیك گوتی لایەنەکەی دیکە گوێرایەلی بێو تەنیا بەلیی بۆ بلێ.

ئازادی رادەربرین بەو مانایە نیە کە کەسانیك هەرچی بەسەر زاریان دا هاتو هەرچی لاپەرەی گۆڤارو رۆژنامەی پێ رەش بۆوە بینووسنو هیچ سل لەوە نەکەنەوە کە لەباری ویژدانیەوە ئەوەی دەیلین چەندە فری بەسەر راستییەوە هەیە؟ ئەم رەوتە هەرچەند لە سەرەتای دەرچوونی چەند رۆژنامەیەکی دووی جۆزەردانیەوە دەستی پێکردو لە گۆشەی لاپەرەیەکی رۆژنامەیەك داو لە ژیر نیوی "نگاه ملی" کەسانی وەك جەلایی پوور بە هجووم بردنە سەر رابردووی گەلی کورد هەولی ئەوەیان دا کە کوردو حیزبی دیموکرات لە بەرپابوونی شەردا بە تاوانبار بزانو دوای ئەویش چەند کەسیك بەناوی رووناکبیری کوردەوە لەو دەورەیان گیراو زۆریان خۆ ماندوو کرد تا بەلکوو لەم ریگەیەوە هەم بوغزو کینی خۆیان بەرامبەر بە حیزبو گەلی کورد بەتاڵ بکەنو هەم بتوانن لەم ریگەیەوە بە شیوەی ناراستەوخۆ خزمەتیکیان بە ریژیم کردبێو پاکانەیەکیان بۆ هینابیتەوە کە ئەوە حیزبو سیاسەتمەدارانی کورد بوون کە بوونە هۆی هەلگیرسانی شەری کوردستان، دەنا ریژیمی ئیسلامی قەت حازر نیەو نەبووە دلۆپیك خوین لە لووتی هیچ کەسیك بێ؟!

ئەوەی زیاتر جیگای داخەوە ئەوەیە کە لە هیندیك گۆڤارو بلاوکراوەی بەنیو ئەنستیتۆییو دانیشجووییدا کەسانیك وەك پیش قەرەولەکانی فەرهەنگیو بەرەی نوێو سەردەم دەستیان داوەتە قەلەمو خەریکن "تفی بەرەو با هەلداوین"و زۆر بێئینسافانە رابردووی گەلەکەیان لە پیوەندی لەگەڵ ریژیم دا هەلدەسەنگینن.

گۆڤاری کوردستان زمانحالی "ئەنستیتۆی کوردستان" لە ژمارە یەکی خۆی داو لە پیشەکی دەستەی نووسەرانی دا باس لە هەندێ خالی لاوازی بزووتنەوەی کوردستان دەکاتو بەم شیوەیە دەدوێ:

"٢ـ هیچ کات پەندو عیبرەتمان لە رابردوو وەرنەگرتوەو کەمتر حازر بە دانووسانو خۆ تەیار کردن بووین بە چەکی زانستو مەعریفەت، بەم جۆرەو بە هۆی ئەمەشەوە تا رادەیەکی زۆر ئیرادەی بەرگری تەئسیری هەر فکرو بۆچوونیکی ناحەزو زیانباریشمان لەسەر خۆمان لە دەست داوە."(١)

دەستەی نووسەرانی گۆڤاری "کوردستان" پیش ئەم نووسینە باس لەوە دەکا "لە خۆمان بپرسین کە خالە لاوازەکانی رابردوو و ئیستامان کامانەنو چۆن بتوانین ئەزموونیان لێوەرگرین؟ هەروەها بە پیی تیگەیشتن لە هەلومەرجی مۆدیرنو تیکنۆلۆژی ئەم سەردەمە، ئیمە ئەبێ چۆن بجولینەوەو چ شیوازیکی مەعقوولو پیشکەوتوو لەبەرچاو بگرین؟"(٢)

جیی داخە کە دامەزرینەرانو دەستەی نووسەرانی کوردستان لەوە بێ ئاگا بن کە ئیمە هەلومەرجی مۆدیرن ـ مان نیە، دەکرێ مرۆڤ بلێ کۆمەلگای مۆدیرن یان هەلومەرجی عەینی و زەینی بەلام هەلومەرجی مۆدیرن لە ئەدەبیاتی هیچ کەسو لایەنیك دا نەهاتووە، جگە لەمە بۆچی کورد هیچ کات پەندو عیبرەتی لە رابردوو وەرنەگرتوە؟ بۆ کورد کەمتر حازر بە دانووسان بووە؟ کورد نە تەنیا لە نیو خۆی دا تەنانەت لەگەڵ دوژمنانیشی دا بۆ دانووسانو وتوویژ پیش قەدەم بووەو لەو ریگەیەش دا سەرکردەی بەناوبانگی وەك دوکتور قاسملووی لە دەست داوە. ئەویش لە ولاتیکی پیشکەوتووی وەك ئوتریش داو راست لەسەر میزی وتوویژیش دا؟ دەی هەرکەس بوختانی بە گەلەکەی خۆی کردو پاکانەی بۆ ریژیمە دیکتاتۆرەکان کرد ئەوا بیری سەردەمی پێیەو مۆدیرنیزە بووە؟! ئەم شیوە رەخنە گرتنانە یانی هەلسەنگاندنو بەراورد کردنی رابردوو؟ وا دیتە بەرچاو کە مۆدیرنیزم دەعبایەکی بەستەزمان بێو "بە تەپکەو داوی" هەموو کەسەوە بێ.

با ئاوریکیش لە گۆڤاری خویندکاری ئاریان بدەینەوە کە لە ژمارە ٣ی خۆیدا چۆن باسی جوولانەوەی کورد دەکا.

"بەلام بەداخەوە هەر لە سەرەتای شۆرش دوژمنانی کۆماری ئیسلامی کە لە یەکگرتوویيو یەکدەنگی کۆمەلانی خەلکی ئیران دەترسان، لە کوردستان، تورکمەن سەحراو خوزستانو سیستان دەستیان بە تەبلیغات کردو توانیان کەسانیك رەگەڵ خۆیان بخەنو ئەو مەسەلەش بووە هۆی ئەوە کە ناوچە کوردنشینەکان هەتا ئەمرۆش بە تاوانی دژی شۆرش بچەوسینەوە، لە حالیك دا کەسانیك کە وەك دژی شۆرش لە کوردستان دا تیکۆشانیان هەبوو تەنیا گرووپیکی بچووکی چەکدار بوون کە هیمنی ئەو ناوچانەیان تیك دابوو و هەق وا نەبوو میللەتیك کە هەمیشە بە شانازییەوە خۆی بە ئیرانی زانیوە تا ئەمرۆش تاوانی شەرناخیوییەکانی ئەو تاقمە بداتەوە"(٣)

ئەوەش جۆریکی دیکەیە لە هەلسەنگاندنی رابردوو، جۆریکە لە رەخنەو ئازادی رادەربرین. ئەو تاقمە بچووکەی کاك "نیهاد ئیراندوست" باسیان دەکا تەنیا وەك ئەندامو پیشمەرگە زیاتر لە ٥٠٠٠ شەهیدی هەیەو زیاتر لە ٥٠٠٠٠کەسیش لە خەلکی بێدیفاعی کوردستان بوونە قوربانی سیاسەتی رەگەزپەرستانەی ئەو ریژیمەی نووسەر پاکانەی بۆ دەکا ئەوە بیجگە لەو هەزاران تیکۆشەرو ئازادیخوازانەیە کە لە نەتەوەکانی فارس، تورکمەن، بلووچ و ئازەری و عەرەب بە دەستی ریژیم گوللەبارانو یان تیرۆر کراون، بەراستی ستەمی لەوە گەورەتر دەرهەق بە قەلەمو ئازادیو رۆژنامەنووسی دەکرێ؟ ئەویش لە ژیر نیوی گۆڤاری خویندکاری "ئاریان"! ئایا لەو هەلومەرجە ناسكو ئەستەمەداو لەو قەیرانە سەرتابەخوارەی کە ریژیمی تێکەوتووە، قەلەمفرۆشی، ئەویش بە هەرزان فرۆشی کاریکی ناجایز نیە؟

هیچ دوور نەرۆین با نووسەری ئەم وتارە تەنیا ئاوریك لە رابردووی ئەم دواییانە بداتەوەو قولە چوارشەممۆو ١٠ی خاکەلیوەو ٢٢ی پووشپەرو ٢٥ی گەلاویژ وەبیر خۆی بینیتەوەو بچیتە ناو خەلك تا بزانێ بۆچوونەکانی چەندە لە راستی بەدوورنو چەند ناشیانە دەیهەوێ میژوو چەواشە بکا؟ کورد نە لە رابردوو و نە لە ئیستاداو لە داهاتووش دا هەرگیز خوازیاری شەرو خوینرشتن نەبووەو نابێ، ئەم وتەیەی دوکتور قاسملووی نەمر ئیستاش لە گویی ویشکەرۆترین دوژمنانی گەلی کورد دا دەزرینگیتەوە کە دەیگوت "کیشەی کورد ریگاچارەی نیزامیی نیە!" بەلام کاك نیهادی ئیراندوست دلنیا دەکەینەوە کە هەتا ریژیمە دیکتاتۆرەکان هەبنو گوێ بۆ ویستو داخوازییەکانی خەلك رانەگرن، ئەگەر حیزبی دیموکراتیش لە ئارادا نەبێ، حیزبی دیکە بۆ دیفاع لە مانو مەوجوودییەتی گەلی کورد پێدەنیتە مەیدان نەك تەسلیم! جگە لە هەمووی ئەوانە کاك نیهاد دەبوایە ریزی حەریمی دانیشگای رابگرتایەو حورمەتی قەلەمی پێشیل نەکردبایەو بەم جۆرە بە ناهەق رابردووی میللەتیکی ستەملیکراوی نەدابایە بەر تۆمەتو تاوان.

کاك نیهاد ناوی وتارەکە ناوە "مظلوم سرزمین من" دەتوانم بلیم لە تەواوی وتارەکەدا تەنیا ناوەکەی لە جیی خۆیەتیو بەراستی ولاتەکەمان مەزلوومە کە بە بیانووی دیفاع لێکردن هی وەك کاك نیهاد لە پشتەوەرا خەنجەری لێدەدن، هەرچەند دەریا بەو جۆگەلە قوراوییانە شلوێ نابێ.

لە ژمارە ١٧٤ی بلاوکراوەی سیروانیش دا باسیك بلاوکراوەتەوەو دەلێ ئیمەی کورد لەدنیای هاوچەرخ دا حیزب گەلیکمان تەجرەبە کردوە کە نەیان توانیوە گرفتەکانی ئیمە چارەسەر بکەنو جاروبارەش گرفتیکی دیکەیان لەسەر گرفتەکانی خەلك زیادکردووەو ئەویش هۆیەکەی ئەمەیە کە ئەم حیزبانە "وارداتی" بوونو ریشەیان لە ناو کۆمەلی کوردەواری دا نەبووەو هەر بۆیە نەیان توانیوە خەلکی رەگەڵ خۆیان بخەن"(٤)

نووسەری ئەم بابەتەش بێ ئەوەی بزانێ کە حیزب خۆی دیاردەیەکی مۆدیرنەو بمانهەوێو نەمانهەوێ وەرگیراو لە ولاتانی پیشکەوتوویە، ئەو ولاتانەی پیش ئیمە پییان ناوەتە شۆرشی سەنعەتی و زۆر دیاردەی نوێیان لەگەڵ خۆیان هیناوەتە مەیدان. باس لە وارداتی بوونی حیزب دەکاتو دەلێ ئەو بۆچوونانە بە گشتی بە نیوی رەخنەوە دەنووسرینو ئەگەر کەسیکیش لییان بپرسێ ئیوە چۆن حەق بە خۆتان دەدەن بەم شیوەیە رابردووی نەتەوەیەکی مەزلوومو حیزبو ریکخراوەکانی بدەنە بەر بوختانو تۆمەت لیدان دەست بەجێ باس لە ئازادی بیروباوەر دەکەن، لە حالیك دا بە دلنیاییەوە ئەو جۆرە نووسینانە ناچنە خانەی ئازادی بیروباوەرو زیاتر وەك تۆمەت خستنەپالو بوختان پێکردن دەنرخیندرین.

با ئەو دۆستانە لە خۆیان بپرسن کە ئەوەی ئەوان وەك تۆمەتو قسەی ناشیرین بە حیزبی دیموکراتو خەلکی کوردستانی دەلین ئایا دوژمنانی گەلی کوردو یەك لەوان ریژیمی ئیسلامییش ریگایان بە خۆیان داوە شتی وا نادروست و دوور لە راستی بەو حیزبو بەو خەلکە بلین. ئەو راستییە لە چیژی دوژمنان دا ئەگەرچی تالە بەلام حاشاهەلنەگرە کە حیزبی دیموکرات حیزبیکی سەربەخۆیەو کەس لە بریاردانی دا بالادەست نیە، مەگەر بەرژەوەندی گەلی کوردستان، هەموو لایەکیش ئەمە باش دەزانن کە حیزبی دیموکرات حیزبیکی ریشەدارەو بنچیشی لە هەموو کوردستان دا بلاو بۆتەوە. ئەو جۆرە نووسینانە جگە لە چەواشەکردنی راستییەکان ناویکی دیکەیان بۆ دانانرێو مرۆڤی رۆژنامەنووسیش تەنانەت لە ژیر گوشاریش دا جگە لە راستییەکان شتیکی دیکە نادرکینێ. با چی دیکە بە نیوی رۆژنامەنووسیو ئازادی رادەربرین نەهیلین راستییەکان چەواشە بکرین.

سەرچاوە:
(١) کوردستان ژمارە ١، زمانحالی ئەنستیتۆی کوردستان لە تاران، پیشەکی دەستەی نووسەران. ل ١٠٨
(٢) هەمان سەرچاوە
(٣) آریان، مجلە‌و دانشجویی دانشگاه تبریز، شمارە ٣، ص ٣
(٤) سیروان ژمارە ١٧٤، ل ٢

KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan

No: 348 6 Sep 2002

بۆ خوێندنەوەی چاپەمەنیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران‌و وەرگرتنی زانیاری لەبارەی حیزب،
براونە ئەم ئادرەسانەی خوارەوە لەسەر ئینتێرنێت:

www.kurdistanmedia.com
e- mail:
kurdistanmedia@yahoo.com

http://www.pdk-iran.org
e- mail:
pdkiran@club-internet.fr

# کۆنفرانسی جیهانیی "پەرەپێدانی بەردەوام" کۆتایی پێهات



کۆنفرانسی جیهانیی "پەرەپێدانی بەردەوام" کە ڕۆژی دووشەمە ٢٦ی ئووت (٤ی خەرمانان) بە وتاری "تابۆ ئەمبەکی" سەرکۆماری ئەفریقای جنووبی کاری خۆی لە شاری ژوهانسبۆرگ دەست پێکرد بوو، ڕۆژی چوارشەمە ٤ی سێپتامبر (١٣ی خەرمانان) کۆتایی بە کاری خۆی هێنا.

قەرار بوو کۆنفرانسی جیهانیی ژوهانسبۆرگ بیلانێك لە چۆنیەتی‌و ڕادەی بەڕێوە چوونی ئامانجە دیاریکراوەکانی کۆنفرانسی ساڵی ١٩٩٢ی ریودوژانیرۆ (برێزیل) بە دەستەوە بدا. لە کۆنفرانسی ریودوژانیرۆ بڕیار درابوو کە بە مەبەستی گەیشتن بە پەرەپێدانی بەردەوام ستانداردەکانی ژیان بۆ هەموو خەڵکی جیهان باشتر بکرێن‌و ببرێنە ئاستێکی بەرزترو، هەر لەوکاتەدا شوێنی ژیان (تۆپی زەوی) زیاتر لە پێشوو لە بەرامبەر زیان‌و مەترسی‌یەکاندا بپارێزرێ.


یەکێك لە گیروگرفت‌و لاوازی‌یەکانی کۆنفرانسی جیهانیی ژوهانسبۆرگ، بەربڵاویی تەوەرو مەسەلەو بابەتەکان بوو، بە جۆرێك کە هەر لە جێدا نەگونجا هیچ چەشنە باس‌و لێکۆڵینەوەو هەڵسەنگاندنێك لەبارەی هێندێك مەسەلەوە پێشکێش بکرێ. گیروگرفتی دیکە نەبوونی هاودەنگی‌و دژواریی ڕێککەوتن لەسەر بڕیارەکان بوو.

کوفی عەنان سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دانی بەوە دانا کە کۆنفرانس بە هەموو ئامانجەکانی خۆی نەگەیشتوە. بەڵام گوتی ژوهانسبۆرگ کۆتایی هەموو کارەکان نیە، سەرەتای ڕێگایە.

ڕێکخراوو گرووپەکانی لایەنگری سلامەتیی ژینگە، ڕۆژی کۆتایی هاتنی کۆنفرانس، بە دەرکردنی بەیاننامەیەك ڕایان گەیاند کە گەڵاڵەی کۆتایی کۆنفرانس سیستمێکی ماڵی‌و ئابووریی نێونەتەوەیی کە لەگەڵ ئامانجەکانی پەرەپێدانی بەردەوام ناتەبایە، بەهێز دەکاو کۆنفرانس لە ئامانجی پارێزگاری لە









ژینگەدا ناکام مایەوە.

لە لیستی ڕێککەوتنەکانی کۆنفرانسی جیهانیی ژوهانسبۆرگدا زۆر بابەت‌و مەسەلەی گرنگی دنیای‌ئەمڕۆ بەرچاو دەکەون کە هێندێك لەوان بریتین لە: بەربەرەکانی لەگەڵ هەژاری، ئاو، ئێنێرژی، جەووی زەوی، کەم کردنەوەی گازە گوڵخانەیی‌یەکان، خەرج کردن‌و بەرهەمهێنان، جۆراوجۆریی گیانلەبەران‌و ڕووەکەکان، ماددە شیمیایی‌یەکان، سوبسیدەکان، بەرپرسایەتیی شیرکەتە بازرگانی‌و ئابووری‌یەکان، یارمەتیی ماڵی بە وڵاتانی لە حاڵی پەرەگرتندا.

بەڵام بە قسەی هێندێك لە شارەزایان، زۆربەی ڕێککەوتنەکان لە ئامانجی دیاریکراوو بەرنامەیەکی ڕوونی زەمانی بۆ جێبەجێ کردنی ئەوان، بێبەشن.


سەرچاوەکان: سایتی ئینتێرنێتی "ایران امروز"، "شهروند"، هەواڵدەریی B.B.C

## لە فەرمایشەکانی ئاخوند حەسەنی، نوێنەری خامنەیی لە ورمێ


● "زیندانی ورمێ تەنیا بۆ ٦٠ کەس دروست کراوە، بەڵام ٤ هەزار نەفەر لەوێ ئاخنراون. من داوا دەکەم لە جیاتی زیندانی کردنی تاوانباران، ٧٤ شەڵڵاغیان لێ بدەن، ئەوان مەنێرنە زیندان، کۆماری ئیسلامی پووڵی نیە کەچی نانی دەدا بە زیندانیان."

● "ئێمە دەبێ بە ٧٥٠ گرەم ئاو دەستنوێژ هەڵ بگرین، ئەگەر بوو بە ٨٠٠ گرەم، دەستنوێژەکە دەشکێ. شوشتنی ماشێن بە ئاوی لوولەکێشی حەڵاڵ نیە. من دەیڵێم بەڵکوو خەجاڵەتی بکێشێ."

● "من گوتوومە ڕاستەکان عەقڵیان نیەو، چەپەکان دین. ئەوە قسەی منە. جگە لە من کەس قسەی وای نەکردوە. بە بڕوای خۆم عەقڵم لەخودا ویستوە (بۆ ئەوان)و بۆ ئەمانەش دینم لە خودا داوا کردوە. . ."







سنە

**ماڵی ئاسف وەزیری**

شوێنەواری مێژوویی سەردەمی قاجارەکان



## بە بارمتەگیرانی منداڵێکی شیرەخۆرە لە زەنجان لە جیاتی خەرجی نەخۆشخانە!

ژن‌و مێردێکی بیجاری دوای ٢٢ ساڵ بوون بە خاوەنی منداڵێك، کاتێك منداڵەکە لە نەخۆشخانە لە دایك بوو، بەڕێوەبەرانی نەخۆشخانە پێشەکی داوای سەد هەزار تمەنیان پوولّ لە باوکی کرد. بەڵام باوکی بێچارە ئەوەندە پووڵەی نەبوو بیدا، بۆیە منداڵەکەیان لە نەخۆشخانە هێشتەوە تا باوکی وەدوای پووڵەکە بکەوێ. لەو ماوەیەدا کە باوکی وەدوای پووڵەکە کەوتبوو، خەرجی مانەوەی منداڵ لە نەخۆشخانە هەروا دەچووە سەرو کاری دایك‌و باوکەکەی ئەوەندی دیکە وەزەحمەت کەوتبوو. ئەو منداڵە شیرەخۆرەیە یەك ساڵی تەواو لە نەخۆشخانە مایەوەو ئێستا کە ١٧ مانگەیە، لە ناوەندێکی ڕاگرتنی منداڵ کە هەر لە پەنای نەخۆشخانەکەیە، وەك بارمتەو گرەو ڕاگیراوە. مەسەلەکە ئێستا دەنگی داوەتەوەو بنەماڵەی منداڵەکە دادو هاواری خۆیان بە نامە بە گوێی کاربەدەستان هەڵێناوە تا لەو مەملەکەتە ئیسلامی‌یەدا، چارێکیان بۆ بدۆزنەوە.

سەرچاوە: ڕادیۆی ئازادی ـ ٨١/٦/٤ (وتووێژ لەگەڵ محمد محمدرضایی نوێنەری خەڵکی بیجار لە مەجلیس)

## مرواریی دەریای وشە

* نەفرەت ناتوانێ نەفەرەت لەنێو ببا، ئەوین دەتوانێ.

* خورافات، بوت پەرستی‌و ڕیاکاری [بەداخەوە] خەڵاتی گەورەیان پێدەردێ، بەڵام حەقیقەت ناچارە دەست پان کاتەوە

دوکتور مارتین لوترکینگ

* هیچ وتەیەکت نابێ لەبەر ئەوە قبووڵ بێ چونکە خاوەنەکەی قوتبێکە

رایش باخ

* ئەوانەی لە مێژووی ڕابردوو فێر نابن، ناچارن ئەو جۆرە مێژووە دووپات بکەنەوە

جۆرج سانتایانا

# بەر لە ماڵاوایی

## ئەو هاودڵانەی بە زۆر هاوزمانیان ناگۆڕمەوە

**ع. وریا**

وتارەکەی ژمارەی ڕابردووی "کوردستان" لەبارەی پێوەندیی برایانەی کوردو ئازەری‌و تێکۆشانی چەندین خەباتگێڕی ئازەری زمان لە ڕیزەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێراندا، کە هاوڕێی لە مێژینەی ئازەری زمانم کاك جەعفەر زەمانی نووسیبووی، چیرۆکێکی نووسەری ئێرانی "نەسیم خاکسار" بە ناوی "خوابگرد" ی وەبیر هێنامەوە کە دە، دوازدە ساڵ لەمەوبەر لە گۆڤاری "چشم انداز"دا خوێندبوومەوە.

نووسەری ئاوارەی ئێرانی، "نسیم خاکسار" داستانی ئاشنایەتیی خۆی لەگەڵ "خوزە" ناوێکی شیلیایی لە کانتینی قوتابخانەیەك لە شاری ئامێستردام کە لەوێ زمانی هولەندی فێری پەنابەران‌و موهاجیران دەکەن، دەگێڕێتەوە. ئەگەر "خاکسار" لەدەستی دیکتاتۆری عەباپۆش‌و عەمامە بەسەر ناچار بووە نەخلستانەکانی لێواری کاروون بەجێ بێڵێ و بارگەو بنەی چیرۆکنووسین لە تاراوگە، لە هولەند پان بکاتەوە، "خوزە"ش لە تەمەنی ٢٠ ساڵی‌دا دوکانی کتێبفرۆشی‌یەکەی لە "سانتیاگۆ" بە پەلەپروزە بەجێ هێشتوەو گیانی خۆی لە قەڵاچۆی مەئموورەکانی "پینووشە" دیکتاتۆری شەپقەی نیزامی بەسەرو ئونیفورمپۆش دەرباز کردوەو لەگەڵ هەڵگرتنی کۆڵێك خاترە لە سروودەکانی "ویکتۆر خارا" لە هەناوی خۆی‌دا، لەو وڵاتە گیرساوەتەوە.

ئەوەندە وشەیەی "خوزە"و "نەسیم" لە مامۆستای زمانی هولەندی فێری بوون، زۆر لەوە کەمترن کە بتوانن بە تێروتەسەلی یەکتری پێ بدوێنن، بەڵام ئەوەندە لێك تێگەیون کە هەردووکیان یەك دەردو یەك دوژمنیان هەیە، ئەویش دیکتاتۆری‌یە. هەربۆیە دەبن بە هاوڕێی گیانی بە گیانی. ئەو پێکانەی لەوەپێش بە تەنیا، کاتی تەنیایی‌یان پێدەکوشت‌و مۆتەکەی غوربەت‌و دووریی لە زێدو وڵاتیان لە خۆیان پێدەڕەواندەوە، لەمەودوا پێکەوەو بە سلامەتیی یەکتر هەڵی‌دەدەن. ئەوان نەك هەر هاوزمان نین، بەڵکوو لە زمانە هاوبەشەکەشیان تەنیا چەند وشەیەك دەزانن‌و بە یارمەتیی ئەو وشانەو بە زمانی ئیشارە، ڕازو نیاز لەگەڵ یەك دەکەن. بەو حاڵەش ڕێ دۆزینەوەو وەژوور کەوتن لە میوانخانەی دڵی یەکتر بۆ ئەوان هاسانە. هەر ئەو جوێنە هولەندی‌یەی فێری بوون‌و بە دوو قۆڵی بۆ دیکتاتۆرەکانی دەنێرن، نیشان دەدا هاوزمانی گرینگ نیە، هاودڵی گرینگە.

***

لەوەتا وەبیرم دێ، هەمیشە کۆمەڵێك هاوڕێی ئازەری زمانم لەڕیزی تێکۆشەرانی حیزبی دێمۆکراتدا دیون. ئەوان بێ ئەوەی هەست بە نامۆیی‌و غەریبی لەنێو هاوڕێ‌و هاوسەنگەرانی کوردیان‌و خەڵکی کوردستاندا بکەن، بەدڵسۆزی‌یەوە ئەرکی سەرشانی خۆیان بەجێ گەیاندوە. دیارە بڕواو متمانەی خوشك‌و برا ئازەری زمانەکان بە حیزبی دێمۆکرات، هەر لە پەیوەست بوونی ڕۆڵەکانیان بە حیزبی دێمۆکراتدا، دەرناکەوی. کەسێك لە دەشتی سندووس‌و هێندێك ناوچەی دیکەی کوردستان کە کوردو ئازەری پێکەوە دەژین، نەژیابێ‌و پێشمەرگایەتی‌و حیزبایەتیی لە واندا نەکردبێت، بە زەحمەت بڕوا دەکا کە دەرگای ماڵی زۆر لەو برا ئازەری زمانانە لە کاتی زۆر پڕ مەترسیی‌شدا بۆ کادرو پێشمەرگەکانی حیزب لەسەر پشت بووەو زۆر کارو ئەرکی گرینگی حیزبی بە یارمەتی ئەوانەوە ڕاپەریوە.

ئەو بڕواو متمانەیە بە حیزبی دێمۆکرات بۆ زۆر هۆ دەگەڕێتەوە. بۆ سەردەمی کۆماری کوردستان‌و هاوپەیمانیی کوردو ئازەربایجانی لە بەرامبەر ڕێژیمی پاشایەتی‌دا؛ بۆ سیاسەت‌و هەڵوێستە دروستەکانی حیزب لە ساڵانی یەکەمی دوای سەرکەوتنی شۆڕشدا کە سەرەڕای هەوڵی زۆری دەمڕاست‌و کاربەدەستە کۆنەپەرستەکانی ڕێژیم بۆ دنەدانی هەستی مەزهەبی‌و نەتەوەیی ئازەری‌یەکان لە دژی کوردەکان‌و خولقاندنی چەندین کارەساتی دڵتەزێنیش، کوردەکان بەگشتی‌و حیزبی دێمۆکرات بەتایبەتی، نەکەوتنە داوی ئەو پیلانە چەپەڵە؛ هەروەها بۆ سەدان ساڵ دراوسێیەتیی پڕ لە هاوبەشی‌و تێکەڵاوی لەخۆشی‌و ناخۆشیی یەکتردا. بەڵام هۆی لە هەموو ئەوانە گرنگتر، هاودەرد بوون‌و هاودڵیی ڕۆڵە ئاگاو تێگەیشتووەکانی ئەو دوو گەلەیە.

ئازەری‌و ئازەربایجانی‌یەکانی ئێران وەك کوردەکانی ئەم وڵاتە لەمافە نەتەوەیی‌یەکانیان بێبەشن‌و وەك هەموو هاونیشتمانانی ئێرانییش زۆر ئازادیی تاکەکەسی‌و کۆمەڵایەتی‌یان لێ زەوت کراوە. حیزبی دێمۆکرات‌و بزووتنەوەی میللی ـ دێمۆکراتیکی گەلی کوردیش لەنێو ئەوان‌و لە دراوسێیەتیی ئازەربایجاندا وێڕای داوا کردنی خوموختاری بۆ کوردستان، بۆ وەدیهاتنی مافی نەتەوەیی هەموو نەتەوە بندەستەکانی ئێران‌و بۆ جێگیر بوونی دێمۆکراسی لە ئێراندا خەبات دەکەن. کەوابوو شتێکی زۆر نائاسایی‌و ناسروشتی نیە ئەگەر تێکۆشەرانی ئازەری زمان لە ڕیزی حیزبی دێمۆکرات‌و لەنێو بزووتنەوەی کوردستاندا بۆ ئامانجە پیرۆزەکانی خۆیان‌و هاونیشتمانانیان خەبات بکەن‌و تەنانەت بە سەخاوەتەوە گیانیشیان ببەخشن.

ئێستا کە وشەی گیانبەخشینی ئەو هاوڕێیانەم بە قەڵەم داهات، سیمای کۆمەڵێك لە شەهیدانی ئازەری زمانی حیزبەکەم لەپێش چاوە: خوالێخۆشبوو عەلی عەجەم‌و شەهیدان: فەرزەندەی باقری، جەلیل مامایی، ئەحەد ئاغا، بەهرامی ئازادفەڕ (کە ٨ی خەرمانانی ئەمساڵ ٩ ساڵەی شەهید بوونی بوو)و فەرامەرزی کیشوەری، هێندێکیشیان بەداخەوە من هەر ناویانم بیستوون: ئیرەج بروجێردی، خودایارقوڵی‌زادە، فەرەیدوون میرزایی، فەرامەرز بەراتی‌و. . .

شتی سەیرو هەر لەو کاتەشدا تاڵ ئەوەیە: ژمارەیەك لەو تێکۆشەرە دێمۆکراتانە کە لە زمان‌و نەتەوەیەکی دیکە بوون‌و هاتبوون خزمەتی کوردو خەباتەکەی بکەن، بە گوللەی هاوزمانانی کوردمان لەم دیوو ئەودیوی کوردستان کە بەکرێگیراوی کۆماری ئیسلامی بوون، شەهید کراون!

*ڕووڕەشی‌و نەفرین بۆ ئەو جۆرە هاوزمانانەو*

*شانازی‌و هەزاران سڵاو بۆ ئەو هاوڕێ‌و هاوسەنگەرە غەیرە کورد بەڵام هاودڵانەمان*